
# لوورەی گورگ

**ڕۆمانی جاک لەندەن**
**وەرگێڕانی لە فارسیەوە: کەریم دەشتی**
**١٩٨٢**

* ناوی کتێب: لوورەی گورگ
* ناوی نووسەر : کەریم دەشتی - -1955 - هەولێر
* ژمارەی سپاردن: (          ) ساڵی (          ) هەولێر
* چاپی دووەم
* ئیمێل karimdashti59@yahoo.com
* ژمارەی مۆبایل 07504512785
* وێنە نووسەر : هێلکاری هونەرمەند محمد اسماعیل
* مافی چاپ و بڵاوکردنەوەو کۆپی و وەرگێڕانی یا دووبارە بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە، تەنها مەرجێ کەدەبێ رەچاو بکرێت ئەوەیە نابێ دەسکاری بکرێت، دەنا دەخرێتە ژێر باری یاساییەوە.


Mohammad Ismail
24-12-2015

The call of the wild
John Griffith London

# بەشی یەکەم

## بەرەو باکوور

باک رۆژنامەی نەدەخوێندەوە، ئەگەرنا بە ئا گا دەهات، لەو رەنجەی کە پێشتر دەیکێشا، رەنج و زەحمەتیەک کە نە بە تەنها بەشی ئەو بوو، بەڵکو هەموو سەگێک کە بە هێزو توانا بوایەو توکێکی گەرمو نەرمی هەبوا، ئەوا لە نیوە رێی پوگت ساوند ژینی دەبردە سەرو گرفتاری ئەو ماندوو بوونو سەختیە دەهات. ئەو بەلاو گرفتاریەش لەوەدا دەستی پێکردو سەری هەڵدا، کاتێ کە خەڵک لە تاریکی کەنارەکانی قوتبیدا وەکو چۆن مرۆڤە نابینا هەژارەکان، لە گەڕانو سوڕان دابوون و زێڕیان بە دەست دەهێنا، جگە لەمەش شتێکی دیکەش کە هۆی ئەو رەنجو زەحمەتیە بوو، ئەوە بوو کە کارگەکانی کەشتیرانی بارکردنو گواستنەوەش لەو دۆزینەوەو بە دەستهێنانەدا چەنگیان دادەگرتو ئەوانیش دەیانویست بەشداری ئەو سوودو بەهرەیە بکەن، بەمجۆرە هەزاران کەس بەرەو زەوییەکانی باکوور سەرەو ژێر بوونەوە. هەڵبەتە ئەوخەڵکەش پێویستیان بە سەگ هەبوو، سەگێک کە بە هێزو توانا بێتو باش کار بکات، سەگێک توکن بێ تا بتوانێ لە بەستەڵەکی قوتبیدا دەربەستو دڵنیا بێت. باک لەمیانی ئەو دۆلانەی کە بەری خۆریان دەگرت، لەماڵێکی گەورەدا بە ناوی سانتا کلارا ژینی دەبردە سەر، ناوی ئەو خانووەش گەڕەکی قازی میللەر بوو، کەوتبووە لاڕێی خیابانی سەرەکیەوە و نزیکەی لە نێو درەختەکانەوە شاردرابووەوە، لە نێوانی درەختە چڕو بڵندەکانا هەیوانێکی فێنکو فراوان لە دەوروبەرو هەر چوار لای ماڵەکەدا قەراری گرتبوو، دەبینرا، رێگایەک کە لە ماڵەکەوە کۆتایی دەهاتو بە چەو داپۆشرابوو، بە میانی چەمەنە بەر فراوانو پانو بەرینەکاندا تێدەپەڕیو لەژێر لقو پۆپی درختەکانی سنەوبەردا جێگیر بوو بوو، لە پشتەوەی خانووەکەدا دیمەنی خانووبەرەکە گەورەتر بە دیار دەکەوت، ئاخەبانێکی گەورەی تیا بوو کە زێتر لە دە خزمەتکارو پێش خزمەت لە گەرمەی کارێ دابوون. لە بەرامبەر خانولکەی کارگوزارەکاندا کە دیواریان بە لاولاو داپۆشرا بوو، کەپری مێو لەگەڵ چەند ژوورێکی بچووک لە هەمان کاتدا رێکوپێک، هەریەکەیان تایبەت بوون بە کارێک، گردۆلکەی سەر سەوزو خۆشو باخی مێوەو لقو پۆپی توتی فەرەنگی، هەموو ئەوانە لە دواوەی خانوەکەدا قەراریان گرتبوو، جگە لەمانەش ترومپایێ کە ئاوی لە بیرەوە هەڵدەکێشا گۆمیلکەیەکی کۆنکریتی (قازی میللەر) کە کوڕەکانی

هەموو ڕۆژێ خۆیان تێدا لە ئاوێ هەڵدەهێناو پاش نیوەڕۆ گەرمەکانیش مەلەیان تێدا دەکرد، ئەوانیش هەر لە پشتەوەی خانوەکەدا بوون. (باک) لەو ماڵەدا لە دایک بووبوو، لەو کۆشکو سەرایەدا فەرمانڕەوایی دەکرد، چوار ساڵی تەمەنی خۆی لێرەدا بەسەر بردبوو، ئەو ڕاستیەش هەبوو کە جگە لەو سەگی دیکەش لەو ماڵەدا هەبوون، شتێکی ئاساییە کە لەو شوێنە بەر فراوانەدا بە ناچاری دەبێ سەگی دیکەش هەبێت، بەڵام ئەو سەگانەی دی، لە چاو (باک)دا هیچ نەبوون، جیجکەو جۆرەیان بوو، لەو کۆڵیتانەدا دەخەوتن کە بۆ ئەوان ساز کرابوو، یاخود هەر وەک چۆن توتسی سەگی ژاپۆنی و ئایزەبێلی سەگی بێ تووکو مووی مەکزیکی لە گۆشەو کەناری خانووەکەدا وون دەبوونو نەدەیترانەوە، بەهەر حاڵ چەند داوەرێکی سەیرو سەمەرە بوون جار ناجارە سەریان لە کۆڵیتەکەدا هەڵدەگرتو پێیان دەنا ناو حەوشەی فراوانی خانووەکە، ئەو کاتە نزیکەی بیست سەگی تریش کە لە ڕێوی دەچوون لەوێدا گوێیان قوڵاغ دەکرد، لەوەی کە هەر جارێ (توتس)و ئایزەبێل، لە پشت پەنجەرەوە لەکەنار خزمەتچیە گەسک بەدەستەکانەوە دەبوون، ئەوانیش سەیریان دەکردن، هەروا لە لوورەو حەپینی ئەو بیست سەگەدا ئەو دوانەش لە چارەنووسی بەدی کارەکانیانەوە بە ئاگا دەهاتن. بەڵام (باک) ئەو سەگە نەبوو لە ماڵێدا بچێتە دەرەوە یاخود لە کۆڵیتێ بخەوێت وەکو کۆڵیتی سەگەکانی دی بێت، بەڵکو لە گۆڵو جۆمیلکەی بچووکدا دەپەڕیو مەلەی دەکرد، یاخود لەگەڵ کوڕانی (قازی میللەر)دا دەچووە ڕاووشکارێ، یا لەگەڵ پیاسەی ئێوارانو بەیانیانی (مولی – Mollie)و (ئالیس= Alice)ی کچانی قازیدا دەبوو، یاخود لەگەڵیانا ئاو دیوی چەمەکان دەبوو، ئاگاشی لەوە دەبوو کە مناڵان کاتێ بۆلای کانیەک کە لە حەوشەی تەویلەدا بوو یا بە غارەغار بۆلای توتی فەرەنگی یا بۆلای کێڵگەی وێنجەی پشت تەویڵە دەچوون، تا پێیان هەڵنەخلیسکێو نەکەونە چاڵاییێکەوە. (باک) لە میانی سەگەکانی ڕێوی ئاسا بە ئارامیو سەنگینەوە گوزەری دەکردو ڕادەبرد، هەرگیز بەلای توتسو ئایزەبێلەوە نەدەچوو، چونکە بەهەر حاڵێ بێ (باک) لە میانی تەواوی ئاژەڵەکانو لەوەرگاکانو باڵندەکاندا هەتا لە میانی ئادەمیەکانی گەڕەکی قازی میللەردا سوڵتانو فەرمانڕەوا بوو، باوکی (باک) (المو سنت برنارد- Elmost Bernard)ی زەبەللاح کە چەندان ساڵ لەتەک (قازی میللەر)دا دەژیا، (باک) لە پەیڕەو کردنی سونەت ڕەوشتی باوکیدا چی لەو کەمتر نەبوو، لە گەورەیی لاشەیدا هاوکێشەی باوکی نەبوو بەڵکو

کێشی (باک) له دەوری هەفتا کیلۆگرامیدا بوو، چونکه دایکی (باک) که نێوی (شپ) بوو سەگێکی نێو گەلەکۆی ئسکۆتلەندی بوو، بەو حاڵە هەفتا کیلۆ کێش شکۆو گرانو سەنگینیەکی تایبەتی دەدا بە (باک) کە ئەنجامی ژیانێکی ئاسوودەو پڕ له ڕێز گرتن بوو، هەمان نیشانەی ئەو وەزنو پلپلەیە ڕێکوپێکیەکی شاهانەی بەخشی بوو بە (باک)، لە میانی چوار ساڵان کە بەسەر له دایک بوونیدا تێدەپەڕی ئەویش هەر وەک پیاوماقووڵانی خێزان دەژیا، بە دروستی وەکو دەوڵەمەندە دێهاتیەکان کە جار ناجارە بەهۆی گەورەییو لە خۆبایی بوون غروری خۆیان تێک گیر دەکرد ئەویش لە خۆباییو خۆویست دەبوو، بەم جۆرە وەسفە هەر وەکو سەگەکانی دی زمان لووسیو چاپلۆسی ماڵی بوونی بە خۆیەوە نەگرتبوو، ئەو غرورو خۆویستیە شایستەی ئەو بوو، ڕاکردن بە دوای ڕاووشکارو شاد بوون و پیاسە کردنو گەڕانو سوڕان بووە هۆی ئەوەی کە بەزی کەم بێتەوەو جومگەکانی بەهێز بێت، بۆ ئەویش دروست وەکو ئەو سەگانەی کە لە نەژادی ناو ساردە سێر بوون، پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئاو ڕەخساندبوو وە سەلامەتی خۆشی دابین کردبوو، له پایزی ساڵی ١٨٩٧دا کە شۆڕشی (کلۆندیک) خەڵکی سەرانسەری جیهانی بۆ کەناری بەستووی باکوور ڕاکێشا، باکیش لەو جۆرە شۆڕشانەدا بووە، ڕۆژنامەی نەدەخوێندەوەو نەیدەزانی کە (مانوئێل)ی یاریدەدەری باخەوان دۆستێکی بەدو نارەحەتە، مانوئێل دۆستێکی گەوجانەی هەبووو شێتو دێوانەی (لاتارچین)ی بوو، لەو بوراەداو لە میانی یاریەکاندا دووبارە خاڵێکی ناتەواوی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە باوەڕی بە یەک ڕێگای یاری هەبوو، کە بە تێکڕا ئەو دوو ڕەوشتە بەدبەختی ئەویان دەستنیشان دەکرد، چونکە قوماربازیی پارەو پولی بەردەوامو زۆری دەوێت، بە شێوەیەک کە پارەی کرێی یارمەتیدەری باخەوانێک تەنها بەشی ورگ پڕ کردنی ژنو منداڵەکانی دەکردو بەس. شەوێک کاتێ کە مانوئێل دەستی بەو کارە خراپو پیسە کرد، دانیشتنێکو کۆبونەوەیەک کە دەربارەی شیکار کردنی بیروڕای جیاواز بوو، هەروەها کوڕەکانیشی سەرگەرمی یاری وەرزش بوون، هەر جۆرێک بێ کەسێک ئاگای لەوە نەبوو کە مانوئێلو باک چووبوونە ناو باخی مێوەکانەوە هەروا باک بیری کردەوە کە لەگەڵ مانوئێل دەچێتە گەردش، جگە لە پیاوێک کەسێکی تر ئاگای لەچوونی وان بۆ وێستگای ئالا بچووک نەبوو، (کە ناوی پارکی کۆلێژ) بوو ئەو پیاوەش مانوئێلی دیو پاشان لە میانیانا پارەو پول ڕەدەلو بەدەل کراو پیاوە نەناسیاوەکە بە دەنگێکی تووڕە گوتی:

– بەر لـەوەی کە ئـەوم دەیتێ، باشتر وایـە لە نێو شتێکا بەستەبەندی کەیت، مانوئێلیش کندرێکی ئەستووری هێناو بە ژێرەوەی گەردەنبەندی (بـــاک)ەوەی شــەتــەک داو پـێـچـایـە گــەردەنــی (بـــاک)ەوەو گـوتـی:
–باشە ئەو خەناوکەیە لە دەوری گەردنیەوە بئاڵێنە تا داکەوێ، ئینجا پیاوە نەناسیاوەکە مرەیەکی رازی بوونی لێوەهات. (باک) بە تەواوی غرورو بێدەنگیەوە بەرگەی پێچانەوەی کندرِی بە دەوری گەردەنیەوە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر قبوڵی کرد، چونکە دەبێت لەو کەسانە دڵنیا بیت کە دەیانناسیێ، ئەوەندەیان بە هۆشمەند بزانیت کە قبوڵی ئەوە بکات ئەقڵی ئەوان زۆرترە لە هی خۆی، بەرهەر حاڵ کاتێ کە سەری کندرەکە لە دەستی کابرا غەریبەکە قەراری گرت، (باک) مرەیەکی پڕ لە هێرشی سەردا بەم جۆرە نارەزایی خۆی لە کابرا غەریبەکە گەیاند، (باک) باوەرِی بەوە بوو ئەگەر لە رێگەی غرورەوە شتێک لە کەسانی ترەوە بگەیەنێت ئەوا بە مەبەستی ئەوەیە کەوا کار لە کار ترازاوە، بەڵام بە تەواوی سەرسامیەوە دەیبینی بەردەوام ئاڵقەی گوریسەکە بە دەوری گەردەنیەوە تەنگ تر دەبێتو هێدی هێدی رێی هەناسەی لێ دەگرێت، بۆیە بە تورِەییو قینەوە کە ئەنجامی ئەو کارە بوو پەرِیە لای پیاوە غەریبەکە، پیاوە غەریبەکەش بە دەستەپاچە دانەنیشتو بەلای (باک)دا هێرشی بردو پێچێکی توندی بە گوریسەکەداو گەرووی داگرتو (باک) بەسەر پشتیەوە کەوتە سەر زەوی.
(باک) لە حاڵێکا کە تورِە بوو بوو،و هەوڵو تەقەلای دەداو زمانی لە نێوان ددانەکانیدا هاتبووە دەرێو وێنەی پانو بەرینو کراوەی بەردەوام بەرزو نزم دەبۆوە، پیاوە غەریبەکەش ئەڵقەکەی هەر دادەگرتو تەنگتری دەکردەوە.
(باک) بە درێژایی چوار ساڵ تەمەنی هەرگیز رووبەرِووی ئەم جۆرە رەفتارە نامەردیو بێ شەرمانەیە نەبووبۆوە، قەتی ئەو هەموو تورِەییە لە خۆیدا بار نەکردبوو، سستیو خاوبوونەوە وردە وردە دەستی پێ شۆرِ دەکردو چاویشی تاری بوو، دروست لە کاتێکا کە سەرۆکی ئێستگەی شەمەندەفەر ئاڵا بچووکەکەی کە بە نیشانەی وەرِێ کەوتنی شەمەندەفەر، بوو دەرهێنا بوو ئەو دوو پیاوە ئەویان ئاخنیە نێو داشقەیەکی بارو ئیتر (باک) لە شتێکی تر نەدەگەیشت کاتێ کە هاتەوە هۆش بە شێوەیەکی نادیار وای هەست کرد، زمانی ژان دەکاتو شتێ هەیە کە ئەوی دەبردە لایەک، کاتێ کە زەنگی گوێ تەزینی (لکوموتیو) بەسەر یەکێ لە چوار ریانەکەدا بەرز بۆوە (باک) ئەو کاتە درکی بە شوێنەکەی خۆی کرد، لە پێشانیش چەند جارێ لەگەڵ قازیدا بەملاو بەولادا سەفەری کردبوو

ئیتر ئاشنای باری سوار بوونی (لکومیوتو)و داشقه بوو بوو، چاوەکانی کردنەوەو لەگەڵ تورەبوونێکی شایانەدا کە لە ئەنجامی رفاندنیا لە هەردوو چاویدا شەوقی دەدایەوە دەیروانیە نەناسیاوەکە، پیاوەکە هەڵبەزیەوەو تا گەرووی (باک) بگرێت، بەڵام (باک) چاپوکانە دەستی کابرا غەریبەکەی بە توندی گرتە نێوانی هەردوو شەویلاکیو ئەوەندەی داگرت تا ئیتر بەو جۆرە لە خورپەدا رزگاری بوو، کابرا غەریبەکە لە حاڵێکا دەستی دارزاوی خۆی لە مەئموری فارگۆنی باردا کە بۆ ئەوە هاتبوو تا لە هۆبەی سەروسەوداو کێشمەکێش تێ بگات – دەشاردەوەو گوتی: بەڵێ هار بووە هار، دەیبەینە سانفرانسیسکۆ بۆلای ئەربابەکان لەوێ دکتۆرێکی داوەری گەوجی لێیە کەوا دێتە خەیاڵ دەتوانێ دەردی ئەو سەگە چارەسەر بکات، بەڵام مەئمورەکە گوێی بەم قسەسە نەداو سەبارەت بە سەفەر کردنی ئەو شەوەو قومارخانەیەک کە لە هەواری بار لێ خستنی سانفرانسیسکۆ – لە یەک ژووری بچووکا بوو زۆر بەتام کەوتە قسە کردنو تاریفی لە خۆی دەکردو بە ئاوازێکی بێ نیازانە گوتی:
– من پەنجا دۆلارم زیاتر نەهاتە دەست ئەگەر دووبارەش بچمەوە دوای ئەو کارە ئەوە بە هەزار دۆلاری نەقدی رازی نابم.
– دەستی کابرا غەریبەکە لە دەستماڵێکی خوێنیندا پێچرابۆوە، لە لینگی شەلواری پێی راستەی لە چۆکەوە هەتا گۆزینگیەوە هەڵدرابوو.
خاوەنی قومارخانەگە گوتی:
–ئەو شەریکەت چەندی پارە هاتە دەستێ؟
کابرا غەریبەکە وەڵامی دایەوەو گوتی:
– سەد دۆلار بە خوای یەک (سەنت)یش کەم بێ وەری ناگرێت.
قومارخانەدار حیسابی کردو گوتی:
– باشە ئێستا سەدو پەنجا دۆلار دەبێ، کەواتە یا من دەیکرم یا ئەو سەگە زۆرتر نرخێ دەکا.
پیاوە غەریبەکە دەسماڵی خوێنینی دەستی کردەوەو سەیری دەستی هەڵزراوی خۆی کردو گوتی:
– خودا بکات توشی نەخۆشی هاری نەبم.
قومارخانەدار پێکەنیو گوتی:
– تۆ بۆ ئەو کارە دەبێ تا گەردەنت بە ئالقەیەکی دارا هەڵبواسرێی، وا باشە وەلی کەیت، ئێستاکە بەر لەوەی بارت بهێنیتە خوارەوە وەرە یارمەتیەکی من بدە (باک) کە گەروو زمانی زۆر بە توندی ژانی دەکردو

له حاڵەتێکی هەڵخورپانو نیوە گیانی دابوو بە گێژیو وڕیو لاوازیهەوڵیدا تا لەگەڵ پیاوکوژانی خۆی لابەلا بکات، بەڵام بەهەر بارێ بوو یەخەی لە یەخەی ئەواندا گیر بوو بوو، بە زەوی دادەنو گەروشی دادەگرن، سەرەنجام توانیان گەردەن بەندی برنجینی گەردنی بە مەورەدێ وردو خاش بکەنو هەڵی گرن، پاشانیش کندڕەکەشیان شل کردەوەو (باک) لە نێو قەفەسەکەدا لەگەڵ توڕەییو غرورو شکستەیی خۆی دەستەوئەژنۆو تەنها بوو نەیدەتوانی هەست بە مانای ئەو هەموو کارانە بکات، نەیدەزانی ئەو بێگانانە چییان لە گیانی ئەو دەوێت؟ تێندەگەیشت لەبەرچی ئەویان بەندی نێو ئەو تولە تەنگەو تاریکە کردووە، بەڵام هەستێکی تاڵوژاری لە نێو دڵی خۆیا بەند کردبوو، چەند جارێک – بە درێژایی شەو- دەرگای قەفەس کرایەوە، (باک) بە ئومێدی ئەوەی کەوا (قازی میللەر) یا کوڕانی ببینێت، لە جێوە تەکانی دەدا، بەڵام بەداخەوە دیمەنی گرانو سیمای بێز لێکراوەی قومارخانەدارەکە تیشکی رووناکیو لەرزۆکیشەمی بەرهەڵدەدا، هەروەها هەر جارێ کە یەک جۆرە سەدای شادی لە گەروی (باک)دا سەری هەڵدەداو لەناکاودا ئەو سەدایەی دەشکاندەوەو دەیکردە مڕەیەکی وەحشیانە، قومارخانەدار کارێکی بە (باک)ەوە نەبوو، سپێدە دەمان بوو چوار پیاو هاتن بڵندیان کرد، (باک) بە دیتنی ئەوانەوە دڵنیا بوو کە ئەو چوار پیاوە مەئموری ئەشکەنجەی تازەن، بەژنو باڵای هەر چوار پیاو بەد دیمەنو جلوبەرگیشیان کۆنینەو دڕاوو پارە پارە بوون، (باک) دەستی کرد بە حەپینو چوار پیاوە جلو بەرگ دڕاوەکەش پێکەنینو بە نوکی خوترمەکەی دەستیان لە میان میلی قەفەسەکەوە نەقیزەیان لە (باک) دەدا، (باک)یش بە خێرایی نوکی داردەستەکەی لێ وەرگرتن، کاتێ بینی ئەوان گەیشتوونەتە مەبەستی خۆیان ، لەگەڵ توریس قەفەسی ڕاکێشاو نای بەلاوە تا ئەوان تولەکەیان هەڵگرنو داینێنە سەر داشقەیەکی ترەوە، پاشان ئەو بە هەمان شێوەی کە لە قەفەسا حەپس بوو سەفەرێکی تر دەستی پێکرد، لە حاڵێکا کە پسولە فرۆشانی هێلی شەمەندەفەر قەفەسیان لەو دەستەوە دەدا بەو دەستو داشقەیەکی تریان بار دەکرد، پەیتونێکی گەورەی ئەوی لەمیانی قەفەسو سندوقێکی تر بردە کەشتی، ئیتر جارێکی تر ئەویان لە کەشتیدا بردە سەر داشقەو سەرنجام لە گۆشەیەکی فارگۆنی شەمەندەفەرێکی خێرا بردیان، دوو شەوانو دوو رۆژان ئەو شەمەندەفەرە بەدوای – لکوموتیو- ی پڕ لە سەرو سەوداوە رادەکێشرا، لەم ماوەیەدا لەبەر کاریگەری ئازارێ کە لە ئەنجامی دەست پێکردنی سەفەرەوە تووشی

بوو بوو، (باک) نه خواردنێکی خواردو نه ئاوێکی خواردەوە، بازیو دەست گەمەی نارەحەتکەری ئیشکەرانی هێڵی شەمەندەفەری بە مڕەو حەپین وەڵام دەدایەوەو ئەوانیش بە ترساندن‌و توورە کردنی نیگەرانیان دەکرد، کاتێ کە (باک) لە تووڕەیی‌و نارەحەتیدا بەکەلەشێکی لەرزیوو دەمێکی تێکەڵ بە کەفەوە خۆی بە ئاسنی قەفەس دادەدا، ئەوانیش بە سەدایەکی بڵندەوە پێکەنین‌و بە نووکی داردەستەکانیانەوە لەشیان ئازار دەدا، دەمێک وەکو سەگانی کوچەو کۆڵانان دەحەپین‌و لوورە لووریان بوو، دەمێکیش مرخ‌و هۆڕی خەویان بوو، (باک) کاتێ هەستی کرد کە ئەوانە کارێکی گەوجانە بە ئەنجام دێنن، رووبەڕووی غرور دەبۆوە، ئاگری تووڕەیی‌و رقی هەڵدەچووو دادەگیرسا لە حاڵێکا کە دوور کەتبۆوە لە خواردن‌و بایەخێکی نەدەدا بە برسیەتی خۆی، لە تێنواندا هیلاک بوو بوو، لەبەر کاریگەریەتی هەمان هۆ تووڕەیی‌و رقی لێ بوو بە تایەکی توند، لە راستیدا دەبوایە سەری دانواندابا بۆ ئەو رەفتارە گەوجایەتی‌و وەحشیانەی کە لەگەڵ ئەویاندا دەکرد، رەنجێک کە لەو کارەیدا دەیکێشا وای لەو کرد کە تووشی تا بێتن گەرووی ووشک‌و زەرد هەڵ،گەڕابوو، هەروەها ئەوانەش هەمووی لە توندی ئەو تایەیان زێتر دەکرد.لە تەواوی ئەو حاڵەشدا بە شتێکا رازیمەند بوو ئەویش ئەوە بوو کە گەردەنبەندو کندریان لە ملی کردبۆوە کاتێ کە کتوپڕ بە دەوری گەردەنیەوە بوو، دوژمنانی زۆرتر دەیانتوانی ئازارو ئەزیەتی ئەو بدەن بەڵام ئێستاکە گەردەنبەندو کندڕ لە گەردەنیا کراوەتەوە، (باک) لە یەک کاتی لەبار وای بیر کردەوە کە وەڵامی ئازاردانەکانی ئەوان بداتەوەو، بێ پەرواش بوو لە هەوساری گەردەنی. نەخشەی خۆی کێشا بوو، لەو دوو رۆژو شەوەدا هەموو رق‌و ئازارەکانی لەخۆیدا بار کردبوون نە ئاوی خواردبۆوە نە خواردنێکی خواردبوو، ئەوەندە تووڕەیی‌و نەفرەتی لە خۆیا بار کردبوو، بە حاڵی ئەو کەسەی دەزانی کە ئەگەر یەکەمین جار بکەوێتە بەر چنگی، دوو چاوانی هەروەکو دوو کاسەی خوێن بوو، شێوەو دیمەنیشی هەر وەک دێوێکی تووڕە هەڵدەقرچاو خۆ ئەگەر قازیش بیدیبایە ئەوە نەیدەناسیەوە، سەرەنجام کاتێ ئەویان لە بەندەری (سیتل) لە وڵاتی واشنگتن دا بار دەکرد کارگوزارانی هێڵی شەمەندەفەر هەناسەیەکی حەسانەوەیان هەڵکێشا، چوار کەس لەنێو فارگۆندا بەرەو حەوشەی پشتماڵێ کە دیواری بەرزو بڵندی هەبوو قەفەسیان هەڵگرت. پیاوێک کە بەشان‌و شەوکەت بوو و کراسێکی سووری توکنی لەبەرا بووو یەخەشی ئاوەڵا بوو دەفتەری تێکڕای کەل‌وپەلەکانی

مۆر کرد. (باک) بیری کردەوە کە نەفەرێکی تر کە مەئموری ئازاردانی ئەوە، دەبێ هەمان پیاوی بەهێزو توانا بێت، بە هەمان نیشانە خۆی بە ئاسنی قەفەس دادەدا، ئەو پیاوە بزەیەکی گاڵتەجاڕی هاتێو هەڵوەستەیەکی کرد، ئینجا رۆیشتو خوترمەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنا، شوفێرەکە پرسی:
- ئێستاکە هیچ نەخشەیەکمان نییە، یا لەنێو قەفەسدا دەریبهێنین؟
پیاوە زەبەلاحەکە گوتی:
-بۆ؟
پاشان قەفەسەکەی بە خوترمەکەوە کوتاو سومبەیەکی دۆزیەوە کە بیشکێنی، ئەو چوار پیاوەکەی کە قەفەسەکەیان هەڵگرتبوو، هەریەکەی پەنای بردە بەر گۆشەیەکو لە بەرزایی درەختێکەوە کە بەسەرەوەی دیوارەکەوە بوو، خۆیان ئامادەی سەیر کردنی ئەو نواندنە کرد (باک) هێرشی بردە سەر تاکە خوترمە شکاوەکەو بە ددانەکانی رایدەکێشا، خوترمە بە هەر خاڵێکی قەفەسەکەوە هاتە خوارێ دەیپێکاو جگە لە مراندن چارەیەکی دیکەی نەدەبوو، لەگەڵ هەمان ئەو خێرایەی کە ئەو دوو پیاوە کۆششیان دەکرد تا (باک) لە قەفەس دەربهێنن، (باک) یش هەروا عەجولانە چاوەڕوانی دەرپەڕین بوو، لە کاتێکا کە دەرگای قەفەس بەقەد هاتنە دەرەوەی لەشی (باک) بۆوە پیاوەکە گوتی:
- وەرە دەرێ ببینم شەیتانی چاوسوور؟! بە دروستی لەهەمان ئەو ساتەداپیاوە زەبەللاحەکە خوترمەکەی لە زەویدا هەڵگرتەوەو بە توندی گرتیە چەنگی (باک) لە کاتێکا کە خۆی ئامادەی دەرپەڕین کردبوو، چاوە شەیتانیەکانی سوور هەڵگەڕابوون مووەکانی قیت ببوونەوە، دەمی پڕ لە کەف دەهاتە بەرچاو، (باک) بە کەلەشی هەفتا کیلۆییەوە کە لەبەر توڕەیی‌و برسیەتی رۆژو شەوانەیدا دەلەرزی یەکسەر هێرشی بۆ ئەو پیاوە برد کە لە نێوانی زەمین‌و ئاسماندا دروست لە کاتێ کە لە نزیکی ئەودا بوو، بە ددانەکانی لەشی کابرا بگرێت، لێدانێکی زۆر توند ئەوی پێکا بە شێوەیەک کە لەشی سست هەڵگەڕاو ددانەکانی خۆی لەبەر کاریگەریەتی ئەو ژانە بەسەر یەکا قفڵدا (باک) لەبەر دەردو ئازاریەوە غلۆر بۆوەو بەسەر تەنیشتیەوە کەوتە سەر زەوی، بە درێژایی تەمەنی خۆی تامی لێدانی خوترمەی نەکردبوو، ئێستاش هەر نەیزانی ئەوە چۆن لێدانێک بوو، بە لورەو ناڵەناڵ بەرز بۆوە، دووبارە بەرەو پیاوەکە هەڵبەزیەوەو جارێکی تریشی پێکەوت، کەوتە بان زەوی، ئەو کاتە هەستی بەوە کرد کە مامەلەی لەگەڵ خوترمە دایە، دەبێ زێتر ئاگای لەخۆی بێتن، بەڵام دوا پێکەوتنی کە زۆر زۆر توند بوو گێژی کرد، ئیتر (باک)

هێزی بڵند بوونەوەی نەماو غلۆری سەر زەوی بۆوە، لینگی خۆی بۆ هەر لایەک بکێشابایە خوێنی لە دەمو لووتو گەروویەوە سەرەو ژێر دەبۆوە، پێستی قەشەنگو تەنکی لەبەر کاریگەرییێتی ئاوی دەم تەپۆلکەو گلۆلەی خوێن چرکنو پیس بوو بوو، پیاوەکە پێیەک لێی چووە پێشەوە، بە حەوسەلەوە زەربەیەکی سەختی کوتایە بان لووتیو (باک) تەواوی ئەو دەردو وەڕسییەی کە لەبەر کاریگەرێتی ئەو هەموو کوتکو لێدانە تا ئێستا بە خۆیەوە بینی بووی‌و هەڵی گرتبوو، لە بەرانبەر لێدانی ئەمجارە هیچ نەبوو، بە هەراو هۆریایێ کە لە مرەمرِی شێر دەچوو هێرشی بردە سەر کابراکەو مەرگ خوترمەی لە دەستی راستییەوە پێ بردە دەستی چەپو بە دەستی راستیەوە شەویلاکی سەرەوەی (باک)ی لە هەوادا گرت بە توندی بۆ سەرەوەو خوارەوەی هەڵتەکانو سوڕاند، (باک) بە دەوری خۆیا سوڕایەوەو پاشان لەگەڵ سەریەوە بووە نەخشی سەر زەوی.
دوبارە بۆ دواجار هێرشی هێنا، پیاوەکە زەربەیەکی یەکجار توندی کە بۆ دواجارانی داگرتبوو خێواندە باکو بە توندییەوە سەرو دەستی چۆوە ناو یەکو کەوتە سەر زەوی‌و بە تەواوی لە هۆشی خۆی چوو، یەکێ لەوانەی کە بەسەر بەرزایی دیوارەوە سەرگەرمی تەماشا کردن بوو بوو، هاواری کرد:
– گەمژەل ئادەمی، هەمیشە دەستێکی باشی هەیە لە کوشتنی سەگ.
داشقەچیەکە پێی گوت:
(دورزەر) هەر رۆژێ یەکجار ئەسپە وەحشیەکان کەوی دەکاتو رۆژانی یەکشەمانیش دوو جاران. پاشان سواری داشقەکەی بووو کەوتە رێ، (باک) دووبارە هاتەوە هۆش خۆی، بەڵام ئیتر هێزو توانای لە لەشدا نەمابوولەو شوێنەی کە بۆ دواجاری تێدا ببووە نەخشی سەر زەوی راکشابوو، چاوەکانی بڕیبووە کابرا سوورپۆشەکەو تەماشای دەکرد، کابرا سوورپۆشەکەش لەبەر خۆیەوەو بە دەنگێکی بەرز ئەو رستەیەی دووبارە دەکردەوە کە لە نامەی قومارخانەدارەکەدا هاتبووو ناوەرۆکەکەشی لەبەر بووو دەیگوت:
– ناوی (باک)ە (باک) .
پاشان بە ئاوازێکی پڕ لە لوتفەوە گوتی:
باشە باک – کوڕە گیان – توندو تیژی تاقی کردنەوە کۆتایی هات، لە توانای ئێمەدا هەیە کە ئیتر دەستو پەنجە نەرم نەکەینو تۆش سەگی باش بە، ئەوە منیش بڕیار دەدەم کە لەگەڵتا باش رەفتار بم، ئەگەر بتەوەێ بەد بیت بە بابەوەت لەناو دەبەم..هۆشت لە خۆیە یا نا؟ لە حاڵێکا کە ئەو هەموو قسانەی دەکرد دەستی بەسەری (باک)ەکەوە دادەهێنا کە

لەبەر کاریگەریتی کوتاندا کفتو هیلاک بوو بووو نەوازیشی دەکردو هەلیدەگرتەوە، کاتێ کە پیاوەکە ئاوی بۆ هێنا زۆر بە شەیداییەوە ئاوەکەی خواردەوە دوایش کەمێ خواردنی جۆراو جۆری بۆ هێنا کە بریتی بوو لە گۆشتی خاوی پارچە پارچە کراو، بە شێتو شەیداییەوە قووتی دان. (باک) لەو گێرمەو کێشەیەدا بەزی بوو، بەلام هێشتا غروری نابود نەببوو، هەمان رووبەروو بوونەوەی یەکەمی بەس بوو کە دان بەوەدا بنێت کە

بەرامبەر مرۆڤێکی خوترمە بەدەست ناتوانایە، کار ناکات رووەو پێش بچێ، (باک) ئاشنای راستییەکان بوو، کە دە سالی تەمەنی داهاتووی هەرگیز ئەو شتانە فەرامۆش ناکات، خوترمەکە راستییەک بوو کە بەدیار کەوتو هاتە روو، بەدیارکەوتنێک کە ئەوی ئاشنای یاسای چۆلپەرستی بوو لە یوە رێی زیندەگیدا رووبەرووی بۆوە، ئێستاش راستیەکانی ژیان بۆ ئەو تالو ناخۆش بەدیار دەکەوێت، بە هەمان شێوە کە (باک) رووبەری ئەو راستیە پڕ لە وەحشەتە دەبوو تەواوی فێلو بیرێک کە لە بوونی ئەودا خەوتبوو بێدار بۆوە، بە رابردنی رۆژان چەند سەگێکی تری دەبینی کە لە هەمان قەفەسدا دەمانەوە، هەندێکیشیان لەگەل کندردا، هەندێکی تریشیان مالیو ئارام، کۆمەلێکیشیان بە خرۆشانو تورەییەوە دۆست وەکو (باک) بەوەوە دەبەسترانەوە ، (باک) مالی کردنی ئەوانی بینی بوو لە رێی پیاوە سوورپۆشەکەوە، دوا بەدوای ئەوە لە چوارچێوەی تەماشا کردنی ئەم شانۆییە وەحشیانەیەدا، (باک) دەرسێ فێر بووبوو دووبارەی دەکردەوە، پیاوێ کە خوترمەی لە دەست بوایە دەیتوانی فەرمانڕەوا بێ فەرماندەیی کە گوێڕایەلی کردنیشی پێویست بوو، هەر چەندە کە ئەو سەردانواندنو لایەنگیریە هیچ شێوەیەکی دۆستانەو ئاشتیانەی نەبوو، (باک) هەرچەندە سەگەکەکانی کوتک خۆری دەبینی کە چاپلوسانە کلکیان دەبزافتو دەستو پێیان دەلێسیەوە بەلام ئەو قەت ئەم جۆرە هەلانەی نەدەکرد، هەروەها لە بارمبەری هەمان ئەو کاسەلێسیە سەگێکی دەبینی کە نەسەری دادەنواند نە ئاشت دەبووەوەو سەرەنجامیش سەبارەت بەو عینادیەو سەرکێشیە کوشتنی ئەو سەگە نەبەزیوەی بینی، چەند نەناسیاوێکی زۆر دەهاتنە لای ئەو سوورپۆشە چاپلوسە گفتوگۆیان لەگەلادەکردو لە نێوانیشیان پارەو پول رەدەلو ئالوگۆڕ دەکرا، ئەو نەناسیاوانە یەک یا چەند سەگێکیان لەگەل خۆ دەبرد، بەلام (باک) سەرسام دەبوو لەوەی کە دەبێ ئەو سەگانە بۆ کوێ بەرن، چونکە دەیبینی کە ئیتر جارێکی

تر نەدەگەڕانەوە، بەهەمان ئەو هۆیە ترس لە (باک)دا خانەی کردبوو، بەو حاڵەوە هەرجارێ کە ئەویان نەدەویستو لەگەڵ خۆیانا نەیاندەبرد ترسی لێ دەبووە شادی، سەرەنجام ئەویش هەڵبژێردراو پیاوێک بەدەمو چاوێکی چروکاوەوە کە بە ئینگلیزیو بە ئاوازێکی بەد قسەی دەکردو لەکاتی قسە کردنیشا سەدایەکی گوێ تەزێنی هەبووو وشەی غەریب غەریبیشی زۆر بەکار دەهێنا، کە (باک) هەرگیز لە قسەکانی نەدەگەیشت ئەوی هەڵبژارد، هەرکە پیاوەکە چاوی بە (باک) کەوتو هاواری کرد:
– هم..سەگێکی زەبەللاحو قەڵەوە – ها چەندە؟ سوورپۆشەکە بێ چەندو چۆن گوتی:
– سێسەد دۆلار، وەکو ئەوە وایە کە – ئەسکەناسەکانیشت پولی دەوڵەتی بن. باشە ئیتر عەیبێک لە کارێدا نیە، – پەرو ها–
(پەرو) هەڵوەستەیەکی کردو لەبەر ئەوە کە نرخی سەگەکە چۆتە سەرەوەو گران بوو، بەڵام ئەم نرخە بۆ کڕینی (باک) زەرەرمەند نییە ئەو کاتە راسپێرەکانی ئەو دەوڵەتە بە بایەخ وەرگرتن لە (باک)داتوندترو زووتر دەگەنە ئامانج. (پرۆ) سەگناسێکی کارامە بوو، کە (باک)ی دیت تێگەیشت کە لە میانی هەزاران سەگ دا تەنها یەکێکی وەک (باک) هەڵدەکەوێت، (باک) بینی کە پارەو پوڵ لە نێوان ئەو دووەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بەهەمان نیشانە کاتێ کە لەگەڵ سەگێکی (نیو فاندلند)ی کە ناوی (کورلی) بوو زۆر بە خوو رەوشت بوو بەو پیاوە کورتە باڵایە سپێردران، سەرسام نەبوو، ئەوەیان دواجار بوو (باک) تەماشای کابرا سوورپۆشەکەی کرد، لە حاڵێکا کە کورلی بەسەر کەشتیدا (نارۆل)ی بەرەو (ستیل) لە پشت خۆیەوە جێدەهێشتو دوور کەوتنەوە، ئەو دووە بۆ دواجار ماڵئاواییان لە کەنارەکانی گەرمەسێر کرد، (پرو)و (کورلی) ئەویان بردە خوارەوەو سپاردیانە دەست رەشە دێوێ کە ناوی (فرنسوا) بوو، (پرو) لە فرانسوایان دا، کەنەدایی بوو روشی سەوز بوو، بەڵام (فرنسوا) لە فرانسوایان کەنەدایی دوڕەگەیی بووو پێستەکەشی لەچاو (پرو)دا سەوزی مەیلەو تاری دەنواند (وەکو ئەوە بوو کەوا قەزاو قەدەر بێ کە دەبوایە باک هی تریش ببینێت). (باک) لەبەر ئەوەی کە ئەوەندە کەیفی پێ نەدەهاتن، بەڵام رێزیشی دەگرتن، بەخێرایی ئەوەی بۆ بەدیار کەوتو بۆی روون بۆوە کە (پرو) و (فرانسوا) دوو ئادەمی بە ویژدانو دانانە، لەکاتی دادوەریدا هەموو لایەنێکی مەسەلەکەی بە راستو رەوانیەوە دەگرتە بەرچاو، زۆر باشتر ئاشنای خووڕەوشتی سەگەکان کە فێڵی ئەوانەوە بزانن، لە پانتایی میانی

دوولای کەشتی (کاروال)دا (باک)و (کورلی) لەگەڵ دوو سەگی تردا ئاشنا بوون، یەکێ لەو دووانە زەبەللاحو بەفراوی بوو، کە کەشتیوانی کەشتی (شکاربارلن)ئەویان لە (سپیتز بۆگن)ەوە هێنا بوو، پاشانیش رێکخراوی دۆزینەوەی جوگرافیایی چوو بووە بیابانی بێ ئاوو گیادا. ئەو سەگە رەفتاری زۆر دۆستانەی هەبوو، بەڵام زۆر بە ئازارەوە فێڵێکی لە ئەندێشەدا رادەبرد، کەچی بزە لە لموزیدا نەدەبۆوە، بە شێوەیەک کە یەکەمین جار خواردنی (باک)ی دزی، بەڵام هەرکە (باک) بەلای ئەودا خزیو هەڵسایەوە تا سزای بدات، سەدای وژەی قامچی (فرانسوا) لە هەوادا پێچی خواردەوەو

داتەپیە سەر پشتی دزەکە، بەم شێوەیە (باک) پێویستی بەوە نەبوو کە ئەو تەمێ خواردوو بکات، جگە لەوەی کە ئێسقانەکانی لێ وەرگرێتەوە، (باک) وای لێکدایەوە کە کارەکەی فرانسوا زۆر دادوەریانە بووە، بەهەمان ئەو هۆیە رێزی ئەو پیاوە دورەگەییە لەلای (باک)دا زۆرتر بوو، سەگی یەکەمیش ئازاری نەدەگەیاندە کەسێ، هەروا کەسێکیش کاری بە کاری ئەوەوە نەبوو، هەوڵی ئەوەشی نەدەدا کە ئەو خواردەمەنیە بەدەست بێنێ، کە تازە دەهات بە خەمگینی لە گۆشەیەکی کپدا بە ئارامی دادەنیشت، بەهەر حاڵ وای لە (کورلی) دەگەیاند، کە تەنها تکای وی ئەوەیە کەس کاری بە کاری ئەوەوە نەبێت، لەلای خەڵکی تریشەوە راستی لەوان گەیاندبوو، کە ئەگەر خۆی لێ بدەن، ئەوە دەبێتە هۆی زەحمەتو نارەحەتی بۆ ئەوان، ئەو سەگە نێوی (دیو) بوو دەیخواردو دەنوستو باوێشکی دەهاتێ پەیوەندی خۆی بە هیچ شتێکەوە نیشان نەدەدا، هەتا کاتێ کەشتی (ناروال) لە تەنگەی (شارلوت)دا تێپەڕی، وەکو تیمساح پێچی خواردەوەو تەکانیدا، بۆ ئەوەی بچێتە پێشەوە، ئەوەی هیچی نەکردو تەقەی سەری دەهات، لە کاتێکا کە (باک)و (کورلی)  لەبەر ترسی وەحشەتدا تێک چرژا بوون، (دیو) سەری خۆی لەسەر بێ حەوسەڵەیی بڵند کردو بەبێ هیچ بایەخ پێدانێک چاوێکی بە دەوری خۆیدا گێراو  باویشکێکی هاتێو دووبارە چاوی خستەوە سەریەک، کەشتی ئەو رۆژە بە سەدایەکی یەک چەشنو تایبەتی پەروانەو ماتۆڕی بۆ پێشەوە دەرۆیشت لەگەڵ ئەوەی کە لە دەرەوەدا هەستی دەکرد کە هەوا بەرەو ساردی دەچێ، سەرەنجامو  رۆژێ ماتۆڕی کەشتی کوژاوەو دەروونی کەشتی بە جۆشو خرۆشی خۆی کەوتە رێ، (باک) وەکو سەگەکانی تر هەستی بەو راستیە کردو تێگەیی کە گۆڕانو پێکدادانێ لە ئارا دایە، فرنسوا سەگەکانی لە بەندەنێ رەها کردو بردنیە

سەرەوەی کەشتی، لە یەکەمین هەنگاودا کە (باک) پێی نایە سەر رووی کەشتی پێی لە شتێکی سپیو نەرمی وەک گل چووە خوارێ، مراندیو رایدەکردە دواوە، لە ئاسمانیشا ئەو شتە سپییە هەر دەباری، (باک) لەشی خۆی دادەتەکاند، تا ئەو شتانە لە لەشی خۆیدا بکاتەوەو هەڵوەرێنێ، بەڵام دووبارە شتە سپییەکان سەر کەشتی پڕ کردەوە، بە سەرسامیەوە بۆنی کردن، پاشان کەمێکی لەو شتانە بە زمان لێستەوەو وەکو ئاگر زمانی گەزیو تەزاند، دوای ساتێک شوێنەوارێکی لەسەر زمانیدا نەما، ئەو راستیە زۆر سەختانە سەرسامی کردبوو، دوبارە تاقی کردەوە بەڵام گەیشتەوە هەمان ئەنجام، تەماشاچیانی ئەم شانۆیە بە قاقایەکی توندەوە پێکەنین (باک) لەو پێشهاتەدا شەرمی لە خۆی کردەوە، بەڵام لەو بابەتەشا سەری لە هیچ دەرنەکرد، چونکە ئەوە یەکەمین جاری بوو کە بەفر ببینێت.

## بەشی دووەم
یاسای کوتەک و کەڵبە

یەکەمین رۆژی بوونی (باک) لە کەناری (دیە)دا لەگەڵ ترس‌و وەحشەتدا بوو، لە پڕێکا (باک) لەنێو دڵی شارستانیەتیەوە بەرز بۆوەو کەوتە نێو شتانی چۆڵ پەرستی‌و هەتا بەر لە کێویەتی، ئەو ژیانەی ئیتر هیچ وێکچوونێکی بەو خواردن‌و خواردنەوەو پاڵ کەوتن لەژێر هەتاوو گەشتی ئەملاو ئیملادا لەبەر بێکاری‌و ماندوو بوون‌و خەوالو بوونە نەبوو، لێرەدا هیچ هەواڵێک لە ئاسایش‌و ئارمیەوە نەبوو، دڵنیا بوون نەبوو، مەترسی لە ئارادا بووو کەمینی دائەنایەوەو جوڵەو جۆش‌و خرۆش ساتەکانی پڕ کردبۆوە، ساتەکان مەترسی بوو کە لە گیانی (باک) ئەوانیتردا رادەبردن، پێویست بوو هەمیشە لە چاوەڕوانی ترسناکیدا بێت، چونکە سەگەکان‌و ئادەمیەکان، ئەو سەگانەو ئادەمیانەی مەدەنی نەبوو بوون، تێکرا بێ مەدەنیەت‌و وەحشی بوون، نەدەچوونە ژێر رکێفی یاسایێ جگە لە یاسای (خوترمەو ددان). (باک) تا ئەو ساتە هیچ سەگێکی نەبینی بوو، کە وەکو سەگەکانی ئێرە گورگانە بجەنگن، یەکەمین دەرسێ کە فێری ببوو، هەرگیز لە روانگەیا بە دوور نەدەکەوتەوە ، هەڵبەتە خۆشی قبوڵی ئەوەی بوو کە پێشانیش هەر لەو پەندانەدا فێر بوو بوو، ئەگینا گیانی لە فەلاکەت دابوو، (کورلی) بووە قوربانی ئەو تاقی کردنەوەو پەندانە، لەکەنار عەمباری دارو دەوەندا چادرێکیان هەڵدابوو، (کورلی) دێڵەش بەهەمان عادەتی دۆستانەی ویستی چەند جوڵەیەکی چاوەدێرانە سەبارەت بە سەگێکی ((ئەسکیمۆ)) یی گورگ ئاسا بکات، کە بە حیسابی نیوەی (کورلی)یش نەدەهات، بەڵام بەبێ هیچ سەروسەودایەک‌و لورەو حەپینێ لە پڕێکا هەڵبەزین‌و تامپۆنێکی توندو دەنگی تێکچڕژانی ددان دووبارە جوڵە جوڵێک کەوتە بێن‌و سەرەنجام سیمای (کورلی) لە چاوانیەوە تا شەویلاکەکانی هەڵزڕا بوو، ئەمەیان تاکتیکی جەنگی گورگەکان بوو، هێرش هێنان‌و کوتان‌و پاشە کشە کردن، بەهەر حاڵ بەدبەختی تەنها لەو شوێنەدا کۆتایی نەهات، سی چل سەگی (ئەسکیمۆ) غاریان دایە ئەملاو ئیملای شەڕکەران‌و دەمیان لە ئەلقەی تەماشاکەرانا بە تەواوی‌و ئارامەوە دەورە دران، قەستیەک لە ئاردا بوو کە (باک) پەی پێ نەدەبردو نەیدەزانی چۆن کسۆکەکانی ((ئەسکیمۆ)) بەو هەموو شەوق‌و زەوقەوە لمۆزی خۆیان دەلێسنەوە، (کورلی) هێرشی بردە سەر دوژمنی خۆی‌و ئەوی تریان دووبارە زەربەیەکی لێداو گەڕایەوە

دوا، هێرشی دووەم (کورلی) بە ڕەوشتێکی تایبەتی خۆی لەگەڵ سینەیدا ڕەپێش خست بە شێوەیەک کە پێیەکانی (کورلی) خزین‌و کەوتە سەر زەوی‌و ئیتر (کورلی) هەڵنەسایەوە، ئەوەیان هەمان ئەو شتە بوو کە سەگەکانی (ئەسکیمۆ) چاوەڕوانیان دەکرد، سەگەکان بە دادو هاوارو حەپینەوە بە پەلە ڕژانە سەر (کورلی) ، (کورلی)یش کە لەبەر دەردی خۆی دەیلوراند، لە ژێرەوەی تێکڕای سەگەکانی ((ئەسکیمۆ))دا بوو، (باک) زۆر بە سەختیەوە لە سەرسامیدا رووچوو، ئەسپیتز کە زمانی سووری دروست وەکو حاڵەتی پێکەنین لەدەم دەرهێنا بوو، هەروا (فرنسوا) ی دیت بە هەمان ئەو شێوەی کە خوترمەی بە دەستەوە بوو و هەڵی دەشەقان پەڕیە نێو سەگەکان‌و سێ نەفەری تر کە هەریەکە خوترمەیەکی بە دەستەوە بوو یارمەتی (فرانسوا)یان دا تا سەگەکان پەراگەندە بکەن، ئەو بابەتە ئەوەندە درێژەی نەکێشا دوو دەقیقە پاش بەزینی (کورلی) هێرشکەران بە هێزی خوترمە پەراگەندە بوون، (کورلی) کە بێ گیان بەسەر بەفرەوە شێلدراو لنگی دەکوتاو کەوتبوو بە راستیش تکە تکە بوو بوو، لەو نێوانەدا پیاوە دوڕەگە سەوز رووەکە لە سەر سەریەوە وەستابوو لەگەڵ سەدایەکی بێ راو ڕەوشەوە جوێنی دەدا، چەند جاری لە خەویدا (باک) ئەو دیمەنەی ئەدیت، لە خەوێ راپەڕی، بەڵێ ئەمەیان جۆری حوکمڕانیان بوو، ئادابو رێکوپێکیان نەبوو، جەوانمەردی لەگۆڕێدا نەبوو، هەرکە یەکێ پێیەکانی هەڵخلیسکابایەو بکەوتایە سەر زەوی کاری تەواو بوو، (باک)یش لەولاوە هۆشی هێنایەوە بەر خۆی تا نەکەوێتە سەر زەوی، (ئەسپینز) دووبارە زمانی دەرهێناو پێکەنی، لە هەمان ساتدا (باک) رق‌و قینی ئەویلە دڵی نا بەر لەوەی کە (باک) لەبەر زەربەی روحی کە لە ئەنجامی کاریگەرێتی مەرگی پڕ لە خەمی (کورلی) بە گیانی کەوتبوو، ئاسوەیی بدۆزێتەوە، نارەحەتیەکی هاتە پێش فرانسوا کەمەربەندو قولابی بەستە پشتی (باک)، ئەو کەمەربەندو قولابە لە هەمان جۆری ئەو هەوسارە بوو کە لە ماڵی قازی میللەردا کاریان پێدەکرد، سەرەنجام (باک)یش گرفتار بوو، فرانسوا کە سواری سورتمەیێ بوو بوو (باک)ی بردە ناو جەنگەڵێ کە لەناو دۆڵێکدا بوو، خۆیان‌و یەک بارە دار دووبارە گەڕانەوە لەبەر ئەوەی کە ئەو بارکێشی‌و بار هەڵگرتنە لەکەیەکی نابوو بە نێو چەوانی (باک)، بەو بوونەوە ئێستا (باک) لەوان ئاقڵتر بوو کە لەو کارەی بەسەری هاتبوو سەرکێشی‌و عینادی بکات، کارەکە تازە عەجیب بووە بەم وەسفە (باک) دوا تەلاشی خۆی خستە کار، بە گوێرەی چۆنیەتی ڕەوشتەوە (فرانسوا) دەستێکی باڵاو سەختگێری هەبوو، ئەگەر کەسێکیش

لەبەرامبەر فرمانەکانیدا سەرپێچی بکردایە قامچیەک کەوی‌و ماڵی دەکرد، هەر جارەی (باک) لە راکێشانی داشقەدا هەڵەیەکی بکردایە ئەوە (دیو) بە قەپێک ئەوی ئاگادار دەکردەوە (ئەسپیتز) رابەری ئەو سەگانە بوو، کە داشقەیان رادەکێشا، ئەویش هەر وەکو (دیو) خاوەنی تاقی کردنەوەی خۆی بوو، لەبەر ئەوەی کە نەیدەتوانی سەر لەبەر سەری (باک)ەوە بنێت جار ناجارە مرەیەکی بۆ بە ئەدەب کردنی لێوە دەهات، یاخود بە فێڵ کێشی خۆی بەلای رێشمەکەوە دادەگرت‌و تەکانی دەدا، بەم جۆرە (باک)ی بۆلای خۆی رادەکێشا، (باک) لە رێی فێر کردنی ئەوداو بە هاوکاری فرانسوا خیرا زانینی بەدەست هێنا، بەر لەوەی کە لە سەفەری ئەو دارودەوەن هێنانەدا بگەڕێتەوە فێری ئەوە بوو بوو کاتێ کە دەڵێن (هۆپ) ئەو دەبێ بوەستێ‌و کاتێکیش کە دەڵێن (هێ) ئەوە دەبێ بکەوێتە رێ، هەر جارەی کە داشقە زۆر پڕ بار بوایە بەسەر بەفرەوەش سەرووخوار بوایەوە ئەوە دەبوایە خۆیان بەملاو بەولادا راکێشن (فرانسوا) بە (پروی) گوت:

– سێ تاکە سەگ باش نیە؟ ئەوەیان زۆر خێرایەو زۆر زوو فێری دەکەم، پاش نیوەڕۆی ئەم رۆژە (پرو) کە دەیویست بە خێرایی بجوڵێتەوەو بڕوات لەگەڵ دوو سەگاندا گەڕایەوە سەگەکانیش ناویان (بیلی)و(جو) بووکە برای یەکتری بوون‌و لە نەژادی رەسەنی ((ئەسکیمۆ)) بوون، بەوەی کە هەردووکیان لەیەک دایک بوو بوون، بەڵام وەکو شەوو رۆژ جیاواز بوون عەیبی (بیلی) ئەوە بوو کە زۆر بە عاتیفە بوو، لە حاڵێکا کە (جو) دروست پێچەوانەی براکەی بوو، سەگێکی بەدخوو خۆویست بوو، غەرغەرەکەرو چاوپیس بوو، (باک) رێزی هەردووکیانی دەگرت، بەڵام (دیو) بایەخێکی ئەوتۆی بەوان نەدەدا، (ئەسپیتز)یش بەبێ چەندو چۆن ژەهری لەناو چاویانا دەدۆزیەوە ، بیلی چاپلوسانە کلکی دەبزافت کاتێ کەوا دەیبینی لەو رێیەدا کارێ بە ئەنجام ناگەیەنێ، تێی تەقان‌و هەڵات، کاتێ کەوا ددانەکانی (ئەسپیتز) ئاشنای رانی ئەو بوو چاپلوسانە دادو فریادی دەخستە رێ، بەڵام هەرچەند (ئەسپیتز) دوورکەتبایەوە تا پشتی سەری (دیو) بگرێت (جو) وەردەسوڕایەوەو هەمیشە رووی لە (ئەسپیتز)ەوە دەبوو، پێیەکانی قیت‌و قۆزو گوێیەکانیشی شۆڕ، لێوەکانیشی لێکدەبوونەوە، شەویلاکەکانیشی هەمیشە لە حاڵەتی قەپ لێداندا بەبەر یەک دەکەوتن‌و مرەی دەهات، لە چاوەکانشیا بەرقێکی شەیتانی دەدروشایەوە، وەکو ئەوەی کە گوایە رۆحی جەنگاوەری تێکەڵ وجودی بووبێت، بەم شێوەیە ئەسپیتز دەستی خۆی لە ئاقڵ کردنی ئەودا کێشایەوە بەم حاڵەو بۆ خاتری پاراستنی غرورو توانای خۆی هێرشی بردە سەر (بیلی)ی

بێ ئازارو بەستەزمانو تا سنووری چادرەکانی راونایە دواوە، ئاسۆ لە رۆژئاوادا نقووم دەبوو ئەو کاتەی کە (پرو) سەگێکیتری هێنا، ئەو سەگە لە سەگەکانی (ئەسکیمۆ) بوو بووو لاوازو درێژۆلکەو هەر ئێسقان بوو، سەرو سورەتی پڕ بوو بوو بە چەپەرۆکو لێدان، کە تێیەوە گلابوو، تەنها چاوێکی هەبوو وا دەدرەوشایەوە کە هەمووانی بۆ گوێڕایەڵی خۆی رادەکێشا، ناویشی (سلکس) بوو ئەویش دێوئاسا نە شتێکی دەبەخشیو نە شتێکی وەردەگرت، پەیوەندیشی بە هیچ کەسێکەوە نەبوو، سیلکس (واتە وەحشەتناک - دڕندە)کاتێ کە بە ئارامی لە میانی ئەواندا دەجولایەوە هەتا (ئەسپیتز)یش خۆی لە شانی نەدەدا، بەلام خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی هەبوو کە (باک) لە بەدبەختی خۆیەوە وەخەبەری ئەو خەسلەتەوە بوو، حەزی لەوە نەدەکرد کەسێ بەلای چاوە کوێرەکەیەوە بچێو نزیک بێتەوە، (باک) لە هەموو شتێ بێ خەبەر بوو، جارێکیان کارێکی ئاوای کردو یەکەمین شت ئەوی لەو هەڵەیە ئاگادار کردەوە، ئەوە بوو کە سلکس خێرا بەرەو لای وی گەڕایەوەو بێ چەندو چوون بەقەد سێ ئەنگوست شانەی هەڵدڕی بە شێوەیەک کە ئێسقانی شانی بەدەر کەوتن، لەو کاتەوە تا ئاخرین سات ئەو دووە لەگەڵ یەکدا بوون، (باک) هەرگیز بەلای چاوی کوێریەوە دانەدەچووە لای (سلکس)ەوە، تا دوا دەقیقە لە دۆستایەتی نێوانی ئەو دووەدا رووداوێکی خەفەتبار رووی نەدا، تەنها ئارەزووی سلکسیش ئەوە بوو، کە وەک (دیو) لە حاڵی ئەو گەڕێن، لەو شتە گەڕێین کە لە دواییدا (باک) ئاگاداری بۆوە، هەر یەک لەو دوانەدا ئارەزووی ئەوی تری هەبوو، تا سنوورێک کە ببووە بەشێک لە ژیانیان، بەهەر حاڵ (باک) ئەو شەوە بەبێ خەوتن دەستەویەخە بوو، خێمەیەک کە چرایەکی تێدا دەسووتا لە نێوان دەشتایی سپیدا پرتەوێکی پەرشو بڵاوی هەبوو (باک) کە لەبەر زۆرێو ناچاری پێی نایە ئەو خێمەوە لە پڕێکا رووبەرووی بارانو بەڵاو ئامێرو تفاقی ئاشپەزخانە بووەوەو بە ناچارێو بە پەستێو زاریەوە گەڕایەوە بەر سەرمای دەرەوەی چادرەکە، بایەکی سارد هەڵیکردوو وەکو قامچی دەخزیە بەدەنی (باک)ەوە لەگەڵ ئازارێکی کە هەیبوو بە توندی برینی شانەکانی ئازار دەدا، بەسەر بەفرەوە راکشاو هەوڵی ئەوەی دا بخەوێت، بەلام بەفری بەستوو بەبێ چەندوچوون ناچاری کرد کە هەڵسێتەوە لە بێ دەرێو ناچاریدا لە نێوانی چەند چادرێکا وێڵو سەرگەردان بوو بوو، تا ئەو کاتەی پاش ئەو هەموو هاتوچۆیە تێگەیی کە هەموو شوێنێک بە شێوەیەکی یەکسانی ساردە، بەهەر لایەکا دەڕۆیشت سەگە کێویەکان هێرشیان بۆ دەهێنا، بەلام (باک) چونکە فێری خێرایی بوو بوو کلکی قیت

دەكردەوەو دەی مراند، سەگەكانی دەگەراندە دواوە، گەرایەوە تا ببینێت دۆستەكانی خۆی خەریكی چ كارێكن، بەڵام كاتێ كە بۆی روون بووەوە، ئەوانیش وونن زۆر بە توندی تووشی وەحشەت بوو، جارێكی تریش لە میانی چادرەكانەوە كەوتە رێ بۆ ئەوەی پەیدایان كات، دیسان بەبێ ئەنجام گەرایەوە بەخۆی گوت (بەڵكو دۆستانی چووبنە چادرێكەوە)، بەڵام وەڵامێ نەبوو ئەو كارەیان عەمەلی نەبوو، ئەگەر دۆستەكانی چووبنە چادرێكەوەو فرنسواو پرو ئاوا دەری كردبن، باشە چووینە كوێ؟ چارەیەكی نەبوو جگە لەوەی كە دیسان بەسەرو كلكی شۆرەوە بە لەرزاویو سەرگەردانو دڵی پڕ لە خەمەوە بەبێ ئامانج بە دەوری چادرەكانا بسورێتەوە، ویستی بسورێتەوە ئەو كاتەی كە لە پرێكا بەفری ژێرەوەی دەستانی رووچوو تا سنووری خۆی لە بەفرێدا چووە خوارێ شتێ لە ژێرەوەی دەستی تەكانیدا، (باك) بە خێرایی پاشەكشەی كردو توكی قیت بۆوەو پاشان دەستی بە مراندن كرد، لەبەر ئەو شتەی كە لەژێر دەستانیەوە تەكانی داو جووڵایەوە زۆر بە تەندی كەوتە وەحشەت بەڵام سەدای لوورەو ئارامو دۆستانەی هێزی دڵی وەبەردا، بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی ئەو رازەدا بەخەبەر بێ چووە پێشەوەو لار بۆوە، هەناسەی هەوایەكی گەرم كەوتە بەر لووتی، (بیلی) دی لە ژێر بەفرەوە لە حاڵێكا كە مشتێ بەفری لە دەوری خۆیەوە كۆ كردبۆوەو نووستبوو، بیلی بە لورەی تكاكارانەیەوە تەكانی دایەوە خۆ، لەسەرەخۆ دەستی كرد بە حەپین بۆ ئەوەی چاك نەژادی خۆی بەدیار بخاتو بۆ خاتری پەیدا كردنی ئاشتیو پاكی رزگار بوو بوون لە ئازارو ئەزیەتا بە زمانی گەرمو نەرمی (باك)ی لستەوە، ئەوەشیان بۆ (باك) دەرسێك بوو كە شەو سەگەكان بە لێفی بەفرەوە دەنوون، (باك) خالچووكەیەكی دڵنیای هەڵبژارد بە هەوڵو كۆششو تەقەللا چاڵێكی لێدا، لە دوا ساتی كۆتاییدا گەرماییەك لە بەدەنی (باك) هەڵەپچرایە چاڵەوە، ئاووهەوای تا رادەیەك گەرم كردو (باك) بە ئارامیەوە نووست. (باك) رۆژانی سەختو درێژی بەسەر برد، لەبەر ئەوەی كە دووبارە كابووسە وەحشەتناكەكانی هاتبوونە سۆراغیەوەو چەند جارێ لوراندیو مراندی، بەڵام لەم كاتەدا ئارامیو ئاسایشی دۆزیەوە، ئەوەندە نووست تا ئەو كاتەی سەرو سەودای چدرنشینان بەرز بۆوەو یەكەمین جار نەیزانی لە كوێوەیە دێت بە درێژایی تەواوی شەوەوە، بەفرێكی ئەستوور باری بوو، سەنگی بەفر لەهەر لایەكا دەیپەستایەوە، ترسێكی سەیر سەرو پای هێنایە دەرەوە، ترس كە تایبەتە بە ئاژەڵەماڵیەكان كاتێ كە دەكەونە تەڵەو

تەنگانەوە ئەو ترسە لەوی گەیاند کە دەیەوێت پێ بە پێ بەرەو زندەگی باوباپیرانی بگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی (باک) سەگێکی تەواو مەدەنی بوو، خوورەوشتی لە شارستانیەتیدا بەدەست هێنا بوو، بە هەمان ئەو هۆیە ئەو ترسو تەقینەوە بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێت رووی بۆ هێنا، لە رووی غەریزەشەوە لە پڕێکا جومگەکانی چوونەوە ناویەکو مووی گەردنو شانەکانی قیت بوونەوە بە مرەیەکی توندەوە خۆی خستە نێوان رۆژو رۆشنایی کلۆ بەفری وەک چۆن هەوری سپی لە لەشیدا هەڵدەپژا، بەر لەوەی پێیەکانی لەنێو بەفرێدا رووچێت، بە بینینی چادرە سپیەکان زانی لە کوێیەو چ شتێ لەودا رابردووە، هەموو رووداوەکانی شەوی پێشووی لەو کاتەوەی کە لەگەڵ (مانوئێل) دەچووە گەردشێ تا ئێستای وێل بوونو سەرگەردانی هەموو هاتنەوە بیری، فرانسوا بە سەدایەکی بڵندەوە رۆژباشی لە (باک) کردو بە هەمان سەدای برووسک ئاسا گوتیە (پرو)ی :

-دیتت، من گوتم (باک) سەگێکی بە هۆشەو فێری ئەوە دەبێت کە چ کارێک باشە بیکات؟ پرو زۆر مەغرورانە سەری هەڵتەکاند، ئەو لەلای راستەوەی پەیکی پۆستەی (کانادا)وە وەستا بوو کە ئەمانەتی دەگەیاندە جێ، ئەو لەوێدا وەستابوو، تا سەگەکانی تری زوبدە هەڵبژێرێو لەو جۆرە حاڵەشا بە دیدەنی (باک) حۆشحاڵ بوو، یەک سەعاتو پاشان بە زیاد کردنی سەگی (ئەسکیمۆ) ژمارەی هەموو کسۆکەکان گەیشتە نۆ سەگ دوای چارەکە سەعاتێکی تر قەوچەی خستە ملی سەگەکانو لەلا رێگایەکا رووەو هەوراز بەرەو دۆڵی (دیە) کەوتنە رێ، (باک) لەو کۆڕەوەدا خۆشحاڵ بوو وە لەبەر ئەوەش بە کارێکی تواناویست دەهاتە بەرچاو بەڵام دیسانیش هەر رقی لێ دەبووەوە ، لەوەی کە دەیبینی گەلەکۆی کسۆکان لەو جووڵەو جونبشەدا شاد دەهاتە بەرچاو، هەروا ئەو یەکێکی رێکوپێک کاری لێکردبووو سەرسامیشی کردبوو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرسامی بوو ئەوە بوو دەیبینی (دیو)و (سلکس) کە زۆر ئاڵوگۆڕ دەکرانو ئەو دووە قیافەیەکی تازەیان گرتبووەخۆ، هەوساری ئەوان بە تەواوی گۆڕانی تێکەوتبوو، ئیتر بێ باوەڕو بێ جیاوازی نەدەهاتنە بەرچاوهەموویان لە جۆشو خرۆشو شەیداییەوە لە ئەنجامدانی کارێ دابوون، هەر شتێکیش ببوایە هۆی دواکەوتنی ئەوانی ئازار دەدا، سورتمە راکێشانو هەوڵو کۆشش دوا ئارەزوویان بوو، وا بەدیار دەکەوت کە گوایە ئەوە تەنها شتێکە کە بە ئومێدیەوە زیندوون، (دیو) سەگی داشقەچی بوو، لە پێشەوەی (باک) دا داشقەی رادەکێشا، پاشانیش سلکسو لە پاش ئەویش (ئەسپیتز) رابەری سەگان بوو، سەرنجامیش بە رێکوپێکی تەواوی سەگەکان سەریان بە دوای

یەکترەوە نابووو قەراریان گرتبوو، بە ئەنقەست (باک)یان خستبووە نێوانی (دیو)و (سلکس) هەتا باش فێری کارکردن بێ، هەرچەندە (باک) شاگردێکی بەهۆش بوو، ئەو دووەش مامۆستای چاک بوون، بەڵام ئەویان لە هەڵەکانی خۆیدا ئازاد نەدەکرد، دابینکەری بەڕێوەبردنی دەستوورەکانیشیان کەڵبە تیژیەکانیان بوو، (دیو) زۆر بە ویژدانو دانا بوو، هەرگیز بێهۆقەیی لە باک نەدەگرت، هەر کاتێ (باک)یش هەڵەیەکی کردبا سزاکەی کەڵبەی تیژی بوو، لەلایەکی تریشەوە قامچی (فرانسوا)ش یارمەتی دەدان، (باک) کارچاکی لەوەدا دەدیت کە لە جیاتی غەزرین بە چاکتر کارکردن شۆلەکەی خۆی بەرێتە سەر، جارێکیان لە کاتی کورتە وەستانێکیا پێیەکانی خۆی لە کندری رێشمەو قەوچەدا گیر کرد، کەمێ بزووتنەوەو جووڵانەوەکە دوا کەوت، (دیو)و(سلکس) هەردووکیان هێرشیان بردە سەریو کوتایانەوە کرد، ئەو دەرگیریە بە پلەیەکی بەدتر بوو لە هی جاری گۆرین، بەڵام (باک) لەوە بە دواوە هۆشی بە تەواوی هاتەوە بەر خۆی، کە ئیتر پێی لە کندری هەوساریێ گیر نەکات، بەر لەوەی کە ئەو رۆژە کۆتایی بێت، (باک) وەها فێر بوو بوو بە شێوەیەک کە ئیتر دوو دۆستەکانی ئازاری نەدەنو قاپی لێنەگرن، کەمتریش بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە جێ قامچی (فرانسوا)و (پرو)، بۆ تاقی کردنەوە پێیەکانی ئەویان بڵند کردو ئەزموونی کردن، کاری ئەو رۆژەیان زۆر تاقەت ویست بوو، لەمیان شیوی دۆڵێکی بەرز هەڵگەڕاوا لە رێگایەکی درختەجاڕەوە رابردن لە رێگایەک بە قوڵایی پەنجا مەتر پەڕینەوە، لە بەرزایی تەپۆڵکەی (چیلکۆت)دا تێپەڕینو رابردن، سنوری نێوەندی ئاوی شیرینو سوێردا کە بە شێوەیەکی تایبەتی هێلی قوتبی باکوری لە باشوورا جیا دەکردەوە، لە پشتی خۆیانەوە جێهێشت. کاتێ بەرەو خوار رۆیشتنو لە زنجیرە دەریاچەکانەوە دەمی بورکانە خامۆشەکانیان داپۆشی بوو تیژو خێرا رێیان گرتەبەر، سەرەنجام ئەو شەوە لە کەنار دەریاچەی (بینیت)دا لە چادرێکی گەورەدا مانەوە جێگایێ کە بە هەزاران کەسی وێل بە دوای زێڕا بەکاری سازکردنی کەشتیەوە بۆ پەڕینەوە لە دەریاچەیەک کە دەبوایە لە بەهاردا بەستەڵەکی وردوخاش بوایە سەرگەرم بوو بوون، (باک) چاڵێکی بۆخۆی لە میانی بەفرا هەڵکەندو وەکو ئادەمیو ئاژەڵ ماندوو مردوو کەوتە خەوێکی قوڵەوە بەڵام زۆر زوو بێداریان کردەوەو لە داشقەدا بەستیانەوە ئەو رۆژەچونکە رێگەکەیان رکو بەستەڵەک بو چل میلیان تەی کردبوو، بەڵام رۆژی دوایو هەتا چەند رۆژی تریش چونکە رێگەکەیان خراتر بوو زەحمەتی تالەوەڕیان زیاتر بووبوو، بەناچاریو لەسەرخۆ کەوتنە رێگە (پرو) لە بەرایی ئەوانی

ترەوە دەڕۆیشتو بە کەوشی پانو بەرینی خۆی بەفری رادەدا، بۆ ئەوەی جووڵانەوەی سەگەکانی تر ئاسانتر بێت، (فرانسوا) رێنیشاندەری سورتمە بوو، هەندێ جار کەم کەم جێگەی خۆی لەگەڵ (پرو)دا دەگۆڕیەوە، (پرو) بزۆرک بوو، لەبەر خاتری ئەوەی کە هەندێک زانستی هەبوو دەربارەی کەناری قوتبی شانازی بە خۆیەوە دەکرد، بە راستیش ئەو جۆرە زانستانە زۆر پێویست بوو، چونکە بەستەڵەکی تاقگە زۆر ناسک بوو لە هەر جێگەیەک ئاو بە تیژی دەهاتە خوارێ ئەو جێ ئەسلەن بەستەڵەکی لێنەبوو، رۆژانی یەک لەدوای یەک (باک) بووە دیلی هەوسار هەوا تاریکو روون بوو ئەو کاتە چادرەکانیان کۆکردەوە، سپێدە دەمان هێشتا نەبوو، کە چەند میلێک رێیان بڕیبوو، تەنها بەوەی کە هەوا رووەو تاریکی دەچوو، چادریان هەڵداو ماسیان دەخواردو لە سەر بەفرەوە دەنووستن. (باک) سڕو برسی بوو بوو، هەتا هەفت سەد گرام ماسیشی کە بەشی رۆژانەی خۆی بوو ئەسلەن تێری نەدەکرد، هەرگیز کلوکۆی دانەدەمرکایەوە دەڕوشا دەردی لە دڵا بوو، بەڵام لەبەرامبەری ئەوە سەگەکانی تر کێشیان لەو کەمتر بوو ئا بەم شێوەیە زندەگیان کردبوە عادەت، تەنها دەستوور بوو پێنج سەد گرام ماسیان دەخوارد هێشتاش گوزرانێکی باشیان نەبوو، (باک) زۆر زوو عادەتەکانی شارستانیانەی خۆی لە دەستدا، پێشان زۆر بە ئارامو رێزەوە خواردنی دەخوارد، بەڵام ئێستاکە دەبینی هاوڕێکانی خواردنی بە خێرایی دەخۆنو دەهاتنە سۆراغی بەرماوەی ئەوەوە چارەیەکی دیکەی نەبوو جگە لەوەی کە بە خێرایی خواردنی خۆی بخوات، لە حاڵێکدا کە ئەگەر لەسەر نیوەی خواردندا لەگەڵ یەک دوو سەگیتر یەکتریان کەڵوکرۆم کردبایە، ئەوا هەموو سەگەکانی تری کە دەمانەوە خواردنەکەیان دەخوارد، لەم بارەیەوە هەر رۆژێ کە دەهات خێراتری دەخوارد، ئاوا لە برسیەتیدا زگی خۆی دەکوشی کە خۆی نەدەپاراست لەوەی کە ئەو خواردنانە نەخوات، کە پەیوەندی بەوەوە نەبوو، کاتێ کە دیتی (هایک) کە سەگێکی تازەو دزێکی چاک بوو، هەرکە (پرو) دەگەڕایەوە یەک تکە گۆشتی بەرازی ئەوی دەدزی، (باک) بۆ بەیانی پەیڕەوی ئەوی کردو دزیەکی کرد، بەڵام کەسێک دڵی لە (باک) پیس نەبوو، لە حاڵێکا کە (داب) تاڵانچیەکی گەوجە بوو، هەمیشە کلکی بە تەڵەوە دەبوو، سەبارەت بە دزی (باک) تەمێ دەبوو، ئەو دزیو کەلەکبازیە گوایە دەربڕی ئەو راستیە بوو، کە (باک) دەتوانێت لە چوارچێوەی گێرمەوکێشەی باکورا بژیت، توانای لاسایی کردنەوەی ئەوەی دەسەڵماند کە توانای ژینی لەگەڵ ئەوان بارو مەرجاندا هەیە، خۆ ئەگەر توانای مانەوەی لەو جۆرە بارانەدا

نەبێت ئەوە رونو ئاشکرا بوو کە هەر زوو گیانی لەدەست دەدا، تووشی ترسو وەڕسیەکی فراوان دەبوو، لەلایەکی ترەوە ئەو دزی کردنە نیشانی دەدا کە تەبیعەتی خووگرتوویی ئەو بە ئادابێ کە لە ئسولَی گێرمەو کێشە مانەوە مەسەلەیەکی پوچو بێهودەیەو رێگری پیشکەوتنیشەو وردو نابودیش دەبێ، لە باشوورا رەسەنایەتیو سۆزو مرۆڤایەتی بەرقرارەو رێز گرتنی حەرێمو مولکیەتیو هەست پێکردن کارێکی جوانو پەسندە کەچی لە کەناری سەرروودا یاسای (خوترمەو کەڵبە) لە ئارا دایە، پەیڕەو کردن لە ئاواتو رەسمیاتی باشوورا تەنها کارێکی ئەبڵەهانەو گەوجانەیە کە دەبێتە پێشگری پێکەوتنی کارەکان، هەڵبەتە ئەوەیان لە سەلَماندنی (باک)ەوە نەبوو، بەڵکو ئەو قبولَی ئەوەی بوو کە بۆ ژیان دروست کردن بووەو بەس، بەبێ ئەوەی سەلیقەی بێ لە ئسولَو ئادابا خۆی گونجاندە ئەو چوارچێوەیە، جگە لە ئیمتیازێک کە تایبەت بە (باک) بوو، بەڵام لە تەواوی عومریدا رووی لە لێدانو کوتانو جەنگوملمڵانێدا نەدرەخشایەوە، لەگەڵ ئەم حاڵەش کابرا سوورپۆشەکە یاسایەکی وەحشیانەتری لە وجودی ئەودا چاند، ئەو رۆژانەی کە پەیڕەوی رەسمو ئادابی شارستانیەتی دەکردو دوور نەبوو سەبارەت ئەخلاق بۆ نموونە -بەرگری کردن قامچی سواری قازی میللەردا گیانی خۆی لەسەر دانێ، بەڵام هەنوکە تەواوی شارستانیەتیوپەروەردەی ئەویان ئەوەیە کە لە مەسەلەکانی رەوشتا دەربازی ببێو بە سەلامەتی بچێتە دەرەوە، دزیەک کە بە سەرفی دزی و لەزەت بوو نەیدەکرد، بەڵکە بە حیلەو فڕوفێل ئەو کارانەی بە ئەنجام دەدا، تا لە یاسای (خوترمەو کەڵبە) دڵنیا بێت، بە کورتی هەر کارێک کە ئەنجامی بدایە بە خاتری ئەوەبوو کە کردنی ئەو کارانە ساناتر بوو لەوەی کە خۆی بپارێزێت لە کارێ بەوانەوە، پێشکەوتن یا جگە لەوان لە (باک) دا زۆر بە خێرایی وە ئەنجام دەهات، ماسولکەکانی وەک چۆن پۆلاسەخت بوون، بە شێوەیەکی وای دایگرتبووە خۆی وەک بڵێی لە بەرامبەری هەر تەنگو چەلەمەیەک بەرگری بکات، هەستی بە دەردو ئازار نەدەکرد، لە بوونی خۆیا بە نهێنیو ئاشکرا کابانی دەکرد، هەموو شتێ هەر چەند بە نەفرەتو قێزو بێز بوایە یاخود پێی هەرس نەدەکرا، ئەوانی دەخوارد، هەرکە ئاواشی دەکردن تاقەتی دانەوەی گەدەی لە بەدەنی دا دەپچڕا، خوێن بە تەواوی بەدەنیەوە دەسوڕایەوەو سەخت ترین خانەی دروست دەکرد، هەستی بۆنکردنو بینینی (باک) یەکجار زۆر وردو هەستەنی بوو، هەروا هەستی بیستنیشی لەوانە کەمتر نەبوو، بچوکترین سەدای لە خەودا دەبیستو دەست نیشانی دەکرد، کە ئەو سەدایە مژدەی شادییە یان پەیکی موسیبەتو

نەگەبەتیە، فێر بووبوو کە ئەگەر لە نێو بەستەڵەکیشا رەق بێتەوە چۆن ئەو بەستەڵەکە وردوخاش بکاتو هەر کاتێ تێنوی دەبوو کونەکانی نێوان بەستەڵەکی دەدۆزیەوەو فێریش بوو بوو کە خۆی بە پاش بداتو بە دەستەکانی ئەو کونو کاژێرکانە بکاتەوە، یەکێکی تریش لە خەسڵەتەکانی بۆن کردنو دەست نیشانکردنو پێزانینی چۆنیەتی ئاووهەوای شەو بوو، کاتێ کە لانەی خۆی لە ژێر درەختان یا لە کەنار رووبارانەوە هەڵدەکۆڵی هەر چەندە شەو ئارام با، بای نائاسایی‌و توند پەکی ئەوی نەدەخست، (باک) نە تەنها ئەزموونی لە ژیاندا وەردەگرت، بەڵکو ئەو ئالودانەی کە سالان لە ئەودا مردبوون جارێکی تر زیندوو دەبوونەوە. عادەتو رەسمێ کە باوباپیرانی لە میانی شارستانیەتیدا بە خۆیان وەگرتبووو وردە وردە دوور دەکەوتنەوە، لە ویدا هێدی هێدی دەگەیشتەوە ئەو سەرەتاو ئادابو رەسمەی باپیرە زۆر لە پشت دوورەکانی، دەگەیشتەوە ئەو زەمانەی کە سەگە کێویەکان دەستە دەستە دەکەوتنە رێ‌و لەنێو جەنگەلاندا دەژیان، لە رێگا بەدوای کوشتو کوشتار کەوتن خواردمەنی خۆیان ئامادە دەکرد، ئێستا پەڕینو چنگ لێگیر کردنو هەڵدڕینو خێرا پاشە کشە کردن وەکو گورگەکانی تر، بۆ (باک) کارێکی سەختو ئیدی بۆ ئەو دژوار نەبوو، ئەژدادەکانیشی بە هەمان ئەو جۆرە جەنگو ململانێیان دەکرد، ئەو سونەتەشیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بە میرات بەجێ هێشت، ئێستاش هەموو ئەوانە لەبەر چنگی ئەو دایە، بەبێ هەوڵو تەقەلاو کۆشش هەموو ئەوان فروفێلانەی بەبیر دەهێنایەوە، چونکە وەک بڵێی چەندان ساڵە هەڵگێڕو وەرگێڕو دوبارە کردنەوەی ئەو شتانە ئەنجام دەدات. لە شەوانی ساردو ئارامدا زەمانێ کە لوتی خۆی روەو ئەستێرەکان هەڵدەبڕی‌و گورگ ئاسا دەیلوراند وەک بڵێی باپیرانی بوون لە میانی چاخو سەردەمەکانەوەو لەژێر خاکا سەریان دەرهێنا بووو دەیانلوراند، لە ژێر وژەی هاوارەکانیا دروست وەکو ئەوان بوو، هاوارێ کە دەردی ئەوانی دەردەبڕی‌و دادێ کە دەربڕی ئارامو ئاسایش‌و ساردی‌و تاریکی بوونی ئەوان بوو، بەم جۆرەو بەهۆی ئەوەی کە (ژیان لە هۆڵێکی نێوان بۆشایی‌و شانۆیە وەک چۆن بازی بوکە شوشە وایە، لە گەرووی (باک)دا هاوارێکی کۆنی هەڵدەچنیەوە، ئەوی ..دەبردەوە سەر سەرەتاو رەسەنی خۆیەوە، هۆی ئەو گەڕانەوەیە بۆ بنەگەو سەرەتاو چاوگەیە، کەسانێ بوون کە لە کەنارەکانی قوتبیدا زەردە مسیان دۆزی بۆوە، ......،...... هەروا مانوێلی یاریدەدەری باخەوان بووو کە کرێی پارەکەی بەشی گوزەرانی ژنو چەند منداڵێکی ئەوی نەدەکرد.

## بەشی سێهەم
خووی شیری

سروشتی رەسەنی ئاژەڵی لە (باک)دا گەلێک بەهێز بوو، لە مەرجە سەختو بێ رەحمەکانی ژینیاو لە کاری داشقەچییێتیدا، ئەو سروشتە رەسەنە ئاژەڵیە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر هەڵدەگیرسا، وەلێ ئەم پەیدا بوون‌و سەرهەڵدانی نهێنی بوو، لە رۆژدا (باک) حاڵەتی مەکرو فێڵی بەسەر خۆیدا سەپاندبوو، پێش ئەوەی کە سەلیقەی بێتەوە سەر هێمنی خۆی خۆی لە زیندەگی تازەدا رادەهێنا، نەک بە تەنها پەیوەندی بە جەنگەوە نەبوو بەڵکو تا ئەو رادەیەی بێ توانایە لەوانە بە دوور دەکەوتەوە زۆر بە چاکی لەو راستیە گەیی هەرگیز خۆی نەدەکردە دیلی تورەیی‌و رەفتاری عەجولانە، ئەو رق‌و تورەییەی کە لە نێوانی خۆی‌و (ئەسپیتز)یشا سەری هەڵدابوو بە ئارام‌و لەسەر خۆیی تاملی دەکرد، هیچ کارێکی توندو تیژی بە ئەنجام نەدەگەیاند، لە بەرامبەر ئەسپیتزیشا کە رەنگە دەیزانی (باک) بۆ ئەو رەقیبێکی ترسناکە، ساتێک لە بە دەرخستنی تورەیی‌و ددان پێ نیشان دانیا خافل نەدەمایەوە، هەتا ئەو بێ پەروایە گەیشتبووە رادەیەک کە ئازاری (باک)یشی دەداو هەمیشەش تێ دەکۆشێ تا ئەو لێدان‌و کوتانە بە مەرگییەکێکیان کۆتایی بێت‌و زووش ئەم کارە تەواو بێت، ئەگەر روداوێکی چاوەروانەکراو روو نەدات ئەوە لە سەرەتای هەمان ئەو سەفەرە رەنگە ئەو خەباتە سەختە روو بدات، لە کەنار دەریاچەی (بارژ)داو لە نێوان باوو تۆفانەوە بە وەزعێکی نارەحەتەوە چادریان هەڵدا، بەفر بە توندی دەباری، بایەکی سەخت هەڵیدەکردو وەک تیغەیێ بە سەبرو ئارامەوە دەیبرین‌و دەیسوتاندن، تاریکی ناچاری کردن کە لە شوێنێکا بار بخەن کە بۆ ئەوان نارێک داهاتبوو، لە پشتی سەریانەوە دیوارێکی بڵند پەیدا بوو، پرووو فرانسوا ناچاربوون کە لە هەمان ئەو جێگەیەدا ئاگر بکەنەوە، تەختە خەوی خۆیان بەسەر بەستەڵەکەکانی دەریاچەکە پان کردەوە، بۆ ئەوەی بارکۆڵەی سەفەریان سووک بێت، چادرەکەی خۆیان دانایە (دیە) سەرەنجام بە چەند پەلە دارێک ئاگرێکیان کردەوە کە لە بەستەڵەکی دەریاچەدا خامۆش دەبۆوە،ناچار بوون نانی ئێوارە لە تاریکیدا بخۆن، (باک) جێگەی خۆی دروست لە ژێر بەردێک کە پەنایان پێدا بوو رێکدابۆوەو لانەکەی زۆر گەرم‌و نەرم بوو، بە رادەیەک کە لەوێدا هەستی بە ئارامی دەکرد، کاتێ کە فرانسوا کەلاکە ماسیەکانی بۆ گەرم کردنەوە لە نێوانیانا دابەشی کرد، (باک) بە تۆبزیش لە لانەکەیدا نەدەهاتە دەرێ، بەڵام کاتێک

که خورادنی خۆی خواردو گەڕایەوە لانەکەی خۆی دیتی جێگەکەیان داگیر کردوەو، لە لانەکەیدا لە مرەمرەک کە لە دەروونی لانەکەدا هەڵدەچوو تێگەیی دەبێ (ئەسپیتز) بێت، (باک) هەتا ئەو کاتە لە پێ هەڵچنینی دوژمندا حەوسەلەی تەنگ نەدەبوو، بەڵام ئەو کارەیان بۆ ئەو قەت قبوڵ نەدەکرا، سروشتی رەسەنی ئاژەڵیەتی تێدا قیت بۆوەو خۆی داسەپاند ئاوا بە تورەیی لەسەر سەری (ئەسپیتز)دا سوڕایەوە کە هەردوکیان سەرسام بوون، بە تایبەتی (ئەسپیتز)چونکە تەواوی ئەو رابردووەی کە لە (باک) دا هەیبوو بریتی بوو لەوەی کە رەقیبەکەی ئەو سەگێکی شەرمنو بە توانایە، بە هەمان ئەو هۆیە ریچزی خۆی هێشتا هەر پاراستبوو، ساتێک کە ئەو دووە لێک گیر بوون لانەکە تێکچوو، و هەردووکیان دەرپەڕین (فرانسوا) سەرسام بوو لە هۆی لێکدانیان گەیشتو هاواری لە (باک) کرد:
- زووبە هەقی خۆی بدێو کاری تەواوکە دزی سەگباب خێو، ئەسپیتز ئامادەی جەنگ بوو، لە حاڵێکا بە ئاگا لەخۆ بوونەوە، پاشەکشەی کرد، تا خۆی خڕ کاتەوەو هەڵکوتێتە سەروپۆتەڵاکی (باک)ەوەو لەبەر تورەییو رقەوە دەیمراند، (باک)یش دەستی لەو کەمتر نەبوو، چونکە ئەویش بە ئاگا لەخۆ بوونو تورەییەوە بەدوای شوێنگەیەکی لەبار دەگەڕا، هەمیشەی بە دەوری (ئەسپیتز)دا دەسوڕایەوە دروست لە هەمان ئەو ساتەدا رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو روویدا، تەنگوچەلەمە ئەو رێکەوتەی کە کێشمەکێشمی سەر سەرۆکایەتی نێوان (باک)و (ئەسپیتز) بوو پاش بڕینی چەند فرسەخێک رێ، سەدای تاسەزاری (پرو) لە قوڵایی تاریکیو بێدەنگیەوە دەنگی دایەوە، سەدای زەربەکانی خوترمە لە لەشی ئێسقاناویەوە لورەو وەڕینی کسۆکەکانی کە لەبەر ئازاری کوتکەوە دەیاناڵاند هێرشی شەیتانەکانی قوتبی رادەگەیاند، لە پرێکا روون بۆوە کە هەموویان ئابلوقە دراون بە سەگەکانی تروقات بووی (ئەسکیمۆ)وە، هەروا دەوروبەریان لەو بوونەوەرە لەڕو لاوازو توکناویانەدا پڕ بۆتەوە، رەنگە هەشتا تا سەد سەگ دەبوون، کە خوویان بە گوندێکەوە گرتبوو، بۆنیان کردبووو دروست لەو ساتەی کە (باک)و (ئەسپیتز) لە کەڵمو کلۆم کردنی یەکتردا بوون، ئەوان رژانە ئەو ناوەو کاتێ کە (فرانسوا)و (پرو) بە خوترمە کەوتنە گیانیانەوە ئەوانیش بایەخیان لە ددانەکانی خۆیان وەردەگرت، سەگە قوتبیەکان لە بۆنی خۆراک مەستو دێوانە بوون بوون، (پرو) یەکێ لەوانەی دی کە سەری خۆی بردبووە ناو قوتی خواردەمەنییەوەو لە هەمان کاتدا خوترمەی (پرو) بە توندیەکی هەرچەند تەواوتر بەسەر ئێسقانی لاوازو بێهێزی ئاژاڵدا دەهاتە خوارێ، قوتی خواردنەکەش بە تێکچوویی لەبەر

چنگی هاتە دەرێ، لە چاولێنانێکدا بە دەیان کسۆکی برسیلە نێوان نانو گۆشتی بەرازا بەر هەللا بوون، وێرای کوتینی خوترمە هێشتاش هەر سەر گەرمی خواردن بوون، لەژێر زەربەکانی یەک لەدوای یەکی خوترمەدا دەیانلوراند، بەلاّم تا دوا تیکە خواردن خۆیان لە گورە نەبرد، بەو دەردەو لە نێوان ئەو ماوەیەدا سەگە سەرسامە داشقەچیەکان هێشتا سەری خۆیان لە لانەکانیانەوە دەر نەهێنا بوو، کە لەگەڵ هێرشی یەک لەدوای یەکی هێرشبەران رووبەروو دەبوونەوە. (باک) تا ئێستا ئەو جۆرە سەگانەی نەبینی بوو، بە رادەیەکیش لاواز بوون کە ئێسقانیان لە پێستیاندا دیار بوو، چاوانی سوورو کەڵبەی تیژیان هەبوو، لەبەر برسیەتی زۆربەیان بە ترسناکو دڕندە خوو هەڵگەڕا بوون، کەسێ توانای ململانێی لەگەڵیاندا نەبوو، لە یەکەمین هێرشی سەگەکانی داشقەکێش تا کەناری تاشە بەردێ پاشەکشەیان کرد، سێ سەگی (ئەسکیمۆ) کەوتنە گیانی (باک)ەوەو لەیەک کاتدا سەروشانی (باک) بریندار بووو های هویەکی ترسناکی لێ بەرز دەبوەوە (بیلی) بە پێی عادەتی خۆی دەینالاّندو (دیو)و (سلیکس) کەلەبەر کاریگەری هێرشی توندوخوێن لە لەشیانا دەچۆڕایەوە، ئازایانەو بێ نموونە لە تەک ئەو لەگەڵ دوژمنانا دەجەنگین (جو) دێوئاسا هەرچی بەبەر ددانی کەوتبایە قەپی لێگیر دەکرد، جارێکیان پەلی سەگێکی (ئەسکیمۆ) ی کەوتەبەر ددانی (جو) لە یەک کاتدا دەستی وردو خاش کرد، (پایک)ی بەسەر سەری ئاژەڵێکا لینگی هەڵدەسوڕاندو بە خێرایی هەرچەند تەواوتر گەروی بە ددانەکانی گرتو گەردەنی شکاند (باک) لەگەڵ دوژمنی کە دەمی پڕ کەف بوو بوو دەجەنگیو گەروشی بە ددانەکانیەوە گرتبوو، بەلاّم چونکە ددانەکانی لە قوڕقوڕاگەی چوو بوونە خوارێو تێکەلاّوی خوێن ببوو، گەرماییو تامی خوێن لەبەر ددانیا ئەوی وەحشی تر دەکرد، لە پشتیەوە سەگێکی تر هەڵبەزیو لە هەمان کاتدا هەستی کرد کە کەڵبەی سەگێکی تر لەسەر گەرووییەوە قەپ دەگرێ دایدەگرێت ئەوەیان (ئەسپیتز) بوو کە بە نامەردیی لە پشتیەوە هێرشی هێنا بووە سەری (پور)و (فرنسوا) کە دەوروبەری خۆیانیان لە بوونی سەگە هێرش هێنەرەکان خاڵی دەکردن، هاتنە دیار سەگەکانی تری سورتمەکێش تێکڕای چڕی سەگە وەحشیو نەهامەتیەکان بەرکەنار بوون، (باک) تەکانێکی دایە بەرخۆو خۆی دەرباز کرد بەلاّم ئەو ئازادییە ساتێکی نەخایاند فرنسواو پرو بە خێرایی گەڕانەوە تا بەرماوەی خواردەمەنیەکان کۆکەنەوە، بەهەمان ئەو هۆیە سەگە هێرش هێنەرەکان دووبارە هێرشیان بردەوە سەر سەگە سورتمەکێشەکان، (ئیسلی) کە لەبەر زۆر ترسانی بی حاڵ بوو بوو، خۆی لەبەر هیلاک

کردنی هێرشکەران دەرهێناو بەسەر بەفرەوە تێی تەقاند، (پایک)و (داب) بە دوای ئەوەوە رایان کرد هەموو سەگەکانی تری داشقەکێش لە پەیڕەو کردنی ئەوانەوە تێیان تەقاندو رایان کرد کاتێ کە (باک) پشتی خۆی جۆرو  خۆی کۆکردەوە تا بە دوای ئەوانەوە ئەویش راکات، (ئەسپیتز) ی دیت کە دەیویست هێرشی بکاتە سەر، ساتێ کە (باک) کەوتە سەر زەمینو لەژێر دەستو پێی سەگەکانی (ئەسکیمۆ) قەراری گرت، ئیتر ئومێدی بە ژیانەوە نەما، بەڵام (باک) یەکەمین هێرشی (ئەسپیتز) رەت کردەوە پاشانیش بە دوای هاوڕێکانیا بەسەر دەریاچەی بەستەڵەکەکانا تێی تەقاندو ئەویش هەڵات. ئینجا نۆ سەگی داشقەچی بە دەوری یەکا کۆبوونەوە پەنایان بردە بەر جەنگەڵ، لەبەر ئەوەی سەگەکانی (ئەسکیمۆ) دەستیان لێ هەڵگرتبوون، بەڵام دیسان تووشی وەحشەت بوو بوون، لە نێوان ئەوانەوە یەکێکیان تێدا نەبوو کە چوار پێنج جێگای بریندار نەبوو بێ، لە حاڵێکا هەندێکیان لەمانە برینێکی قووڵی هەڵگرتبوو، (داب) پێی چەپی زۆر بریندار بوو بوو، (دالی) کە دوا سەگی (ئەسکیمۆ) بوو خۆی گەیاندبووە، دارو دەستەی سەگە داشقەچیەکانەوە چاوێکی کوێر بوو بوو، (بیلی) کە هەر لە خۆیەوە نەجیب بوو گوێچکەی پارە پارە بوو بوو، لە تەواوی ماوەی شەودا لەتاو دەردی گرانیەوە دەهاتو دەچوو ناڵە ناڵی بوو، کە خۆر هەڵات شلو شەکەت لەسەرەخۆ گەڕانەوە چادرەکە، ئەوسا دیتیان کە خەبەرێ لە هێرشکەرانەوە نیەو (پرو)و (فرانسوا)ش هەروا نارەحەتن، سەگەکانی (ئەسکیمۆ) هەتا قایشو چەرمەکانی داشقەشیان هەر جوی بوو، بە کورتی دەتوانین بڵێین هەرچی کەوتبووە بەر دەستیان چ خواردن بوایە چ نەخورا بوایە هەموویان خواردبووو جووی بوویان، یەک لنگە پێڵاوی (پرو)و قایشەکانی داشقەو هەتا نیو مەتر قامچی (فرانسوا)شیان خوارد بوو، لەو کاتەدا (فرانسوا) لەو دیمەنەدا خەفتار بوو، چاوی هەڵگرت هەتا سەگە بێمارەکانی خۆی ببینێ بە ئارامی گوتی:
– ئۆە..هاوڕێکانم لەوانەیە ئەو هەموو قەپو کەڵبانە هەمووتانی شێتو شەیدا کردبێ، رەنگە هەمووتان شێت بوو بوون، ئەدی تۆ (پرو) بیر لە چی دەکەیتەوە؟ پەیکی پۆستە سەری هەڵتەکان لەو چوارسەد میلەدا کە نێوانی ئێرەو (داوسان)بوو، هەرگیز نەیتوانی خەیاڵیبڵاوبوونەوەەی هاری لە نێوانی سەگەکانی خۆی لە مێشکیدا بخاتە مەترسیەوە، سەرەنجام پاش دوو سەعات تەلاشو کۆششی سەگەکانیان جەمو جۆر کردو بەستیانەوەو ئەوانەی برینداریش بوو بوون، هەوای سار بەستابوونیو کەوتنە رێ، بەسەختی تەلاشیان دەکرد تا بە گێچەڵترین بەشی رێ تا نێوانی (داوسان)

ێ ببڕن، رووباری (سێ میلی) کرابۆوە، تەنها لە جێگا قووڵە بچووکەکانەوە ئاو دەیبەستا، شەش ڕۆژی تەواو  بە مەشەقەتیو ڕەنجێکی زۆرەوە بەسەرچوو، هەتاوەکو سێ میلیان ڕێ تەی کرد، بە ڕاستی درێژی ئەو ڕێگایە بە گێچەڵو ترسناک بوو، پێیەک نەبوو کە هەڵی گرنو ڕووبەرووی مەترسیەک نەبنەوە دوجاران (پرو) کە ڕێ شاندەر بوو بەستەڵەکی ژێر پێی رووچووو هەردوو جاران خۆی بە داردەستەکەی گرتەوە کە لە دەستیدا بوو، چونکە خوترمەکە بە شێوەیەک بوو کە هەر جارەی کاژێرکێ پەیا با ئەو کاژێرکەی بە خوترمەکەی دەستی پڕ دەکردەوە، ورەیەکی سارد هەڵیکرد (گەرماپێو پەنجا پلەی لە ژێر سفر نیشان دەدا، هەر جار کە بەستەڵەکی ژێر پێی (پرو) دەشکا ناچار دەبووبۆ پاراستنی گیانی خۆی ڕاوەستێت، ئاگری ڕۆشن دەکردەوەو جلەکانی وشک دەکردەوە، هیچ ڕوداوێک لە کارەکاەکانیا ئەوی نائومێدو بێ هێڤی نەدەکرد بە عیلەتی ئەوەی کە بە پەیکی پۆستەکەوە هەڵبژێردرابوو، بۆیەکا وابوو، گیانی خۆی دەدایە بەر هەموو موسیبەتێک بە ئیرادەیەکی بە هێزەوە چاوی دەبڕیە ڕێگاکەوە، لە سپێدەوە تا ئێوارە تەلاشی دەکرد، سنووری کەنارەکان کە شەختەیەکی ناسکی هەبوو لەوانە بوو لە ژێر داشقەدا بشکێ لەبەر ئەوە بەڕێ نەکەوتن، چونکە شەهامەتی ئەو کارەیان نەبوو، جارێکیان داشقەکە شەختەی ناسکی شکاندو بە (دیو)و (باک)ەوە چوونە خوارێ، کاتێ ئەو دووەیان هێنایە دەرەوە بەسترابوونو خەفە بوو بوون، نزیکەی ئاگرێکی ئاسایی بۆ ڕزگار کردنیان کافی بوو، چینێ لە بەستەڵەک لەشی داپۆشیبوون، (فرانسوا)و (پرو) ئەو دووەیان ناچار کرد کە لە دوورو نزیکی ئاگردا ڕابکەن بۆ ئەوەی ئارەقە هەڵڕێژنو بەستەڵەکی لەشیان بتوێتەوە، ئەوەندەیان غار دابوو کە گلپەی ئاگر چەند جێگایەکی لە بەدەنیان سووتاندبوون، جارێکی تریش (ئەسپیتز) ڕووچوو، تەواوی دەستەی سەگەکانی تا ئەو جێگایەی کە (باک)یان تێدا بەستبۆوە بە دوای خۆیەوە لە ئاوێدا هەڵهێنا لەو کاتەدا (باک) بە توندی خۆی کێشایەوە پاش لەپی دەستی بەبەر لێوارێکی لە خزیودا داگرت، لە حاڵێکا کە بەستەڵەکی ژێرەوەی پەلوپۆی دەلەریەوەو شل دەبۆوە لە هەمان ئەو بارەدا مایەوە ، لە پشت سەری (باک)ەوە (دیو) بوو کە ئەویشیان هەر وەکو (باک) خۆی وەپاش داو لەلای داشقەشەوە (فرانسوا) وەستابوو، بەم جۆرە ئەستەمیەوە داشقە دەکشایەوە پاش کە ڕەگی پەلوپۆی بە دەنگ هاتبوو، سەرەنجام دووبارە شەختەی کەنار دەریا وردوخاش بوو، تەنها چارەش بەسەر بەرد کەوتن بوو، (پرو)

زۆر سەیر خۆی کێشایە سەرەوە، (فرانسوا)ش هەروا لە خوارەوەدا بە ئومێدی ئەو موجیزەیە بوو، قایشو هەوسارو قامچیان لەیەک شەتەک داو کندرێکی درێژیان دروست کردیەک یەک کسۆکەکانیان بۆ بەرزایی تاشە بەردەکەوە هەڵکێشا، (فرانسوا) پاش داشقەو بارکۆڵەودوای هەموویان گەیشتنە سەرەوە بە دوای ڕێگایێ هاتنە خوارەوە سەرەنجام بە یارمەتی هەمان کندری درێژەوە هاتنە خوارەوە، بەهۆی تاریکی هەوای سەر دەریا بە درێژایی ئەو ماوەیە لە چوار میل زیاتر ڕێیان نەبڕی بوو، کاتێ کە گەیشتنە (هۆتالینکۆ) شوێنێکی وا بوو بەستەڵەکی ژێر پێیان توندو ئەستوور بوو، (باک) لە حاڵ کەوتبوو سەگەکانی تریش لەهەمان ئەو حاڵەدا بوون، (پرو) بۆ پڕ کردنەوەیکاتە لە دەست چووەکان، بەیانی زوو بەڕێی خستن لە کاتی درەنگی شەودا کەمێ حەسانەوە، ڕۆژی هەوەل سێ چارەک ڕێیان بڕیبوو، گەیشتنە (سالمون)ی گەورە، ڕۆژی دواتر سیو پێنج میلی تریان بڕیو گەیشتنە (سالمونی بچووک) ڕۆژی سێهەم چل میل ڕۆیشتن نزیکی (پێنج میل)دەستو پێی (باک) وەکو پەلو پێی سەگەکانی (ئەسکیمۆ) پانو زەبەللاح نەبوو، چەند نەوەیەک لەمەوپێش بەو لایەدا لەو کاتانەی کە دونیای وەحشەت ئەوی وا لێکردبوو، کە ئەشکەوت نشین ماڵی ببێ، هێدی هێدی دەستو پێی (باک) نەرمو نیان دەبوو بە درێژایی ڕۆژ بە ڕەنجو سەختیەوە لنگی دەکوتا، هەر بەوەی کە چادر هەڵدەدرا وەکو سەگەکانی مردوو دەکەوتە سەر زەوی، لەو حاڵانەدا بەو هەموو برسیەتیەوە لە شوێنی خۆیا تەکانی دەدا، (فرانسوا)ش ناچار دەبوو کە خواردنی بۆ بباو لە پێشی دانێ، (فرانسوا) هەر شەوێ نیو سەعات دەستی بەسەر دەستو پێیدا داهێناو ناچار بوو کە نیوەی سەرەوەی چەکمە پێست مامزەکەی بۆ لێبکاتەوەو چوار کەوشی بۆ دروست بکات، ئەو کارە یارمەتیەکی چاک بوو بۆ (باک) بە شێوەیەک ڕۆژێکیان (فرانسوا) لەبیری کرد کەوشەکانی لەپێ بکات، (باک) بەسەر زەویدا ڕاکشا بوو هەر چوار پەلی لە هەوادا ڕادەتەکان تا بێنە هانای، نەیدەتوانیبەبێ ئەو کەوشانە بجولێتەوە، ئەو دیمەنە بزەیەکی هێنایە سەر لێوی (پرو) پاشان لەبەر زۆر ڕاکێشانی داشقەی بەفرێ پێیەکانی (باک) ڕەقو تەق هەڵگەڕا بوونو کەوشەکانی بە دەورا هەڵدا، ڕۆژێکیان بەیانی بوو کاتێ سەگەکانیان بەسەر کەنارێکا بەستیایەوە، (والی) قەت کاری جوانی نەکردبوو، لەناکاورا شێتایەتی گرتیو گورگانە لوراندی بە جۆرێ کە مووی لەشی هەموو سەگەکان قیت بوونەوە، پاشان خزایە لانەی (باک)، (باک) کە تا ئەو کاتە سەگی هاری نەبینی بوو، بۆیە لەو حالەتەدا دەترسا، بەڵام هەستی کرد

که شتێکی وەحشەتناکە، بەناچاری لە رووی ترسەوە هەڵات، (باک) لە پێشەوە راست هەڵدەهات، (دال)یش هەر بە دەمی بە کەفەوە لە پشتیەوە هەلبەزینو دابەزینی بوو. (باک) لە ترسا بە خێرایی رایدەکردو نەیدەتوانی ماوە لە (دال) وەرگرێ هەروا (دال)یش نەیدەتوانی بیگاتێ، (دال)ی تووشی شێتایەتیەکی لەرادە بەدەر بوو بوو، (باک) لە جەنگەڵێکا چووە خوارێو رای کرد، لەسەر رەوگەی بەستەڵەکا رەت بوو، چەند دورگەیەکی کردو گەڕایەوە هاتە ئەولای رووبارەکەوە دوبارە بە نائومێدی بە نێوانی ئەو روبارانەدا تێپەڕی، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تەماشای پشتی سەری خۆی دەکرد، بەڵام دەنگی هەناسەی بەرزی (دال)ی لە دووری یەک پێی خۆیەوە هەست پێدەکرد، فرانسوا لە لە دوورایییەکی پێنج سەد پێیی بانگی (باک)ی دەکرد، (باک) بە خێرایی گەڕایەوە لای، (دال)یش هێشتا هەر بە دوای (باک) ەوە رای دەکرد، (باک) لە هەناسەدان کەوتبوو چونکە زۆر ماندو بوو بوو، ئومێدی بە (فرانسوا) بوو (فرانسوا)ی خوترمە بەدەست ئامادە بوو، هەرکە (باک) بە کەناریا رابرد خوترمەیەکی بە توندی خێواندە سەری (دال)، (باک) ماندوو مردوو لەحاڵ کەوتبوو بە هەناسەبڕکێ لە کەناری داشقەدا کەوت، لەو کاتەدا (ئەسپیتز)یش بایەخی لەو هەلە وەرگرتو کەوتە سەر (باک)و ددانی لە گوێی دوژمنی بێ بەرگری تا ئێسقانی بردە خوارێو هەڵیدڕاند، قامچی (فرانسوا) بەسەر پەیکەری (ئەسپیتز)ەوە هاتە خوارێو (باک) ئومێدی بوو بەوە کە زەربەی قامچیەکە بە رادەیێ توند بوو تا ئەو کاتە هیچ سەگێک  ئەم جۆرە قامچیەی نەخواردبوو، (پرو) گوتی:

– (ئەسپیتز)یش دێوێکە ها، دەزانم رۆژێ (باک) دەکوژێ، (فرانسوا) وەلامی دایەوەو گوتی:

– تەواوی ئەو ماوەیەی کە من تەماشای چاوانی دەکەم دڵنیای کردم کە (باک)یش دوتا دێوە، ببینە رۆژێ دێ (باک)یش بکەوێتە سەر سەگی خۆیو لێدەداو سەرتاپای (ئەسپیتز) کەلوکرۆم دەکاتو گۆشتی لەسەر بەفرا تف دەکاتەوە، دەڵێی نا وانیە ئێستا ببینە، لەو ساتەدا گێرمەو کێشەیەکی شەڕاوی لەنێوانی ئەو دووەدا بەدیار کەوت، (ئەسپیتز) تا ئەو کاتە رابەرو سەرۆکی رەوەی سەگان بوو، بەڵام وردە وردە هەستی پێدەکرد جێگەکەی بە هۆی سەگێکی باشور لە مەترسی دایە، بە راستی (باک)یش لە عادەت بەدەر بوو، لەو هەموو سەگە باشووریانەدا هیچ یەک وەک (باک) نەی دەزانی داشقەی بەفر رابکێشێت، سەگە باشووریەکان چەند ئاژەڵێکی نەرمو نیان بوون بەهیچ جۆرێ تاملی سەرماو برسیەتیو تێنویەتیان نەدەگرت، زۆربەیان هێزی بەرگری خۆیان لە دەست دەداو

دەمردن، تەنها (باک) بوو رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبوو، لە کێوگەرێتیو فێڵبازیدا دەیتوانی پێش سەگەکانی (ئەسکیمۆ)ش بگرێتەوە، لە دواییشدا بە سەگیکی کارامە بەڕی خۆی لە ئاوێدا هێنایە دەرێ، هۆیەکەشی خوترمەی ئەو کابرا سوورپۆشە بوو کە شلیو خاویو غروری ئەوی کوشتبوو (باک) ی کردبووە بونەوەرێکی زرنگو حیلەباز ماوەی خۆشی وەکو سەگەکانی چۆڵپەرست بە ئارامی دەبردە سەر، جگە لە جەنگ بۆ وەدەست هێنانی پلەی یەرۆکایەتی چارەیەکیتر نەبوو، (باک) هەر ئەو خەیاڵەی دەخواستو بەو هۆیەوەش بە لێدانو کوتان رازی بوو، چونکە غروری تایبەتی داشقەکێشان سەخت بوونی ئەوی داگرتبوو، غرورێ کە تا دوا هەناسە سەگەکان بە تەلاشو کۆششەوە مەجبوور دەکات، غروری کە دەبوا هەبوایە تا لە ژێر هەوسارو قایشو قامچی داشقەدا گیانیان بدایە، هەروەها جیا بوونەوە لە هەواری داشقەدا بۆ ئەوان لە جیاتی مەرگ شکستی ئەبەدی بوو، (دیو)ش کە مەئموری بەشی هەڵسوڕان بوو هەمان ئەو غرورەی هەبوو، (سلکس) بە تەواوی کۆششیەوە داشقەی رادەکێشا ئەویش پڕ لە هەمان غرور بوو، غرورێ کە لە چەلی پێچانەوەی چادردا لە پڕێکا ئەوانی لە جێدا دەرپەڕاندو تورەییووەحشیگەرانەی ئەوانی بەشەیداییو گەورە داوایی دەگۆڕیەوە، غرورێ کە زەربەکانی قامچی لە لەشیاندا پاکیو روونی خەڵق دەکردو شەوان دەیبردنە خەوێکی ئارامەوە، لە شیرین خەودا بەرهەڵلای دەکردن هەر ئەو غرورەش بوو کە (ئەسپیتز)ی هان دەدا  تا سەگە داشقەکێشەکان تەمێ بکات کە بێ سەروشوێن سەریان هەڵدەگرتو رایان دەکرد، یاخود بەیانیان لە کاتی بەستنەوەی داشقەدا خۆیان دەشاردەوە.. سەرەنجامیش هەمان ئەو غرورە بوو کە بووە هۆی ئەوەی (ئەسپیتز) لەبەر خاتری پاراستنی پلەی سەرۆکایەتی لە (باک) بترسێو (باک)یش ئەو جۆرە غرورەی پەیدا کردبوو، ئیتر سەرۆکایەتی (ئەسپیتز) کەوتبووە مەترسی، بە تایبەتی کە (باک) نەیدەهێشت (ئەسپیتز) سزای هەڵاتووەکان بدات، شەوێکیان کە بەفرێکی زۆر باری بوو بۆ بەیانی -پایک-ی نەخۆش ون بووو خۆی لە ژێر کلۆ بەفرێکا بە ئاسودەیی شاردبۆوە، (فرانسوا) بێ هودە بانگی دەکردو بەم لاو بەولادا بەدوایا دەگەڕاو دەسووڕا لەو کاتەدا (ئەسپیتز)یش زۆر بە گەرمیو جۆشو خرۆشەوە بەو دەوروبەردا دەسوڕایەوە، بۆنی دەکردو هەر جێگایێ کە لەوانە (پایک) خۆی تێدا پەنهان کردبێ هەڵیدەکەند، بە رادەیەکی وا وەحشیانە دەیمڕاند کاتێ کە (پایک) گوێی لەو دەنگە بوو لە شوێنی خۆیدا بە توندی دەلەرزی، کاتێکیش کە لە بەفرێیان دەرهێنا (ئەسپیتز) هێرشی کردە سەرێ تا بە ئەدەبی بکات،

بەڵام (باک) بە قودرەتو تورەییەوە رایکردە (ئەسپیتز)و (پایک)ەوە لەبەر ئەوەی کە ئەو کارەش کارێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، (ئەسپیتز) کەوتە دواوەو بەسەر زەمیندا گلۆر بوەوە، (پایک)یش لەبەر وەحشەتا دەلەرزی بە پاڵپشتی ئەوەوە جورئەتێکی دۆزیەوەو پەڕی بە رووی (ئەسپیتز) دا ، (فرانسوا) لە حاڵێکا کە ئەو دیمەنە دەیخستە خەندە، راستی لە حەقی (باک)دا خستەکار، بە لێدانێکی قامچیەکەی بەرکەناری کرد بەڵام (باک) گوێی نەدایەو ئەو گوێ تەزینە تا ئەو کاتەی کە دەستەی قامچی بە توندی بەسەری کەوت، (باک) کە لەبەر زەربەی قامچیدا گێژ ببوو کشایەوە دواوە چەند زەربەیەکی تری قامچی بەسەر سەریا پەرشو بڵاو بۆوە، لەو کاتەدا (ئەسپیتز) هەلێکی دۆزیەوە تا (پایک)ی خەتابار تەمێ بکات، لە کاتێکا لە رۆژنی دواییدا نێوانیان بۆ (داوسان) کەمتر دەبوەوە، (باک)یش خۆی لە کاری (ئەسپیتز)و تاوانکارەکان هەڵدەقورتاند، بەڵام بەو تەگبیرو زیرەکیە لەو کاتەی کە پێدزەی دەکردو چاوە (فرانسوا)ی لە دوورەوە دەدیت. وردە وردە ئەو داسەپاندنە پەنهان ئامێزە بووە هۆی یەک حاڵەتی گوێ پێ نەدانی گشتی ئەو حاڵەتە ئەوەندە کاری نەکردە سەر (دیو)و (سلکس)، بەڵام وەزعی ئەوانی تر زۆر شپرزە بوو، ئیتر کارەکان بە دروستی ئەنجام نەدەدران پەیوەندی لە نێوان هەموویان حاڵەتێکی شۆڕشو هاییوهوو بوو، موزاحەمەتی یەکتریان دەکرد، لە تەواوی ئەو گفتوگۆیانەدا جێی (باک)یشی تێدابوو، (باک) وەی کردبوو کە ببێتە جێی سەرنجی (فرانسوا) .

(فرانسوا)ش تێگەیی بوو کە سەرنجام یەک کێشمەکێشی مەرگو ژیانی لە نێوان ئەو دووەدا بە زوویی دەرگیر دەبێ، بە چەندان شەو لێدانو کوتانی سەگەکان ئەوی لە خەوێدا رادەپەڕانو لەوە دەترسا نەبادا ئەو جەنگە سەیرە لە نێوان (باک) و (ئەسپیتز)ەوە روو بدات، بەڵام هەلێکیان بۆ نەهاتە پێش، رۆژێکیان دەوروبەری نیوەڕۆ بوو مەرجە خراپەکاتی ئاوو هەواش لە ئارادا بوو کە گەیشتنە (داوسان) ئەو پاڵەوانبازیەش پاشان لەوێدا روویدا، لە (داوسان)ێ سەگو ئادەمیزاد زۆر بوونو بەناو یەکتریدا تێک قژقژا بوون، (باک) بینی کە هەموویان سەرگەرمن، دەیزانی کە دەبێ هەموو سەگەکان لە کارو کۆشش دابن، لە تەواوی درێژایی رۆژێدا ئەوان دەستە بە دەستە لە کوچەو پشت کوچەکانی (داوسان)دا دەچوونە خوارەوە، لە شەوانیشا دەنگی زەنگوڵەکانی چەند سەگێک دەهاتە گوێ، دارو کوڵکەداریان دەهێنا بە مادەن یاریان دەبردەوە، بە کورتی هەموو کارەکانی (ئەسپان) کە لە دۆڵی (سانتا کلا) یان ئەنجام دەدا، سەگەکان خستوویانەتە ئەستۆ جار ناجارێ (باک) لەگەڵ سەگێکی ئەسکیمۆدا رووبەروو دەبووەوە، بە

شێوەیکی گشتی سەگەکان لە نەژادی گورگی ئەسکیمۆن، هەموو شەوێ لەنێوان سەعات (٩)و (١٢)و (٣)دا هاواری وەحشەتناکیان بەرز دەبۆوەو (باک) لەوەدا خۆی لە نێوانیانا بە خۆشحاڵی دەدیت، لەگەڵ درەوشانەوەی ئەستێرەکانیسەرروودا کە جار ناجارێ مردوو بێ رەنگ لە ئاسمانێدا دەسووتانو لەگەڵ ئەستێرەکانی کە لە هەوای سارد دا لەملا بۆ ئەولا هەڵدەڕژان، هەروا زەمینێ کە پەشمەیەکی لە بەفری بەستەڵەکا بەخۆیدا کێشابوو، ئەو سەگانەی ئەسکیمۆ نالەیان سەردەداو گوایە وا بە دیار دەکەوت، کە ژینیان بە گێرمەو کێشەوە دەوێت، ناڵەو هاوارەکانیشیان مایەی گریان بوون، وێکچوونێکی تایبەتی بە دوای ژیانو کۆششی بێهودە بۆ دۆزینەوەی (بوون) هەبووسرووودێکی کۆنیان سەر دەدا، سرووودێ کە باوانیان دەیانچڕی، سرودێکی خەمبار بەیادی دەورانی گەنجی ئەوانەوەو رۆژگاری پڕ لە خەفەتیانەوە، ئەو هاوارە پرسەدارە، گێرەرەوەی خەمە زۆرەکانی نەوەکانی رابردوو بوو، کاتێ کە (باک) لەگەڵ ئەواندا دەیناڵاندو دەگریا، لەگەڵ رەنجو گریەی باوباپیرانی کێوی خۆیدا بەشداری دەکرد، سرووودی ترس یاخود ترسی پڕ لە نهێنی سەرماو زولمەت، هەروا ترسێ لەو دوو شتەدا بوو، یا کاتێ کە (باک) بەو ناڵەو فیغانەوە هەڵدەچوو دەحاسایەوە، دەربڕی یەک گەڕانەوەیەکو تێهەڵچوونەوە بوو، گەڕانەوە لە کامل بوونو شارستانیەتو ژێر ساپیتەی خانوو، ئاگرو بەردو دەورانی پرسەییو لوراندن، حەوت رۆژ پاش چوونیان بۆ (داوسان) لەتەک کەناری سەرەو نشێو بەلای (دیە)و ئاوی سوێرا کەوتنە رێوە، پەیکێکی تری لەگەڵ خۆیدا هێنا کە خێراترو بە تینتر بوو، هەمان ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە بە مەغروری حیسابی ساڵ لە خەیاڵیدا پەروەردە کات، چەند شتێک یارمەتی ئەویان دەدا لەو رێیەدا یەک هەفتە لە حەسانەوەی سەگەکان هێزو حاڵی بەخشیە ئەوانو زۆر چاک ئامادەی کار بوون، ئەو رێگایەی کە لەبەردا بوو بەهۆی هاتو چۆی کاروانچیان کوترا بۆوەو هەموار بوو بوو، جگە لەمانەش ژاندارمیریەکان لە نێوان جیا جیای چەند پۆستەو هەنگاوێک خواردەمەنیان بۆ مرۆڤو ئاژەڵ وەبار هێنا بوو، سەرەنجامیش بارکۆڵەی (پرو)ش هەر سووک بوو بوو، رۆژی یەکەم گەیشتنە (شەش سەد میل) ماوەی پەنجا میلیان بڕی رۆژی دووەم کەمێک لە (یۆکن) رەت بوو بوون، روویان کردە (پلی) رێگا بەم سەختیەوە بەبێ یارمەتی (فرانسوا) نەدەکرا، سەپاندنو سەرکێشی (باک) کە خۆی لە وانی تردا تەژی دەکرد، زیانی دەگەیاندە هەستی هاوکاری کردنی ئەو گروپە، ئیتر ئەو بارە کۆنینەی جاران نەبوو، کە سەگەکان لە میوانی رێشمەو داشقەوانەکان دەنەخو،

به هاندانی سەگەکانی دیکەوە (باک) ئەوانی تری مەجبوری سەرپێچیو شۆڕش دەکردن، ئەو وەحشەتو شلەژانەی کۆن لە بەین دەچوو، کار دەچووە جێگایەکی دیکەوە کە روو لە رووی (ئەسپیتز) وەرگێڕن، شەوێک (پایک) نیوەی ماسی ئەوی دزیو خۆی لەپەنا (باک) ناو خواردی، شەوێکی تر (دابو جو) لەگەڵ (ئەسپیتز) تێک هەڵچوونو ناچاریان کرد کە جارێکی دی خۆی لەوان نەدات، هەتا (بیلی) بە یەکێتی سۆزی ئەوانەوە سۆزە کۆنەکەی خۆی نەماو ئیتر خۆی بە نالەوزاری هەڵنەدەکوتاو سەری شۆڕ نەدەکرد، (باک) نەدەکەوتە سۆراغی (ئەسپیتز)ەوە، تەنها ئەگەر رێکەوتی یەکتریان کردبایەو تێک هەڵچووبان کلکی قیت دەکردەوەو بە مرە مڕ هەڕوگیڤی لێ دەکرد، لە راستیدا ئەو کارەی (باک) شتێکی تری دەهێنایە کایەوە کە بە کورتی کار گەیشتبووە رادەیەک کە بە تی چاویەوە سەیری (ئەسپیتز)ی دەکردو لە تەکیەوە رەت دەبوو، لەو رۆژە بەدواوە ئیتر رێکوپێکیو گونجاندنی نێوان سەگەکان تێکدەقژقژاو (باک) هەموویانی لەژێر کاریگەرێتی خۆیەوە قەرار دابوو، سەرو سەوداو لورەو حەپین زۆرتر بوو بوو، تا رادەیەک کە لە دەوروبەری چادردا بەسەدان دەنگی حەپەو لورین دەبیسترا، هەر چەند کە (دیو) و (سلکس) تا سنووری کەوتبوونە ژێر کارتێکردنیئەو لێدانو کوتانە بەڵام ئەوەندە نەگۆرا بوون. (فرانسوا) بۆڵەبۆڵی بوو لەتوڕەییان پێی بە زەویدا دەکوتاو قامچی پەرشو بڵاوی سەر سەگەکان دەکرد، بەڵام بەو هەمووە کارێکی نەدەکرد،و کە دەگەڕایەوە بڕوات دووبارە جاڕو جەنجاڵی سەگەکان بەرز دەبۆوە، بە قامچی (ئەسپیتز)ی پاس دەکرد، لەبەرامبەر ئەودا (باک) بەرگریکەری مانی سەگەکانی تر بوو، (فرانسوا) هەستی پێدەکرد هەموو ئەو دەردەسەریە کاری (باک)ە (باک)یش دەیزانی کە (فرانسوا) ئەو راستیە دەزانی، بەڵام (باک) ئەوسا زیرەکتر بوو لەئەوان کە خۆی لە شوینێ گیر بکاتو بەهانەیەک بداتە دەست (فرانسوا)، لە کاتی داشقەکێشانا زۆر گوێ رایەڵانەو ئامێرئاسا کاری دەکرد، چونکە لە کارکردن وەردەگرت، بەڵام لەزەتەکەی دوو قات دەبۆوە کاتێ کە بە زیرەکی لە نێوانی هاوڕێکانیدا جەنگو لێدانو کوتانی دەهێنایە کایەوەو رێشمەی وەگیر دەخست، شەوێ بەر لە نانخواردنی ئێوارێ لە دۆڵی (تاکینا)دا کەروێشکێکی سپی پەیدا کردو بەدوای کەوت، بەڵام کەروێشک رای کردو لە هەمان ئەو ساتەدا تەواوی دەستەی سەگەکان بە دادو فریادەوە کەوتنە رێ، سەد مەتر دوور بوو، پۆلیسی فریاکەوتنی باکووری رۆژئاواقەراری گرتبوو، ئەوانیش سەد سەگی (ئەسکیمۆ) نەژادیان هەبوو کە لە راووشکارا بەشداریان دەکرد، کەروێشک

به خێرایی بروسکە لەکەناری رووبارا سەرەوژێر بۆوە، گەڕایەوەو چووە ناو گۆمێکی چکۆلە لەکەنارێکی بەستەڵەکا دەچووە پێشەوە، لەو کاتەدا بەولای رووێکی نەرمی بەفرا رای دەکرد، لەهەماندا کە سەگەکان لە پشتی سەریەوە بەفریان دەشکاندو هەڵیان دەکوڵیو دەهاتنە پێشەوە، (باک) لە پێشەوەی کۆمەڵی سەگەکاندا کە بە شەش سەد سەگ مەزەندە دەکرا رای دەکرد، لە پیچو پەنایاندا رادەبرد بەلاّم نەیدەتوانی بگاتە کەروێشکەکە، بە شەوقەوە دەکەوتە دەنگە دەنگو لەگەڵ بادا رایدەکرد، بەدەنی جوانی لەژێر مانگەشەودا دەدرەوشایەوە مەزنایەتیەکی پەیدا کردبوو، کەروێشکی سپیش هەروەک مردووان مەیی بووو دەجولایەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئالّودەی رەسەنی ئادەمی لە کاتو چۆنیەتیە تایبەتیەکانەوە مرۆڤ لە شارە پڕ لە های هوەکانەوە دەکێشێتە بێشەو جەنگەڵەکانەوە تا گرێی دلّی خۆی بە هۆرەو ئامێری سروشتیو کیمیایەوە رازی بکات، شەهوەت پەرستیو مەیلی خوێنڕشتنو ئاشق بوونو کوشتنو راوشکار بەشێکن لەوانە، لە (باک)دا ئەو جۆرە ئالّودەیە توندتر بوو وەک لە هی ئادەمیان، لە پیەوەی ئەو دەستەیەدا رایدەکردو کەوتبووە دوای ئەو ئاژەڵە کێویە کە (باک) ی دێوانە دەیخواست گوێچکەکانی بە کەڵبەکانی هەڵدڕیو بیخواتو لموزی خۆی تا رادەی چاوەکانی لە خوێنی گەرمیدا بشوات....حاڵەتێکە دروستکەری سەرمەستیەکە لەوپەڕی مەیلەکانی یەک بونەوەری زیندوودا کە لە چۆنیەتیو حالەتێک بالاّتر نییەو یەکێکە لە هاودژە زۆرەکانی زیندەگی، ئەو حاڵەتە کاتێک روودەدات کە ئادەمی زۆرتر لە هەموو کاتێکیتر هەست بە ژیان دەکات، هەر ئەو هەڵکشانو هەڵچوونەیە دێتە سۆراغی دیلو بە ئاگرەوەی دەکوژێت، کاتێکیش دێتە سۆراغی سەربازێکەوە دێوانەئاسا دەجەنگیو خوێنڕێژی دەکات، هەمان حاڵ کاتێک کە دەستی لە (باک) دا دەبوو لە پێشەوەی سەگەکان رایدەکردو هەمان دەوری گورگەکانی وەردەگرت کە بە دوای خورادەمەنیەک رایدەکردو دەیبینی لەژێر رووناکی مانگەشەودا چاپوکانە رادەکات، نەعرەتەیەک کە لە گەروویەوە دەهاتە دەرەوە لە مایەی خۆی سروشتی خودی ئەژدادیدا دەگرتەوە، وەک بڵێی ژین سەرچاوەیەک بێ لەو ورگو هەناودا هەڵدەچوو، لە یەک کاتو لەژێر دەسەلاّتی شەپۆلی بووندا جومگە کراوەکانو حالەتی دروستکەری شادی قەراری گرتبوو، مەرگ نەبوو هەمووی جولانەوەو جونبوش بوو، لەژێر ئەستێرەکانەوە فرینی خۆی لە نێوانی نووندا هەست پێدەکرد، بەلاّم لەو نێوانەدا (ئەسپیتز) وەکو هەمیشە لەو جۆرە کاتانەدا ژمێریارێکی لەبار بوو، لەو دەستەیەی سەگەکان جیا بووەو چووە دەرەوە، چونکە گۆلەکە لەو

خالەدا ریگایەکی خرکۆلەی هەبوو، (باک) ئاشنای ئەو ریگەیە نەبوو لە حالیکا کە بە دەوری ئەو گەوەدا دەسوڕایەوە دوای ئەو رۆحە سەرگەردانەی کەرویشک کە لە بەرامبەریا رایدەکرد روونو رەوان بوو، لە پڕیکا (باک) شتێکی دی کە لەوە دەچوو بە رووی کەرویشکا هەڵبەزیەوە، ئەوەیان (ئەسپیتز) بوو کەرویشکەکە ریگەی گەڕانەوەی نەبوو، کەڵبەکانی (ئەسپیتز) لە هەوادا پشتی گرتەوەو شەقی کرد، کەرویشک وەکو مرۆڤی بە گوللە پیکراو ناڵەیەکی گیان سوتینەری سەردا بە بەرزبوونەوەی ئەو سەدایە کە هاواری بوونی زیندەیەک بوو کە رووبەرووی مەرگ دەبۆوە، تەواوی سەگەکان بە دوای (باک)ەوە رایان دەکرد لورەیەکی ئەهریمەنانەیان سەر دا. (باک) دەنگی لێوەنەهات، هەمان جۆر رایدەکرد، پاشان لەهەمان حاڵدا رووبەرووی (ئەسپیتز) بۆوە، شانیان پێک کەوتو ئەو پێکەوتنە ئەوەندە سەخت بوو کە (باک) نەیتوانی گەرووی (ئەسپیتز) بگریت، لەبەر خزانو گلۆر بوونەوەی ئەو دووەو بەفر وەکو تۆزوبا لە هەوادا بەرز بۆوە، (ئەسپیتز) راست بەسەر پێیەکانیەوە وەستا وەک بڵێی هەرگیز بە زەوی نەکەوتووە، کەڵبەکانی بە شانی (باک) دا ئاشنا کردو گەڕایەوە پاش، بەهەمان جۆر کە قیت دەبۆوە ئاواش پێیەکانی لە زەویدا دەچەقاند، ددانو شەویلکەکانی بە توندی ویک دەهێنایەوە، لێوەکانیشی لەبەر یەک کردبۆوەو دەیمڕاند، (باک) بە خێرایی چۆنیەتی ئەو کارەی دەرک پێکرد ئەو ساتە چاوەڕوانەکراوەیەکسەر بەدی هات، جەنگێ کە دەبێ سەرەنجام بە مەرگی یەکێ کۆتایی بێت، لە حاڵێکا کە بە دەوری یەکا دەسووڕانەوەو دەیانمڕاندگوێچکەکانی خۆیان شۆڕ کردبۆوە دواوە بچووکترین جوڵانەوەی یەکتریان لە روانگەی خۆیانا خستبووە ژێر چاودێریەوە (باک) ئەو مەیدانەی بەبیر خۆی هێنایەوە کە جەنگەلی دار سنەوبەرەکان بوو، زەویەکی مانگەشەوی شەوقی جەنگ، ئێستا بەسەر بەفری سپیدا سکۆتێکی میهردار فەرمانڕەوایە، بێدەنگی، هیچ سەدایێ هیچ جولانەوەیێ، لە ئارادا نەبووهەتا تاقە گەلایەکیش بەسەر لقەکانی درەختەوە نەدەلەریەوە، کسۆکەکان بە ئارامیەوە هەناسەیان هەڵدەکێشاو هەڵمی هەناسەیان کەمێک لە هەوادا دەمایەوەو تەواو دەبوو، سەگەکان لە راستیدا گورگی کێوی بوون، کاری کەرویشکیان خێرا تەواو کردو بە دەوری ئەو دووەدا ئەلقەیان بەستبوو، چاوەڕوانیان لەگەڵ بێدەنگیو کپی دابوو، بۆ (باک) ئیتر ئەو دیمەنە شتی تازەی نەبووو سەیریش نەبوو، وەک بڵێی ئەوەیان عادەتێکی رۆژانە بوو بێ، (ئەسپیتز)ی جەنگاوەر بە رادەیەکی تەواو خاوەن تاقی کردنەوە بوو،

له (ئەسپیتز برگن)ەوه تا کەنارەکانی قوتبی شیمالی له تەواوی گۆشەو کەنارەکانی کەنداوی (تونا)ەوه بگەیشتبایە هەر سەگێک لەگەڵیا دەکەوتە جەنگو سەردەکەوت، تاوەکو ئێستا باشیی خۆی سەلماند بوو، تورەیی لەگەڵ نەفرتو قودرەت بوو، توندی شەیداییشی هەر به درندایەتیەوه زۆر بوو، هەرگیز ئەو راستیەی فەرامۆش نەدەکرد که دوژمنیشی هەروا پەیوەندی لەگەڵ درانده‌یه‌تیەوه هەیە هەرگیز هێرشی نەدەبرد، مەگەر خۆی ئامادەی بەرگری کردن لەوانەوه کردبا، هەولو کۆششی (باک) بۆ به گاز گرتنی ئەو سەگە سپیە زەبەللاحه بێهودە بوو، هەر جارەی که ددانی (باک) به دوای جوینی گۆشتی نەرم بوایە، کەڵبەکانی (ئەسپیتز) یش هەمان جۆر بوو، ددانەکانی وێک دەکەوتنو لێوەکانیشی خوێناوی دەبوون (باک) نەیدەتوانی رەقیبی خۆی فەرامۆش بکات پاشان (باک) گڕی گرت، (ئەسپیتز)ی بەچەند هێرشێکی یەک له دوای یەکەوە داگرت، چەند جارێک هەولێ ئەوەی دا که به کەڵبەکانیەوە گەرووی بەفر رەنگی (ئەسپتز) بگرێت، چونکه رستەی ژینی لەویدا زووتر پارە پارە دەبێت، بەڵام (ئەسپیتز) که ئاشنای ئەو راستیە بوو بوو، هێرشەکانی ئەوی رەت کردەوەو چەند برینێکی له (باک) دەکردو دەکشایەوە پاش، جارێکیان (باک) به توندی هێرشی کردە سەر وەک بڵێی دەیویست که گەرووی حەریفی پارچە پارچە بکات، بەڵام خێرا له تەنیشتی چووە پێشێو به توندی خۆی کوتایە شانی، (ئەسپیتز)یش چونکه وەک بڵێی وای دەویست که دوژمنی به زەویدا بدات چەند جارێ ئەو هێرشەی دووبارە کردەوەو هەموو جارێکیش (ئەسپیتز) به کەڵبەکانی شانی دەگرتو دەکشایەوە پاش، (ئەسپیتز) هیچ ئازارێکی نەبینی بوو له حاڵێکدا که خوێن له لەشی (باک)دا بازرقەی دەکردو هەناسەی سوار بوو بوو، جەنگ لەوە دابوو که به شکستی (باک) کۆتایی بێتو سەگەکان بەبێ دەنگیو به ئارامیەوە له دەوریانا هەڵقەیان بەستا بوو، چاوەڕوانی دواهاتنی ئەو بەرنامەیە بوون، که ماندوو بوون، له سیمای (باک)دا بەدیار کەوت، (ئەسپیتز) هێرشی خۆی دەست پێکرد (باک) به توندی به زەوی کەوتو بڵند بۆوە جارێکی تریش (باک) به زەوی کەوت هەر شەش سەد سەگ بەسەریانا دارژان،بەڵام (باک) زوو خۆی جەمو جۆر کردو خۆی خڕ کردەوەو نەیهێشت حەریفەکەی پیرۆزی به دەست بهێنێ، ئەلقەی تەماشاکەرانیش نیشتەوە جێی خۆیو (باک) سروشتێکی دیکەی تایبەتی هەبووو ئەوانیش له ئەندێشەی ئەودا بوون هەمان جۆر که بەتەنێ دەجەنگیو به مێشکێکی چاک بیری دەکردەوە، دووبارە هێرشی کردەوە، دورست وەکو ئەوە بوو که دوبارە دەیویست هێرشی شانه

دەست پێ بکاتەوە، بەڵام لە دوا کاتدا سەری لار کردەوەو بە ددانەکانی لەپی چەپی (ئەسپیتز)ی گرت، دەنگی تێکشکانی ئێسقان بەرز بۆوە، ئێستا (ئەسپیتز) بەیەک دەستو پاوە دەجەنگێت سێ جار (باک) تێکۆشایەوە کە بە زەویدا بدات، پاشان هەمان ڕەوشی بەکار هێنایەوە و دەستی ڕاستیشی شکاند (ئەسپیتز) بەم جۆرە حاڵەوەش هێشتا هەر دەجەنگی، سەگەکانی دەبینی کە بە چاوانی بروسکاویەوە زمانیان بە دەوری دەمیاندا دەهێناو هەڵمی هەناسەیان بڵند دەبۆوەو دەچووە ئاسمانێ، بە بیری هاتەوە کەلەم جۆرە کاتانەدا سەگەکان بە دەستە جەمعیەوە هەڵدەکوتنە سەر حەریفی بەزیوەوە ئێستاش دەیەوێت کە ئەو جۆرە شانۆییانە بۆ وی ڕوو نەدەدات، ئەو جارەیان شکستی ئەو بووو ئەلقەی تەماشاچیان تەنگ دەبۆوەو ئومێدی نەبوو، (باک) تەواو بێ ڕەحم بوو، ڕەحمێ کە (باک) بۆ چوارچێوەی شارستانیەتی ئاگای لێدەبوو، (باک) بۆ دوا هێرش خۆی ئامادە دەکرد، ئەلقەی تەماشاچیان تەنگتر دەبۆوە، (ئەسپیتز) دەیتوانی هەناسەی سەگەکان لە پشتی خۆیەوە هەست پێ بکات، (باک) دەیبینی کە سەگەکان لە هەموو لایەکەوە چاویان بڕیوەتە (ئەسپیتز) تا پارچە پارچەی بکەن لە یەک ساتدا هەمو جێگایێ لە کپیو بێدەنگیدا چووە خوارێ، وەک بڵێی هەموو وەک چۆن بوون بە بەردێ ئاوا بوون، لەو نێوانەدا تەنها (ئەسپیتز) بوو کە لینگی دەبردە پاشەوەو پێشەوە، بە توندی دەلەرزی، بە سەدایەک دەیمڕاند وەک بڵێی مەرگ لە خۆیدا بترسێنێ، لەو کاتەدا (باک) بەلای ئەودا هەڵبەزیەوەو پاشان کشایەوە پاشەوە لە هەمان ساتدا لەگەڵ (ئەسپیتز)دا شان بەشان بۆوە، سەرەنجام کاتێ کە (ئەسپیتز) لە لاپەڕەی ڕۆژگار سڕایەوە ئەو ئەلقە ڕەشەی سەگەکان لەژێر ڕووناکی مانگەشەودا گوڕاو بووە خاڵێک، (باک) بە هەمان سروشتی ڕەسەنی ئاژەڵیەتی قارەمانانەی حەریفی هاوکاری خۆی کوشتو بە ڕازی بوونەوە سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد.

## بەشی چوارەم
سەردەستەی تازە

ئاها نەموت؟ دیتت کە گوتم (باک) دووتا دێوە؟ ڕاست بوو یا نا؟ (فرانسوا) ئەو قسەی بەیانی ئەو ڕۆژە کرد کە بینی (ئەسپیتز) دیار نیەو تەواوی لەشی (باک) لە خوێن هەڵاتووە، بە (پرو)ی گوتو پاشان (باک)ی بردە کەناری ئاگرو لەنزیک ڕووناکیدا برینەکانی ئەوی نیشانی (پرو)دا، (پرو) لەو کاتەی برینەکانی ئەوی هەتوان دەکردو گوتی:
– ئەو (ئەسپیتز)ە هەروەک شەیتان دەجەنگی، فرانسوا وەڵامی دایەوەو گوتی:
– بەڵام ئەو (باک)ە وەکو دوو شەیتان وایە، ئیتر ئێستاکە ڕووەو دەرەوەین دەتوانین بە خێرایی بەڕێ بکەوین چونکە هیچ هەواڵێ لە (ئەسپیتز)ی جانەوەر نیە، لە حاڵێکا کە (پرو) چادرو داشقەی هەڵدەکردەوە، فرانسوا سەگەکانی بە کندرەکەوە شەتەکدا، (باک) لەو کاتەدا خێرا خێرا چووە ئەو جێیەی کە بە زۆری (ئەسپیتز) بەناونیشانی سەردەستەی لێ شەتەک دەدا، بەڵام فرانسوا بەبێ ئەوەی بایەخی پێبدات، (سلکس)ی بردە وێ، بیری کردەوە کە (سلکس) باشترین سەگێکە کە بتوانێ بەڕێوەبەرایەتی سەگەکانیتر بکات، (باک) بە تورەیی هێرشی بردە سەر (سلکس) کە لە دوایەوە ڕاوەستا (فرانسوا) کەوتە خەندەو دەستی لە پێیداو هاواری کرد:
– باشە، باشە، سەیری (باک) بکە...(ئەسپیتز)ی کوشت ئێستاش دەیەوێت جێگەی بگرێتەوە.
پاشان بە (باک)ی گوت:
– بڕۆ وون بە!
بەڵام (باک) نەجوڵایەوە (فرانسوا) پشت گەردەنی (باک)ی گرت لەبەر ئەوە سەگەکە مڕاندی، فرانسوا ئەوی وەلاناو (سلکس) ی بردە جێگەی، سلکس لەو کارەدا ڕازی نەبووو زۆر بە ئاشکرا نیشانی ئەدا کە لە (باک) دەترسێت، بەڵام فرانسوا سەرکێشی کردو هەتا فرانسوا پشتی تێکردن (باک) پەڕیەوە سەرو کۆکلی (سلکس)و وەلای نا، فرانسوا ڕقی هەستاو خوترمەی بڵند کردو هاواری کرد!
– ئێستا تێت دەگەینم، لەو کاتەدا (باک) کەوتەوە یادی کابرا سوورپۆشەکە لەسەرخۆ چووە پاشەوە، کاتێ کە فرانسوا سلکسیبردە پێشەوە هێرشی دەکرد، تەنها کارێ کە کردی ئەوە بوو بە دەوری خوترمەوە دەیمڕاندو بە تورەییەوە تەکانی دەداو لەگەڵ ئەوەش ئاگاداری خۆی دەکرد نەبادا فرانسوا بیتەپێنێ، لەبەر ئەوەی (باک) لەبەر ئەوەی (باک) تامی خوترمەی

یەکجار بە چاکی چەشتبوو، (فرانسوا) ویستی کاری خۆی ئەنجام بدات رۆیشت تا (باک) لەسەر جێگەی خۆی کە لە پێش (دیو)بوو ببەستێتەوە، بانگی (باک)ی کردو دوو سێ پێ چووە پاشەوەو پاش ئەوەی کە چەند جارێک ئەو شانۆیە دووبارە بۆوە، (فرانسوا)تێلای دانا سەر زەوی چونکە دەیزانی (باک) ئەوە نەبوو ئارەزووی خۆ بەدەستەوەدانی هەبێ، خواستی (باک) ئەوە نەبوو کە لە ترسی کوتک خواردن رابکات، بەڵکو سەرۆکایەتی کردنی سەگەکانی دەویست، ئەو خەسلەتە بە راستی شیاوی ئەو بوو هەر بۆیەش تەلاشو کۆششی دەکرد، جگە لەوەش بە هیچ رازی نەدەبوو، (پرو) ش هاتە بەر رووداوەکان ئەوو فرانسوا دەوروبەری یەک سەعات کەوتنە داوی (باک)ەوە، بەڵام (باک) جێی خاڵی دەکردو هەمان ئەو دوانەش رایان دەکرد. (پرو)و (فرانسوا) جوێنیان بە باووباپیری (باک) دەداو خراپەیان دەدا پاڵ تەواوی بوونیەوە، (باک)یش ئەو جوێنانەی بە مراندن وەڵام دەدایەوە بەڵام راشی نەدەکرد، هەمیشە لەو دەوروبەرەدا دەسوڕایەوەبە کورتی تێیگەیاندن تا بە خواستی ئەو رازی نەبن ئەو گوێ ناداتە هیچ قسەیەک، (فرانسوا) ماندوو بووو دانیشت، سەری خۆی کەمێ خوراند، (پرو) سەیری سەعاتی کردو دووبارە کەوتەوە جوێن دان، کات خێرا رادەبردو یەک سەعات لە بەرنامەی بەرێکەوتن دواکەوتبوون، فرانسوا بەردەوام سەری دەخوراندو بیری دەکردەوە پاشان سەری هەڵتەکاندو بەدەم چاویەوە دیمەنێکی نیشانداو سەیری (پرو)ی کرد، (پرو)ش شانی بە نیشانەی رازی بوون بۆ سەرەوە هەڵتەکان، سەرەنجام فرانسوا چووە سەر جێی سلکسو (باک)ی بانگ کرد (باک) سەگانە پێکەنیو بەڵام نەچووە پێشەوە، فرانسوا ریشمەی لە ملی سلکس کردەوەو ئەوی بردەوە جێی پێشینو بەستایەوە، سەگەکان کەوتنە بەرامبەری یەک، جێگایێ بۆ (باک) نەمایەوە مەگەر هەمان جێی پێشەوە نەبێت، دوبارە (فرانسوا) باسی (باک) ی کردو (باک) پێکەنیو نەچووە پێشەوە، سەرکەوتووانە پێکەنی، وەختێ گەیشتە پێش سەگەکان هەڵسوڕایەوەو خۆی ئامادە کرد تا لە ریشمەی شەتەک دەن، لە حاڵێکا (فرانسوا)و (پرو) بەرەو پێش رایان دەکرد داشقە بە خێرایی بەرەو لای رووبار کەوتە رێ، لەبەر ئەوەی کە (فرانسوا)، (باک) ی بە پێدانی ناونیشانی دوو دێوی گەورە کردبوو، بەڵام هێشتا رۆژێ بەسەر ئەو هەیتو هوتەدا رانەبرد بوو، کە بۆیان روون بۆوە، کە ئەو لەم پلەیەدا بەنرختر بوو لەوەی کە ئەوان بیریان لێ دەکردەوە (باک) بە هەڵبەزینو دابەزینو خێرایی کردن سەگەکانی بە دوای خۆیدا رادەکێشا بۆ هەر جێیەک کە پێویست بوو بەو خێراییە لەو شوێنەدا دەجوڵایەوە کە

نیشانی دەدا، کە هەتا پلەی (ئەسپیتز) (کە فرانسوا، وا بیری لێدەکردەوە باشتر لەو بوونی نیە) بەرزتر بێت، هاوقەتارانیشی پەیوەست بە فەرمانڕەوایەتی ئەو بوون، (دیو)و (سلکس) بایەخێکی ئەوتۆیان بە گۆڕینی سەردەستەکەیان نەداو کاری خۆیان دەکرد، ئەو کاری کە گرتبوویانە ئەستۆیان دەیانکێشا، بۆ وان هەتا ئەگەر (جیلی) بە عاتیفەوەش ببێتە سەردەستە جیاوازییەکی نییە، بەڵام سەگەکانی تر هەموویان لە دوا کاتی رابەرایەتی (ئەسپیتز)دا یاخی بوو بوون، ئێستاش کە (باک) بە راکێشانو قودرەتە ئەمرۆ نەهی دەکات، ئەوان بەوەوە سەرسام بوو بوون، پایک کە لە پشت (باک)ەوە داشقەی رادەکێشا تۆزێ پێش ئەوەی کە خۆشی بیری لێ دەکردەوە، دەبوایە لە راکێشانی داشقەدا هاوکاری بکات، هەولی ئەوەی نەدەداو کێشی سینەشی نەدەهاویشتە سەر هەوسار، چەند جارێک لەبەر تەمبەڵیو بێحاڵی کوتکی خوارد، بەڵام بەر لەوەی کە رۆژئاوا بێ (پایک) هەستی بەوە کرد کە زۆرتر لە هەموو رۆژێکی دیکەی تەمەنی خۆی کاری کردوەو گیانی هاتۆتە دەرەوە، شەوی یەکەم کە چادریان هەڵدا (جو) کەزۆر بێ رەوشت بوو بوو بە هەمان ئەو دەلیلە تەمێ بوو، ئەو تەمێیە بوو کە (ئەسپیتز) هەرگیز نەیتوانی لە هەقی ئەوەوە ئەنجامی بدات، (باک) بە رەپێش کردنی کەلەشیا بە رووی ئەوا حسێبی تەمبێ کرنی (جو)ی کرد، ئەوەندە خۆی بەروویا هەڵاویشت کە کەڵبەی لە تێچەقاندن هەڵگرتو کەوتە ناڵە کردن، سەرەنجام هەریەک لە ئەندامانی دەستە ئەو بارەیان قبوڵ کردو رێکەتنێکی سەرەتایی هاتە کایەوە، کاتێ داشقە راکێشانەکە وەکو ئەوە وابوو کە یەک سەگ بەیەک هێزی تایبەتیو زۆرەوە ئەوان راکێشێت، لە (رینک پید) دوو سەگی (ئەسکیمۆ) کە نێویان (تیک)و (کونا) بوو هاتنە سەر دەستەی سەگەکان، (باک) بە خێرایییەک دەجولایەوە کە فرانسوا هەناسەی لەبەر بڕا بوو، فرانسوا هاواری دەکرد:

– هیچ سەگێ ناگاتە پایەی (باک)، هەرگیز ، هیچ سەگێ، هەزار دۆلار زیاتر نرخ دەکات، ها، پرو؟ (پرو)ش سەری بۆ تەکانو قسەکانی ئەوی بە راست زانی، (باک) پێوەری رێ بڕینی شکاندبوو، هەموو رۆژێک ئیمتیازی زۆرتر دەبوو باری بە رادەیەکی تەواوو خۆش بەستراوە بوو، هیچ بەفرێکی تازەشی تێدا نەبوو، کە بۆ هەموار کردنی رێ ناچار بن، بە سەختی هەوڵو تەقەللا بدەن هەواش ئەوەندە سارد نەبوو، پلەی گەرمی گەیشتبووە پەنجا پلەی ژێر سفرەوە، لە تەواوی درێژایی سەفەردا بە هەمان پلە مایەوە ، فرانسواو پرو بە نۆبەت سواری داشقەی بەفرێ دەبوون، بە راوەستانی کورت کورت سەگەکانیان بەبەردەوامی داژوا، رووبار سێ میلی

بەستەڵەک بوو، ڕێگایێ کەماوەی دوو ڕۆژ بڕیبوویان ئەوان بە ڕۆژێ دەیانبڕی، جارێکیان دەریاچەی لوبارت تا (ئەسپی سپی) یانی شەشە سەد میل ڕێیان لە یەک ڕۆژدا بڕیبوو لەسەر دەریاچەی (مارش)و (تاگیش)و (بنیت) کە پانتاییان هەفتا میلە، بە خێرایی پێیدا تێپەڕین کە یەکێ لەو دووانە دەبوایە رابکاتو خۆی لە داشقەدا ببەستێتەوە تا بە دوا نەکەوێت، شەوی ئاخیری هەفتەی دووەم گەیشتنە بەرزایی (حەساری سپی)و لە ژێر ڕۆشنایی (ئەسکاگوی)و ڕووناکی کەشتیەکانی کە ڕۆشنایی دەپڕژاندە ڕووی ئەوانەو تێدەپەڕین، جاری دووەم لە ماوەی چوار ڕۆژاندا هەر ڕۆژێ بە شێوەیەکی مامناوەندی چل میل ڕێگایان دەبڕی فرانسواو پرو بە شانازییەوە لە کوچەو جادەکانی (ئەسکاگوی) هاتو چۆیان دەکرد، بە دەلیلی دەعوەتو زۆر خواردنەوە لەهەر جێیەکدا قسە قسەی ئەوانو دەستەی سەگەکانیان بوو، سەگەکانیش بەردەوام لەدەوری دەستەی سەگەکانی تر خڕ دەبوونەوە، جارێکیان چوار نەفەر لە ڕێگرانی خۆرئاوا بە خەیاڵی تالآن کردن کەوتنە ئەو شارە لەو ڕێگایەدا ئەوان ئەوەندە تیریان پێ کەوتبوو کە جێگایەکی لەشیان بە ساغی نەمابوو، بە کورتی هەر ئەو ڕێکەوتە بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک مەسەلەی ئەو سەگانە فەرامۆش بکەن پاشان دەستووری کارگێڕی گەیشت، فرانسوا (باک)ی بانگ کردو دەستی بە دەوری گەردەنیەوە هێناو پاشان گریا، ئیتر (باک) (فرانسوا)و (پرو)ی نەدەیتەوە، ئەو دووە وەکو زۆر مرۆڤی دی لە ژیانی ئەوا کۆتاییان هات. (ئۆسکۆتلەندی) خەڵکی دورەگە بووە خاوەنی (باک)و هاوڕێکانیو لەگەڵ دوانزە سەگی دیکەی داشقەکێش ڕێگای سەختۆ دژواری (داوسان)یان گرتەبەر، ئیتر ڕێگا هەموار نەبوو، نزیک بوونەوەیەک لە ئارادا نەبوو، هەوڵو کۆششی سەختی ڕۆژ بە ڕۆژو ڕاکێشانی باری سەنگین لە ئارادا بوو، ئەو قەتارەیان پۆستەی هەرێمی قوتبی بوو، کە نامەی سەرانسەری جیهانی بۆ خەڵکی (کە لە قوتبیدا) سەرگەرمی گەڕانو سوڕان بە دوای زێڕدا بوون دەهێناو دەبرد، (باک) ئەوەندە خۆشی لەو کارە نەدەهات، بەڵام کاری خۆیشی بە چاکی ئەنجام دەدا، غروری کە (دیو)و (سلکس) هەیانبووو بەبێ بایەخدان بەو غرورەی کە ئەوانیتر هەیانبوو یا نا کاری خۆی ئەنجام دەدا، ژیان بەو جۆرە تەکنیکی بوو، ڕۆژەکان لەیەک دەچوون، سەعاتێکی دیاریکراو لە ڕۆژێدا ئاشپەزچی دەهاتە دەرێو ئاگریان دەکردەوەو نانی بەیانیان دەخوارد، لە حاڵێکا چەند کەسانێ چادرەکانیان خڕ دەکردەوە، چەند کەسێکی دیکەش مەئموری ڕێشمە کردنی سەگەکان

بوون، سەرەنجام سەعاتێک پاش سەحەر کەوتنە ڕێ، شەوانە چادریان هەڵدەدایەوە، هەندێکیان پێشکەو تەیرو تاریان دەکوشتو هەندێکیشیان کۆلکەدارو داری سنەوبەریان بۆ تەختی نووستن دەهێنا، هەندێکی دیکەش ئاو یا بەستەڵەکیان بۆ ئاشپەز دەهێناو خواردنیان دەدا سەگەکان، ئەو کاتە بۆ سەگەکان وەکو ڕۆژ بوو، ماسی خواردنو گەڕانو سوڕانو پیاسە کردن لەو دەوروبەرەدا لەگەڵ سەگەکانی دی (کە ژمارەیان نزیکەی دەگەیشتە سەد سەگ) خاڵی نەبوو لە لوتف، لە نێوانی ئەوانەدا سەگی جەنگیو بەهێزیش هەبوون، بەڵام ئەو مەسەلەیە بۆ (باک) زوو حەل نەبوو، بە لێدانو کوتانی سێ سەگو زاڵ بوونی بەسەریانا سەرۆکایەتی خۆی پاراست، هەر کاتەی کلکی قیت کردباوەو ددانەکانی نیشان دەدا، هەموو گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی دەبوون، باشترین حاڵی لەوەدا بوو لە کەنار ئاگرو ڕاکشێتو پێیەکانی لە ژێرەوەی خۆی کۆبکاتەوە لە پێشی بە تەریبی لەپەکانیشی دانێو سەریشی بڵند بکاتو سەیری مەشخەڵی ئاگر بکات، لەوکاتەدا خەوی خۆش خۆش ببینێت، کاتێک لەو جیهانەدا دەکەوتەوە یادی ماڵە گەورەی قازی میللەر لە دۆڵی (سانتا کلارا)دا هەروەها ئەو گۆمیلکە چیمەنتۆییەوەو ئەو سەگە مەکسیکییە (ئیزبیل)و سەگە ژاپۆنیەکە (توتسن) دا، ئەوا کابرا سوورپۆشەکەی دەهێنایەوە یادی، مەرگی کورلیو خەباتە وەحشەتناکەکەی کە لەگەڵ (ئەسپیتز)ەوەی هەبوو، زەمانێکیش بە خەیاڵی خواردنی خۆشەوە کە لە ئارەزوویانا دەسووتا، داکەوت، دڵی بۆ جێگەی لە دایک بوونی نەبوو بوو، بەو هەموو خەیاڵە شیرینانەوە ئەوەندە مەیلی گەڕانەوەی بۆ ئەوێ نەبوو، لەوانە گرنگتر سروشتی ڕەسەنە ئاژەڵیەکەی بوو کە غەریزەی خەوتووی پەنهانی دەروونی ئەوی زیندوو دەکردەوە، (غەریزەیێ کە هەمان خەیاڵاتی ئەژدادی بوو پاشان بە شێوەیەکی عادەتی هاتە کایەوە) ئەو غەریزانە لە نێوانی ساڵانی بە مەدەنی بوونیدا لەودا فەرامۆش کرابوو، بەڵام ئێستا دووبارە شکۆفەیان داوەتەوە، زەمانێ هەمان جۆر کە لە تەک ئاگرا ڕاکشا بووو داڵغەی لە مەشخەڵی ئاگر دابوو، لە جیهانی پەنهانیدا خەوی دەدی، کە لە پێش ئاگرێکی تراو مرۆڤێکیتر درێژ بوو بوو، ئاشپەزچیەکەی دورگە کە لە بەرامبەریەوە وەستا بوو، دەستەکانی پیاوەکەی تر درێژترو پاکانی کورت تر بوونو جومگەکانی ئەو ئاشپەزچییە بەهێزترو هەڵپێچراوتر گرێدرابوون، مووەکانیشی درێژو پێچ خواردوو بوو،کاسەی سەریشی لە چاویەوە بەسەرەوە لار ببۆوە، سەداشی ترسناک بوو، لە حاڵێکا زۆر لە تاریکی دەترسا، بەڵام چاوەکانی لە تاریکییدا بوون، لە دەستەکانیەوە کە لە نێوانی چۆکو گۆزینگیەوە هەڵاوسا بوو،

داریَ کە بەردو زینی لەکۆتاییدا بەسترا بۆوە دەبینرا، ئەو پیاوە رووتە بوو کە پۆستی چروکاو سووتاوی پشتی ئەوی دادەپۆشیو تەنها پۆشتەشی ئەوە بوو سەر سینەو شانو ژێرو سەرەوەی بازووەکانیو رانەکانیشی مووی ئاڵۆزو نەرمی تێدا دەبینرا، ئەو موانەش بە شێوەی زنار ئەستوور بوون، ئەو پیاوە نەیدەتوانی راست بوەستێتو بە هەمان هۆ لەناو قەدیەوە بە باڵاوە لار ببێوە، پێیەکانیشی هەر لە چۆکەوە خوار بوون، وەکو پشیلەش خەسلەتێکی بزۆکانەی هەبوو، گوێی زۆر سووک بوون، لە ترسو هەراسانی شتێکی نەدەزانی جارێکی دیکەش (باک) ئەو پیاوەی لە خەوێدا بینی، ئەو پیاوە توکنە کە لە کەنار ئاگر چوار چمکی دانیشتبوو، سەری لەنێوان ئەژنۆکانی نابوو، خەواڵوو بوو، لەو جۆرە حاڵەتەدا هەنیشکی نابووە ئەژنۆو ناو لەپی دەستیشی لەسەر سەریەوە دانا بووە سەر یەک، وەک بڵێی بە دەستە توکنەکانی نەیدەهێشت بارانی پێبکەوێت، لەو تاریکیەدا (باک) لەولای ئەو تەپۆلکەی ئاگرەوە تێکرای ئاگرێکی دی دەدی، کە بلێسەی جووت جووت هەمیشە جووت جووت دەدروشایەوە (باک) دەیزانی کە ئەوانە چاوی ئاژەڵێکی زەبەللاحو ترسناکن، گوێی لێبوو کە ئەو ئاژەلانەش ئێسقان لە نێوان لقو پنچکان دەشکێنن، کاتێ کە (باک) لەکەناری رووباری (یوکن)داو لەبەرامبەر ئاگردا بە چاوی خومارەوە ئەو خەونەی دەدیت، لەبەر زۆر تورەییو وەحشەت مووی شانو پشتو گەردەنی قیت دەبۆوەو وەک بڵێی ئەو دونیای گوێ لێبوبێ، لەو حاڵەتەدا لە خەوێدا ددانەکانی بەسەر یەکا دەقرمسان وا مراندی کە ئاشپەزچی هاواری کرد:

- ئاهای (باک) بڵند بە!

هەرکە چاوەکانی کردەوە ئەو دیمەنانەی دونیای وەحشەت ون بوونو لە بەرابەریدا راستی دونیای بە دیار کەوت، (باک) بڵند بۆوەو دەستو پای لەبەر یەک راکێشانو باویشکی هاتێ سەفەرێکی سەختو نارەحەتکەر بوو، کاروانێکی سەنگین کە دە داشقەدا بوو کسۆکەکانی زۆر شەکەت دەکرد، کاتێ کە چوونە نێو (داوسان)ێ سەنگی سەگەکان کەم بۆوەو نارەحەت بوو بوون، هەفتەیەک بگرە دە رۆژیش بۆ حەسانەوەیان کەم بوو، بەڵام دوو رۆژ حەسانەوەو مانەوەیان لە کەناری (یۆکن)دا تێپەڕین، نامەی وێل بووەکانی دوای زێریشیان لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو. سەگەکان ماندوو بوو بوون، دیسان ناڵەیان سەردا، لەوەش بەدتر ئەوە بوو کە بە توندی بەفر دەباری، بارینی بەفر رێگاکەی نەرمو لە راستی دا راکێشانیداشقەشی بە گێچەڵتر دەکرد، بەم حاڵە بوونی سەگەکان لەگەڵ سەگەکانی دیکەدا بە نەرمی رەفتاریان دەکردو کەمتر ئازاریان دەدان

هەوەڵی هەر شەوێک بە خزمەتی سەگەکان دەگەیشتنو پێویستیان بە خواردنی زێتریش هەبوو، هیچ سەگەوانێ نەدەخەوت بەر لەوەی نەچێتە لای سەگەکانەوە، هێزو توانای سەگەکان رووەو کزیو لاوازی دەچوو، لە سەرەتای زستانەوە تا هەنوکە هەشت سەد میل رێگایان بڕیبووو تەواوی ئەو ماوەیەش داشقەیان رادەکێشا، ئەو ماوە دوورو درێژە بەهێزترین سەگیان ماندوو کردبوو (باک) بەرگەی دەگرتو بە تۆبزیش هاورێکانی لەو ئازارەو بەرگەگرتنە ناچار دەکرد لەبەر ئەوەی کە خۆشی شلو شەکەت ببوو بەڵام نەیدەهێشت کە رێکرەوی ئەو گەلە کۆمەکیە تێک بقۆقزێ، (بیلی) هەموو شەوێ لە خەویدا دەناڵی، (جو) لە هەموو کاتێکی تر بەدرەوشتتر بوو بوو، نەدەبوایە (سلکس) بە چاوی کوێریەوە لێی نزیک بێتەوە، لە هەموویان زیاتر (دیو) لە رەنج کێشاندا بوو، زۆر هەستیارو بوو، زوو دەرەنجاو ئازار دەدرا، کە چادریان دەکوتا رایدەکردو لانەیەکی بۆخۆی ساز دەکرد، سەگەوانیش ناچار دەبوو کە خواردنی بۆ بباتە هەمان جێ، هەرکە پەتیان لە هەوکێ دەکردەوە تا بەیانی ئەو رۆژە لە جێوە ژەمی نەدەخوارد، هەرساتێ داشقەش دەوەستا یا تەکانێکی توندی دەخوارد یاخود کاتێ بۆ راکێشانی ناچار دەبوو کە بە توندی هەوڵو تەقەڵلا بدات، لەبەر دەردو ئازار دەیناڵاند، داشقەوانەکە ئەزموونی دەکردوو هیچی لێ تێنەدەگەیشت، ئیتر لەو سا بەدواوە هەموویان دەربارەی ئەوەوە دەدوان بە تایبەتی چەلی دابەشکردنی خواردنی ئێواران یا کاتی قانگ دانی دووکەڵی قەڵنەو جگەرە، شەوێکیان ئەنجومەنی تەگبیرو رایان رێکخستو (دیو)یان لە لانەکەیەوە بردە کەنار ئاگرو هەموو جێگایەکیان شێلاو (دیو) یش چەند جارێ ناڵاندی، شتێ لە بوونیدا تێکچوو بوو، بەڵام ئێسقانەکانیان بێ عەیب بینی، سەرەنجام پەیان بە دەردەکەی برد، تا ئەو کاتەی کە گەیشتنە (کاسباریا) بە رادەیەک لاواز بوو بوو کە هەمیشە لە نێوانی رێدا بە زەوی دەکەوت، ئوسکاتلندیەکەی دوورگە بڕیاری وەستانی دا، (دیو)ی لە دەستەی سەگەکان دەرهێناو سەگەکەی دوای ئەوی کە (سلکس) بوو لە جێگای وی بەستاوە، مەبەستی ئەوە بوو کە (دیو) بحەسێتەوەو بتوانێ بە ئازادی لەکەناری داشقەدا رابکات، بەم رووداوە (دیو) هاتبووە دەرەوە هەستی بە نارەحەتیو نەفرەت دەکرد، لە چەلی ئەوەی کە ویستیان لە پەتی جیاکەنەوە دەیمڕاندو ددانی بەسەر یەکا چیڕ دەکردەوەو پەلی دەکوتا، کاتێ کە بینی وا (سلکس) لەو جێیەی کە ماوەیەک بوو لەوێدا خزمەتگوزار بوو، لە بەستنەوە نارەحەت بوو، دەیناڵاند، بەهۆی غروری

داشقەکێشانەوە بوو کە دەیویست تا سەرەمەرگ سەگێکی دی شوێنی نەگرێتەوە، کاتێ کە داشقە کەوتە رێ، (دیو) لە لاپەڕی رێیدا بە شەکەتیو بە زەحمەت بەسەر بەفرێدا کەوتبووە رێ چەند جارێک بە ددانەکانی هێرشی بردە سەر (سلکس)و دەیویست بە کەڵبەکانی هەڵیدڕێنێو لە نێوانی بەفر رەهای بکات، چەند جارێکیش هەولی ئەوەی دا لە میانی دەستەی سەگەکاندا بپەڕێو لە نێوانی (سلکس)و داشقەکێشدا قەرار بگرێت، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا دەیلوراندو دەتلایەوە، پیاوە (ئۆسکاتلندیەکە) ویستی بە قامچی لێی بداتو دووری کاتەوە، بەڵام (دیو) بەرگەی قامچی لێدانی گرتو دوور نەکەوتەوە، کابراش دڵی نەهات بە قامچیەکەی توندتری لێبدات، (دیو) نەیدەویست ئازاو سەربەخۆ بەدوای داشقەدا رابکات، بەڵکو لە کەناری سەگەکانو سەربەفرێدا کە لەبەر هۆی نەرمی بەفرێ رێی زیاتر خۆش دەکرد، بە خێشەخێش دەهات، سەرەنجام کەوتە سەر زەویو غلۆر بوەوە، لە حاڵێکا کە داشقەکە لەلای راستیەوە رادەبرد، لوورەیەکی لەسەردا کە ئاگری لە گیان بەردەدا، هەڵسایەوەو بایەخی لە دوا ئەو هێزە وەرگرت کە لە گیانی مابۆوە، خۆی بە دوای داشقە شۆڕ کردەوە، کە تا ئەو کاتەی داشقەکە وەستا، دووبارە بە خێشەخێش وەڕێ کەوت تا خۆی بە بگەیەنێتە داشقەکە، لە تەنیشت (سلکس)ەوە وەستا، داشقەوانی داشقەکە وەستابوو تا ئاگرێ بۆ قەڵنەکەی لە داشقەوانی دواوە وەرگرێت، پاشان گەڕایەوەو کسۆکەکانی لە رێدا کردەوە، سەگەکان بە زەحمەت بەسەر جادە کوتراوەکەدا دەڕۆیشتن بەڵام پەلەیان نەبووو بەردەوام سەریان بۆ دواوە هەڵدەگێڕایەوە، سەرەنجام بە وەزعێکی سەرسامەوە وەستان، داشقەوانەکەش هەروەک کەوتبووە حیرەتەوە، داشقە لە جوولە کەوت ئەوانی تری بانگ کرد تا بۆ تەماشا کردنی بێن، (دیو) بە کەڵبەکانی کندرەکەی لای (سلکس) هەڵکێشا بوو لە جێی خۆیدا بەرامبەر داشقەکە وەستابوو، وەک بڵێی لە رێی چاوەکانیەوە داوای ئەوە بکات، کە بیهێننەوە سەر شوێنی خۆی، لێخورەکە بە سەرسامیەوە دەمی بەش بوو بووەوە دووبارە داما، ئیتر داشقەوانان لەودا وایان دەبینی کە ئەگەر سەگێ لە زەحمەتی داشقەکێشانا ئازاد بکەن ئەوا نارەحەت دەبێ، سەرسام ببوون، چەند نموونەیان لەو بارنەدا هێنایەوە یاد چەلێ کە کسۆکێ یا چەند کسۆکێ کە لەبەر کاریگەرێتی پیریێکی زۆرو برینێکی توندەوە لە داشقەیان نەدەبەستانەوە، ئەوە دەق لە خەمان دەمردن لەلایەکی ترەوە دەیاندیت کە (دیو) لە حاڵی مەرگ دایەو رەحمو بەزەییان لەودا دەبینی، کە دڵی چۆن دەخوازی ئاوا رەفتاری لەگەڵا بکەنو لێگەڕێن کە لە کاتی

داشقە راکێشانەوە گیان بسپێرێت، بە هەمان ئەو هۆیە لە داشقەیان بەستایەوە (دیو) هەروەکو پێشان بە غرورەوە داشقەی رادەکیشا، لەبەر ئەوەی کە چەند جارێ لە دەردەکەی دەینالاند کەوتە سەر زەوی، بەسەر بەفریدا راکشاو کەوتە ژێر داشقەوەو پێی شکاو ناچار بوو لەمە بەدواوە بلەنگێ بەلام غروری خۆی پاراست تا ئۆردوگا ئاگای لەخۆ بوو، لەوێدا داشقەوانەکان شۆێنیچکیان بۆ لەکەنار ئاگرا دروست کرد، بەیانی (دیو) بێهێزتر بوو بوو، لەوەی کە بتوانێ سەفەر بکات کاتێ کە داشقە شەتەک درا هەوڵو تەقەللای ئەوەی دا کە لە کەناری داشقەدا بکەوێتە خێشەخێش، لە حاڵێکا لەشی دەلەرزی هەڵسایەوە سەر پێیانو بەربۆوەو لە هۆش خۆی چوو، پاشان تەکانێکی دایە خۆیوەکو کرم هەڵخزاو خۆی گەیاندە تەک دۆستەکانیو لەپی بۆ پێشەوە برد، لەشی بە پێچو لار بووەنەوەو بلند بوونەوە دەگرتەوە تا دووبارە بتوانێ بە دۆستەکانی خۆی بگاتەوە، رووەو کزی دەڕۆیشتو هیچز لە بەدەنی نەمابوو، دواجار کە دۆستانی ئەویان بینی ئەو کاتە بوو کە لەسەر بەفریدا کەوتبوو هەناسەی سوار ببوو، بە چاوەکانی کە بە زەحمەت دەبۆوە خۆی بە دوایانەوە رادەکێشا، کاتێ کە گەیشتنە سەرە پێچێک ئیتر ئەو نەبینرایەوە چەند ساتێک لە دوای ئەوە لوورەیەکیان گوێ لێبوو قەتارەی داشقە وەستاو (ئۆسکوتلەندی) لە رێگایێ هاتبوولەسەرخۆ قسەیەکی نەکرد، دەنگی تەقینەوەی تیران لە هەوادا پێچی دەخواردەوە، کابرای دوورگە بە خێرایی گەڕایەوەو وژەی قامچی بڵند بۆوە، سەدای زەنگوڵەکانی بە شادی دەنگی دایەوە، داشقە لە شەقامدا کەوتە رێ، بەلام (باک) و هەموو سەگەکانیتر باش دەیانزانی کە لە پشت درەختەکانی پێچی رووبارەوە چ بەسەرهاتێ رووی دابوو.

## بەشی پێنجەم
رەنجی داشقەکێش

سێ رۆژ پێش چوونە (داوسان)ێ پۆستەی شوراو کە (باک)و دۆستانی رایان دەکێشا چووە (ئیسکاگوی) باری گوزەرانیان خراپ بوو بوو، (باک) زیاتر لە دە کیلۆی کەم کردبوو، هەروا زۆربەی هاوڕێکانی ئەگەرچی زۆر بەهێز بوون بەڵام لەچاو (باک)دا بێهێزو کز بوو بوون، پایکی بەناڵە کە لە تەواوی زیندەگی خۆیدا هەمیشە خۆی بە لەنگی نیشان دەدا، ئەوجارەیان بە راستی لە پێیەوە دەلەنگی، (سلکس) پێی لەت لەت بوو بوو،، (داب)یش شانەکانی هاتبوونە دەرەوە، بە کورتی پێی هەموویان کوترا بوون‌و چوو بوون، ئەسلەن توانای هەوڵو تەقەللایان نەمابوو، بە سەختی پێیان لە جاڤا دەکوتاو زۆر بە ماندوویی خۆیان دەهاویشتە سەر پێیەکانیانەوە هۆی بە راستی دەردیشیان ماندوو بوونی لە رادە بەدەر بوو، ئەو ماندوو بوونە لەبەر هەوڵو تەقەللاو کۆشش نەبوو، بەڵکو لە راکردنی چەندین مانگ بە مەرگیان کێشانی، دووبارە گیانی هەڵکەندنەوە سەری هەڵدا بوو، هەتا هێزی ئەوەیان نەبوو کە شنگو تاقەتی خۆیان تازە کەنەوە، بە تەواوی لە هۆش خۆیان چوو بوون، هۆیەکەشی روون‌و ئاشکرا بوو چونکە لە ماوەی کەمتر لە لە پێنج مانگ مەسافەیەک کە لە دەوروبەری دووهەزارو پێنج سەد میل رێ بوو بڕیبوویان، تەنها پێنج رۆژانیش حەسابوونەوە کاتێ کە گەیشتنە (ئەستاگوی) ئیتر توانای ئەوەیان نەبوو هەتا یەک پێش بڕۆن زۆر بە سەختی بەرگەی قەوچەو قەڕاسەیان دەگرت، لە سەرەو نشێوانیشدا هەتا توانای ئەوەیان نەبوو کە خۆیان بەلاوە بنێن، کاتێ کە سەگەکان لە رێی سەرەکی (ئەسکاگوی) دا سەرەوژێر بوونەوە، داشقەوانەکە بۆ ئەوەی هانیان بدات گوتی:
- هۆی، دەوارە پێکوتراوەکان، هێی ئەوەیان دوا کارە ها، هۆی، دڵنیا بن بە دروستی حیسابی ماندوو بوون لە بیرتانا دەربێنن، ها..
داشقەوانەکان بۆ خۆیان حیسابی ئەوەیان کردبووکە حەسانەوەیەکی چاکیان دەبێ، چونکە هەزارو دووسەد میل رێیان بڕیبوو لە پاش دوو رۆژ حەسانەوەدا لە رووی ویژدانیەوەش مافی ئەوەیان هەبوو کە بحەسێنەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کە هاتبوونە (کلۆدانیک) نامەیەکی زۆریان پێبوو، هەروەها دەستووراتی کارگێڕیش گەیشتبوو لە پێشەوەشدا قەرار وابوو کە سەگەکانی تازە نەفەس لە جێگەی سەگە ماندووەکان لە داشقەدا ببەستنەوە، لەلایەکی تریش بۆ رزگار بوون لە دەست ئەو سەگانەی کە

ماندووو پەرپووتن، چونکە نرخی سەگەکان لەبەرامبەر دۆلارا سفرەو ویستیان ئەوانە بفرۆشن، سێ رۆژ تێپەڕیو (باک)و دۆستانیشی تازە تێگەیی بوون کە چەندە ماندوو کەنەفتن، سبەینەی رۆژی چوارەم دە کەس لە ولاتە یەکگرتووەکانەوە هاتبوونو ئەوانیان بە قەوچو قەراسەوە بە هەرزان کڕی، ئەو دووە یەکتریان بە (هال)و(شارلز) بانگ دەکرد، شارل مرۆیەکی بالابەرزو گەنم رەنگ بوو چاویشی کەم بینا بووەهەمیشە ئاویان دەکرد، سمێڵە بادراوەکانی بۆ سەرەوە چوو بوونو ئابڕوی لچ شۆڕو سواوەکانی دەبردن، (هال) جوانێکی نۆزدە سالان بوو دەمانچەیەکو کێردێکی بە کەمەریەوە بەستا بوو، فیشەکەکانیشی بە دەوری کەمەریدا بەرێزە بەستابوو،ئەو رەختەیەش گرنگترین شت بوو کە (هال)هەیبوو، یەکەم شت ئەوەی روون دەکردەوە کە چ شل خاوە، شلوخاویەک کە لە بێ ئەزموونی ئەوەوە سەری هەلدابوو، لەو چوارچێوەیەدا جێگایەک بۆ ئەوان نەبوو، هۆی ئەمەش هەر نادیار بوو کە ئەوان لەبەرچی هاتوونەتە ئێرە؟ (باک) ویستی گوێ لە چەنە لێدانیان بگرێ، پاشانیش بینی کە لە میانی فرۆشیارو کڕیاری نوێنەری دەوڵەت پارەو پوڵ ئاڵوگۆڕ دەکرا، ئێستا کە بینی کە ئەو پیاوە (ئسکۆتلەندیەی دوڕەگە)ش وەکو (فرانسوا)و (پرو) دەیەوێت پەیوەندی بەوەوە نەمینێتو لە ژینی ئەودا بچێتە دەرەوە. کاتێ کە (باک)و هاوڕێکانیان بردە چادری تازەوە (باک) لە بارێکی خراپدا بوو هەموو شتێ نارێک بوو، لە پڕ چاوی بە ژنێک کەوت، (شارل) بەو زیندووەی دەگوت (مرسدە) (مرسدە) ژنی شارلو خوشکی (هال) بوو بە تێکرا خێزانێکی رێکوپێکیان پێک هێنا بوو، کاتێ کە چادریان خڕ کردەوەو داشقەیان هەڵبەست، (باک) لە ماوەی ئەو کاتەوە بە ترسو لەرزەوە چاودێری دەکردن زۆر هەوڵو تەقەللایان دەدا بەلام بێ ئەزموون بوو، کە چادریان بەستایەوە سێ بەرامبەری پێشووی خۆی قەوارەکەی گەورە بوو بوو، دەفری نیشتووی ئەلەمنیۆمیان خڕ کردەوە، مرسدە هەمیشە لەبەر دەستو پێی مێردەکەیو براکەی هاتو چۆی بوو، هەمیشە نازی دەکردو لە دەرامەتی وەردەگرتو ئەمرو نەهی دەکرد، کاتێک کیسەیەکی پڕ لە جلییان لە پێشەوەی داشقەکەوە دانا (مرسدە) نە دەبێ لە پاشەوەی دابنێن، کاتێکیش دایان نایە پشتەوەو دوو بەستەی تریان دانا (مرسدە) بە بیری هاتەوە کە چەند شتێکیان فەرامۆش کردوە کە کۆی کەنەوە، دەشبێ لەهەمان کیسەدا دایبنێن، لەو بارەوە (شارلو هال) دووبارە بوخچەکەیان دەرهێنایەوە سێ نەفەر لە چادرێ هاتنە دەرەوەو بە فشەوە سەیری یەکتریان دەکردو چەند پسە پسێکیان کردو یەکێک لەوانە وتی:

- ئەگەر بەبێ ئەو چادرەش بڕۆن ئەوا دیسان بارتان هەر سەنگینە. بەڵام دەبێ ببەخشن ئەگەر من لە جێی ئێوەدا دەبووم ئەوا یەکەمجار چادرم لەگەڵ خۆدا نەدەبرد، (مرسدە) وەکو کەسێکی سەرسووڕماو دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو گوتی:
- بەخوا قسەیەکی عەنتیکە دەکات، ئاخر بەبێ چادر چ کارێ بکەین؟
پیاوەکە وەڵامی دایەوەو وتی:
- ئیتر بەهار دێو ساردی نامینێ، (مرسدە) سەری هەڵتەکانو (شارلو هال)یش ئەو شتانەی کە مابوونەوە کۆیان کردەوەو هەڵیان دایە نێو شتوومەکەکان، یەکێ لە پیاوەکان پرسی:
-ها دەتەوێ بەڕێ کەوی؟
شارل بە ئاوازێکی تێکەڵ بە تووڕەیی گوتی:
-یانی چی نەڕۆین؟
- پیاوەکە لە حاڵێکا کە یەکەو روو بۆوە بە وەڵامەکەیو گوتی:
- قەی ناکا، نە هیچ نیە من بەلاش نارەحەت بووم، بەڵام کەمێ بە گرانی دێتە بەرچاو، (شارل) گەڕایەوەو هەوسارەکانی بە توندی راکێشاو بەستانیەوە، بەڵام زۆر بە خراپی شەتەکی دانو پیاوەکە وتی:
- هەڵبەتە تەواوی رۆژێ ئەو سەگە بەستەزمانانە بارکۆڵەکان رادەکێشن، (هال)یش بەبێ ئەدەبیو لە پەناوە گوتی:
- هەلبەتە..!
پاشان بەرچیخی رێنیشاندەری گرتە دەستو قامچیشی بە دەستەکەی تری تاوداو هاواری کرد:
- ((هێ...! هێ.....!))
سەگەکان بە پاروێ کە لە سینەیان شەتەک درابوو بەرەو پێش هەڵبەزینو چەند ساتێکیش کەوتنە هەوڵو تەقەڵلا بەڵام سەرەنجام کە بە ئەنجامێ نەگەیشتن لە جێگەی خۆیان وەستانو ئیتر داشقە رانەکێشرا، (هال) خۆی ئامادەی ئەو کردبوو کە قامچی بخێوێنتە گیانی سەگەکانو لە دوورەوە هاواری کرد:
- ئەی سەگە مردۆخو تەمبەڵەکان، هەنووکە دەردتان تیمار دەکەم، (مرسدە) لە حاڵێکا کە قامچی لە دەستی (هال) دەردەهێناو خۆی تێ هەڵقورتاندو گوتی:
- (هال) لەو بەستەزمانانە مەدە، دەبێ وادە بە (مرسدە) بدەی کە لە رێدا لەگەڵ ئەو ئاژەڵانە بەد رەفتاری نەکەی، ئەگەر بریاریش نەدەی ئەوا من لەگەڵتانا نایەم، براکەی بە گەمە پێکردنەوە گوتی:
- وا دیارە سەگەکان دەناسی، ها.،، دەتوانم تکای ئەوەت لێبکەم کە کارت بە کاری منەوە نەبێت؟ ئەوانە تەمبەڵن دەبی بیاندەمە بەر شەق، سەگ رەوشتی

وایە، دەڵێی وانیە؟ لەهەر کێ دڵت دەخوازێ پرسیار بکە، ها ئەوەتە لە یەکێ لە وانە بپرسە، (مرسدە) بە داواکارییەوە سەیری ئەو سێ پیاوەی کرد حاڵەتی بەزەییی‌و بێزاری لە دەم‌وچاویەوە شەپۆلی دەدا، یەکێ لەو سێ پیاوانە گوتی:
– ئەگەر راستتان دەوێ ئەو سەگانە نان‌و ئاویان دەوێ‌و لێیان گەڕێن با ماندوویی خۆیان بحەسێننەوە، (هال) بە لێوی بێ سمێڵی هاواری کرد:
–ماندووبوون چییە؟ مردە پەرێشانیان لەبیرە.(مرسدە) بەکارتێکراوییەوە گوتی:
– ئۆ هو...
– (مرسدە) ژنێکی خێزاندار بوو، لەو بارەوە بەرگری لە براکەی کردو گوتی:
– تۆ ناتەوێ گوێ لە قسەی ئەو پیاوە بگری..؟ سەگەکان ئی منن هەرچی دڵت دەخوازێ بیکە..، قامچی (هال) بەسەر لەشی سەگەکان هاتە خوارێ، سەگەکان خۆیان دایە پێش‌و دەست‌و پێیان لە بەفرێدا بردە خوارێ‌و گەردەنیان لار کردەوەو لەشیان لە زەوی نزیک بۆوە، هەرچەند هێزو توانایان هەبوو بەکاریان هێنا، بەڵام داشقە وەکو کەشتی لەنگەری گرت‌و نەجولا، دووجاری تر کەوتنە هەوڵ‌و تەقەڵلا بەڵام بێ ئەنجام بوو، بە هەناسەسواری وەستان‌و دووبارە قامچی لە دوای قامچی کەوتە وێزەیان، (مرسدە) هاتە نێوانیان‌و بەرامبەر (باک) چۆکی داداوفرمێسک لە چاوی قەتیس ماو دەستیشی بە گەردەنیەوە وەرینا بوو، دڵسۆزانە دەینالاندو دەیگوت:
– ئاخر ئاژەڵی بەستەزمان لەبەرچی داشقە راناکێشن خۆ ئەگەر راکێشن ئەوە قامچی ناخۆن، (باک) خۆشی لە (مرسدە) نەدەهات، بەڵام زۆر بەدبەختتر بوو، لەوەی کە بەرامبەر سۆزی ئەوا بەرگری بکات، ئەو کارەی بە بەشێک لە کارە پیسەکانی رۆژانەی دەزانی، یەکێک لە تەماشاچییەکانی ئەو شانۆگەرییە کە ددانەکانی بەسەریەکا چیر کردبۆوە، هاتە پێشێ‌و گوتی:
– من کە کارێکم بە ئێوە نییە، بەڵام بۆ خاتری سەگە بەستەزمانەکانتان دەڵێم ئەگەر بارکۆڵەی داشقەتان کەمتر کەنەوە ئەوە یارمەتی ئەو ئاژەڵە بێ چارانەتان دەدەن، ژێرەوەی داشقەکە هەمووی بەستەڵەکە، بە دارەکەی رێ نیشاندەرت بە چەپ‌و راست هەڵێتەکێنەو تەکانی بدە تا بەستەڵەکو شەختەکان وردو خاش بن، بۆ جاری سێهەمیش هەوڵ‌و تەقەڵلایاندا ئەمجارەیان بە گوێ دانە ئامۆژگاریەکانی ئەو پیاوە (هال) بەستەڵەکی ژێرەوەی داشقەی شکاند، داشقەکە بە باری سەنگینیەوە بۆ پێشەوە چوو (باک)و هاوڕێکانی بە تەواوی هەوڵ‌و تەقەللاوە بەرگەی لێدانی قامچیان گرت، تەکانیان دەدا، سەد مەتر لەولاتر شەقامەکە پێچ دەخوات بەسەر نشێوێکی رک کۆتایی دێت‌و یەکسەر دەکەوێتە سەر جادەی سەرەکیەوە، داشقەوانێکی کارامە پێویست بوو کە بتوانێ ئاگای لە راست‌و رەوانی داشقەکە

بێت، له حاڵێکیشا که (هال) لەو جۆره کەسانه نەبوو، که گەیشتنه پێچەکه داشقەکه وەرگەڕاو نیوەی شتەکان کەوتنه خوارەوه، داشقەکه باری سووک بوو سەگەکان به جووله کەوتنو داشقەکه بەردەوام به زەوی دەکەوتو رادەکێشرا، سەگەکان لەو جۆره رەفتاره زشتو سەنگینەی بارکۆڵەی سەر داشقەکه تووڕه بوو بوون، به توندیو به تاوەوه دەجوولایەوه سەگەکانی تریش وەکو ئەو به دوایەوه رایان دەکردو (هال) هاواری کردنیو گوتی:

– هۆپ..هۆپ..

بەڵام بێ باکو بێ پەروا رایان دەکرد، (هال) پێی هەڵخزیو به زەوی کەوتو داشقەکه وەرگەڕاو بەسەریا رەت بوو، سەگەکان خێرا پێچایانەوه نێوکوچەو کۆڵانانان، له حاڵێکا که پاشماوەی شتومەکەکانیان له کوچەو کۆڵانەکانی (ئسکاگوی)دا پەراگەنده دەکرد، خەڵکی (ئسکاگوی) لەم وەزعەدا به پێکەنین نەکەوتبوون، خەڵکه میهرەبانەکەی شار سەگەکانیان بۆ گرتنەوەو شته پەرشو بڵاوەکانیان بۆ کۆ کردنەوه لەرووی ئامۆژگاریشیەوه گوتیان که ئەو سێ نەفەره ئەگەر مەیلی ئەوەیان هەیه بگەنه (داوسان)ێ دەبێ ژمارەی سەگەکان بگەیننه دوو ئەوەندەی ئێستایان، یاخود ئەو شتوومەکەی لەنێو داشقەکه دایه کەمی بکەنەوه، (هال)و خوشکیو مێردی خوشکی به بێ پەروا گوێیان له قسەی ئەوانه دەگرت چادریان هەڵداو باریان خاڵی کرد، کاتێ خواردەمەنیەکەی نێو قۆدیان روو کرد هەموویان پێیان پێکەنین، چونکه لەو جۆره شوێنانەدا خواردەمەنی ئامادەکراوو قووتووبەند شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو، یەکێ لەوانەی که کۆمەکی دەکردن پێی ووتن که ئەو هەموو پەتۆیه به کەڵکی میوانخانه دێ ئاخر نیوەیان زیادەو دوریان فڕێ دەن، هەروا ئەو چادرو دەفرانەش زیادن ئەوانیش دوور فڕێدەن، کێتان ئەو هەموو قاپه بشوات؟ مەگەر خەیاڵی ئەوەتان کردووه که به شەمەندەفەری (پۆلمن) دەتانەوێ سەفەرێ بکەن، سەرەنجام شتومەکێکی زۆریان دوور هەڵڕێشت، کاتێ که شتومەکی (مرسده)یان کردەوەو یەکه یەکه دووریان فڕێ دەدا، (مرسده) دەگریا گریانیش زیاتر به خاتری فڕێدانی شتومەکەکانیەوه بوو، دەستەکانی له ئەژنۆی وەرێنابووو تەکانی دەداو دەیناڵاند، زۆر به دڵەوه دەیگوت که ئاماده نیه بۆ خاتری (شارل) پێیەک بچێته پێشەوه، پەنای بۆ هەموو کەسێ دەبرد، سەرەنجام فرمێسکەکانی سڕییەوەو هەرچی پێویست بوو هەڵیرشت، شتومەکی که حەتمەن پێویستی پێی نەبوو، خێرا ئەو کارەی تەواو کردوو، ئینجا دەستی به دەرهێنانی مێردەکەیو براکەی کرد، نارەحەتانه هێرشی کرده سەریان، دادو بێدای وەرێ خستو سەرەنجام له پاش ئەوەی که باریان نیوه به نیوه بوو، بەڵام

لەشتێ دەترسان (شارڵو هال) خۆرئاوا چوون شەش سەگی تری بیانیان کڕیو هێنایانەوە، ئەو سەگانە لەگەڵ شەش سەگی تر (تیل)و(کوتا) کە لە سەفەری (رنیک) کڕیبوویان، ژمارەی هەموویان گەیشتە چواردە سەگ. سەگە بیانیەکان ئەگەرچی گوێ رایەڵو بەرفەرمان بوون، بەڵام ئەوەندەیان نرخ نەبوو، سێ تاک لەوانە توکیان کورت بوو، یەکێکیان لەسەر زەمینی تازەوە هاتبوو، دوانەکەی تریشیان نەژادێکی رۆشنو دیاری کراویان نەبوو، ئەوانە لە رووەدا لە هونەرو هونەرکاری هیچیان نەدەزانی، (باک)و دۆستانی بە نەفرەتەوە سەیریان دەکردن، لەبەر ئەوە کە (باک) زۆر بە خێرایی دڵی لە هەموویان پڕ لە ژەهر بوو بوو، ئەو شتانەی فێرکردن کە نەدەبوایە ئەنجامی بدەن، ئەو کسۆکانە فڕیان بەسەر داشقەکێشیەوە نەبوو، جگە لە یەک دوو سەگ نەبێ، کە نەژادیان دیار نەبوو، ئەوانی تریش کە لە چوارچێوەیەکی کێویانەیان پەیدا کردبوون، لەبەر کاریگەری ئەو رەفتارە ناپەسندو خراپانەی کە لەگەڵیانا دەیانکرد حەیرانو سەرگەردان ببوون، بەڵام ئەو دوو سەگە بێ نەژادە ئەوەندە سەلیقەیان نەدەدایە ئەو کارانەو دڵیشیان نەدەشکا، شتێ لە بوونی ئەوانەوە ئەگەر بشکابایە ئەوە تەنها ئێسقانیان بوو، ئەوانەی کە تازە هاتبوون بێحاڵ بوو بوون، ئەوانەی تریش کەلەبەر کاریگەری رێ بڕینێکی دوورو درێژی دوو هەزارو پێنج سەد میل ماندوو بوو بوون، بەم جۆرە باری موسافیرەکانیش رازی بەخش نەبوو، بەڵام (شارل)و(هال) خۆشحاڵ بوون، وا بیریان دەکردەوە کە کارێکی گرنگیان ئەنجام داوە چواردە سەگیان هەبوو داشقەی زۆریان بینی بوو کە لە (داوسان)ێ دەهاتنەوە یا ئەوەتا لە کەناری (داوسان)ەوە بەرێ دەکەوتن، هیچ یەکێکیش لەمانە چواردە سەگیان نەبوو، هەڵبەتە ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە داشقەیەک ناتوانێت خواردەمەنی چواردە سەگ دابین بکات، بەڵام (شارل)و (هال) پەیان بەم راستیە نەبردبوو، نەخشەی سەفەریان هەر لەسەر کاغەز کێشابوو، (خواردنی یەک سەگ ئەوەندەیەو ژمارەی سەگەکان ئەوەندەو ئەوەندە رۆژەش ئەوەندەیەو ئەوەو تەواو). (مرسدە) بەسەریانەوە وەستابوو دەیویست سەیری ئەوە بکات سەری لایەنگرتنیشیان بۆ هەڵنەتەکان، مەسەلەکانیشیان بە هەمان ئەو ساکاریەوە دەچەسپاند، بەیانی نزیک نیوەڕۆ (باک) لە پێشەوەدا داشقەی رادەکێشا، ناڕەزایی لە سەرو سیمای سەگەکان نەدەبینرا، (باک)و هاوڕێکانی ئەو گیانە تێرو تەسەلو تەڕو تازەو بەختەوەر نەبوو، لەسەرەتای جولانەوەدا ماندووو کفت دەهاتنە بەرچاو، (باک) چوار ئەوەندەی نێوانی (ئاب شور)و (داوسان)ی رێ بڕیبوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی کە بەو جۆرە حاڵە دیسان

هەمان ئەو ڕێیە تەی دەکاتەوە. تووڕە بوو بوو، نە ئەو نە هاوڕێکانی پەیوەندیان بەوەوە نەبوو، خەڵکەکانی تر توڕەو سەرسام بوو بوون، هەروا خەڵکی شاریش بە کارگوزارانی خۆیان دڵنیا نەبوون، (باک) وا هەستی دەکرد بایەخو دڵنیایی لەو دوو پیاو ژنەوە نییە، دەستو پێ سپی بووون، لە کاتی کار کردنیشیان دیار بوو کە بێ توانان، تەمبەڵو نارێک بوون، شەویان بە هەڵدانی چادر بەڕێ کرد، چێشتەنگاویشیان بە خڕکردنەوەی ئەو چادرە رادەبارد، ئاوا ئەو چادرو شتومەکانەیان کۆ دەکردەوە، کە ناچار دەبوون چەند جارێک لە نیوەی ڕێدا بووەستنو دووبارە شەتەکی بدەنەوە، لەسەرخۆ دەکەوتنە ڕێ کە ڕۆژانە دە میل ڕێگایان نەدەبڕی، هەندێ جاریش هێزی بەڕێ کەوتنیان هەر نەبوو، خواردنی سەگەکانیان کەم دەبۆوە، هەتا خۆراک بە خۆیان ڕانەدەگیشت، خۆراکی زۆریان دەدایە سەگەکانو کاریشیان کەم دەکرد، سەگەکانیش کە گەدەیان عادەتی بە بێ خۆراکی گرتبوو، حەزو ئاڵودەیەکی زۆریان بە خواردن گرتبوو، کاتێ کە پیرە سەگەکانی (ئەسکیمۆ) توانای ئەوەیان نەمابوو بە باشی داشقە راکێشن، (هال) بۆ ئەوە چوو کە دەبێ خواردنیان کەم بێ خواردنی سەگەکانیان دوو بەرامبەر کرد، دوایش کاتێ کە (مرسدە) بە چاوی جوانو گریاناویو بە سەدایەکی لەرزۆکەوە نەیتوانی (هال)ی برای لەسەر ئەوە رازی بکات کە خواردنی زۆر بداتە کسۆکەکان، ئەو کاتە کیسەی ماسیەکانی دەدزیو دەیدایە سەگەکان. (باک)و سەگەکانی (ئەسکیمۆ) پێویستیان بە ماسی نەبوو بەڵکو پێویستیان بە حەسانەوە هەبوو، بەوەی کە بە خێرایی دەجوولانەوە بەڵام باری گرانیان ئەوانی ئازار دەدا، پاشان هێدی هێدی خۆراک رووەو کەمیو نەمان دەچوو، رۆژێکیان (هال) بۆی دەرکەوت کە خۆراکی سەگەکان تەواو بووەو لە حاڵێکا تەنها یەک چارەکی ڕێیان بڕیبوو، لەلایەکی تریشەوە توانای ئەوەیان نەبوو، کەخۆراکی سەگەکان ئامادە بکەن، بە هەمان ئەو هۆیەوە خواردەمەنی سەگەکان رووەو کەمی دەڕۆیشت، هەوڵی ئەوەیان دا کە ماوەیەکی زۆرتری ڕێ تەی بکەن، خوشکو مێردی خوشکیشی هەر لەو باوەڕەدا بوون، بەڵام باریان سەنگین بووو نادانی ئەوانیش لە ئیش کردندا ببووە هۆی ئەوەی کە بەری پێشکەوتنیان لێ بگیرێت، کەم کردنەوەی خواردنی سەگەکان کارێکی ئاسان نەبوو بەڵام کاری زۆرتر داوا کردن بە کارێکی پڕ گێچەڵ دەهاتە بەرچاو، بزافتنی خێرایی سەگەکان (چونکە خۆیان نەیاندەویست)و کەم خواردن مەسەلەیەکی ئاسان نەبوو، ئەوانە نە بە تەنها ڕێوورەسمی سەگداریان نەدەزانی بەڵکو خۆشیان لەو کارە

سەرسام بوو بوون، یەکەمین تێچوون (داب) بووئەو دزە غارەتگەرە هەمیشە وەگیر دەکەوتو سزا دەدرا، بەڵام هەر چۆنێک بوو باش کاری دەکرد، پیلەکانی هاتبوونە دەریَ، نە حەسانەوەی هەبوو نەچارەسەری، رۆژ بە رۆژ وەزعی بەرەو خراپتر دەرۆیشت، تا ئەو کاتەی کە (هال) تیر بارانی کردو کوشتی، لە نێو خەڵکی (ئەسکیمۆ)دا پەندێ هەیە دەڵێ: (سەگێکی بیانی بەوەندە خۆاردنەی کە خەڵکی ئەسکیمۆ دەیدەنێ سەرەنجام لە برسانا دەمریَ)، بەهەمان هۆ شەش سەگی بیانی کە لەژێر فرمانی (باک) دا بوون، ناچار بوون لە خۆراکی (ئەسکیمۆییەکان) رابێن‌و بمرن، یەکەمین سەگ، سەگی شوێنە تازەکە بوو کە مرد، پاشان سێ سەگە توو کورتەکە بوون کە گیانیان داو مردن، ئەو کاتە دوو سەگی بێ رێورەچەلەک بەرگرییەکی زۆریان کردو پاشانیش هەر چۆنێک بوو مردن، ئیتر لەو سێ نەفەرە نیشانەیەک لە میهرەبانی‌و بەزەیی مرۆڤایەتی باشوور نەبوو، سەفەر کردن لە لای قوتبی دا رۆژ بەرۆژ زیاتر ماندووسازترو بێ لوتفتر دەبوو، بۆ ئەوانیش ئەو راستیە تاڵ بوو، (مرسدە) کە بۆ ماڵو رۆژی خۆی دەگریا هەموو دەمێ لەگەڵ براکەی‌و مێردەکەیا هەراو زەنای بوو، ئیتر بەزەیی بەلای سەگەکانەوە نەمابوو، بلێی نەڵێی تەنها دادو بێدادی شتێک بوو کە ئەوانی بە خۆیەوە سەرگەرم کردبوو، ئەو بلێ‌و مەلێیەش لەبەر نەزانی‌و هەژاریەوە بوو رۆژ بەرۆژ زیادی دەکرد، ئەو ئارامو لەسەرخۆییەی داشقەکێشان کە لە هەوڵو تەقەللایەکی سەخت دابوو، بە هەمواری بزەی دەهاتێ دووبارە بە میهرەبانی دەمایەوەو نەدەبووە نەسیبی ئەو دوو پیاوو ژنە، ئەسلەن ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم جۆرە ئارامو لەسەرخۆییە نەبوو، وشکو بێ گیان‌و تورەو توند هەڵگەڕابوون، ئێسقان‌و جومگەکانیان ئازاریان دەکێشا دڵیان نارەحەت بوو بوو، لەبەر هەمان هۆ بەد زمانیان دەکردو لە بەیانیەوە تا ئێوارە جون‌و قسەی بێ مانایان دەکرد، هەر کاتێ (مرسدە) کاری بە کاری (هال)و (شارل)ەوە نەبوایە، ئەو دووە لەگەڵ یەکتر دەدوان، هەردووکیان دەیانزانی کە زیاد لە توانای خۆیان هەوڵ دەدەن، لە هەموو هەلێکا قسەیان بۆ یەکتر دەکرد، ٠مرسدە) هەندێ جار بەرگری لە مێردەکەی دەکردو هەندێ جاریش لایەنی براکەی دەگرت، ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە جارو جەنجالیەکی خێزانی بوو، لەسەر دار شکاندن دەهاتنە جەنگو دەعوایێ، (ئەو بلێ‌و مەلێیەش هەمیشە لە نێوانی ((شارل‌و هال)) بەردەوام بوو)، بە دوای ئەو قسانەدا دایکو باوک، مامو مامۆژن کە بە هەزار میل لە وانەوە دوور بوون، هەندێکیشیان چەند ساڵێک لەمەو پێش مردبوون دهاتە گۆڕێ، عیلەتی ئەوەی کە چۆن تیورەکانی هال دەربارەی

(هونەر) یا شانۆنامەی کۆمەڵایەتی کە خاڵەکەی دەینووسی بە شکاندنی چەند پەلە داریکەوە پەیوەندیەکی هەبوو، ئەو عیلەتەیان هەرگیز دیار نەبوو، بەم بۆنەیەوە کە چەق چەق بەو رادەیە پەیوەندی بە مەسەلەکانەوە نەبوو، هیچ پەیوەندیەکیشیان بە باوەڕی سیاسی ٠شارل)ەوە نەبوو هەروا عیلەتی ئەوەی کە بۆچی (مرسدە) لە کەناری رووباری (یۆکن)دا ئاگر رۆشن دەکا، ئەویش هەر دیار نەبوو، بە دوای ئەو بابەتەوە ئەو ژنە کەوتە جێو هیمای بۆ کۆمەڵە شتێک دەکرد کە تایبەت بوو بە خێزانەکەی خۆیو هەرگیز مەسەلەیەکی حەل نەدەکرد، ئاگر بە خامۆشی دەمایەوەو چادر بە نیوە هەڵدراوی دەمایەوەو سەگەکان لەبێ خۆراکی بە هەموو لایەکا دەهانو دەچوون (مرسدە) بۆ نەرمە نەژادی خۆی خەمی دەخوارد ئەو ژنێکی جوانو خۆش ئەندامو بە ئەدەبو پابەندی خوورەوشتی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئەو نەتوانینە بۆ ئەو ببووە عادەت، بە شکۆو شکایەتەوە عادەتی گرتبوو، هەروەها لەبەر زۆری ستەمو یەکسان نەبوونی مافی ئەو لەگەڵ ئەوانەوە (مرسدە) ژیانی لە وان تاڵ کردبوو، ئاگای لە سەگەکان نەمابوو، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە عیناد بوو هەمیشە دەیویست لە داشقەدا بمینێتەوە بەو هەموو جوانیەوە سەد کیلۆ گران بوو، ئەو جوانیە ئالودەئەنگێزە سەرەنجام کەمەری سەگەکانی شکاند، چەندین رۆژ لە پشتی سەریانەوە لە داشقەدا نەهاتە خوارەوە تا ئەو کاتەی کە گەیشتنە رێگای، تێپەڕینی تێدا سەخت بوو، بە جوولە کەوتن سەرەنجام هارلو شارل تکایان لە (مرسدە) کرد، کە لە داشقەدا بێتە خوارێو بە رێدا بڕوات، داوا کردنو سوور بوون تەنها تکایان بوو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا (مرسدە) دەگریاو ئاسمانو زەوی دەهێنایە شایەدی حوکمڕانی ئەوانەوە، بە زۆری ئەوانی لە داشقەدا هێنایە خوارەوە ئەو کارەی کە هەرگیز ئەنجامی نەدەدا بە ئەنجامی گەیاند، رونیشتە سەر زەویو هەردوو پێی وەکو منداڵە زمان لووسەکان پان کردەوە، (شارلو هال) بە داشقەکەوە بەردەوامی رێگای خۆیان بوون، بەڵام (مرسدە) هەر لە جێگای خۆی مایەوەو دانیشت، بەرلەوەی سێ میل رێگا ببڕن داشقەکەیان خاڵی کرد، بە دوای سۆراغی (مرسدە)ەوە هاتن دووبارە سواری داشقەیان کردەوە، بەهۆی موسیبەتی خۆیانەوە نارەحەتو رقی سەگەکانیان فەرامۆش کرد، (هال) بیروڕای رەچاو دەکراو دەیگوت دەبێ سەختو بێ رەحم بن، لەسەرەتای ئەو تیورەوە خۆی بەسەر خوشکو مێردەکەیا سەپاندبوو، لەکەناری (پێنج ئەنگوست)دا خۆراکی سەگەکان کۆتایی هاتو پیرەژنێکی بێ دەمو ددان لە خەڵکی (ئەسکیمۆ)دا پەیدا بوو دوو سێ کیلۆ پێستە دەستی بەستاوی بە

دەمانچەی (هال) گۆڕیەوە، ئەو پیستەیە وەکو خۆراک شتێکی زۆر خراپ بوو، رەنگە شەش مانگ لەمەوبەر لە لەشی ئەسپاندا کە لەبەر زۆر برسیەتی مردبوون داکەلێنرا بوو، بە سیمای بەستەڵەکیەوە زۆرتر لە شیشەی ئاسن دەچوو، کاتێ کە یەکێ لە سەگەکان بە هەوڵو تەقەللایەکی زۆر تکایەکی لێ قرتاندبوون قووتی داو پارچە پێستێک کە وەکو چەرم قابیلی هەرس کردنو هەندێ مووی کورتی پێوە بوو، بووە هۆی نارەحەتی گەدەو هێنانەوەی، لە تەواوی ئەو حالەتانەدا (باک) سەرسام بوو بوو، لە بەراییەوە داشقەی رادەکێشا کاتێک لە راکێشانیان ماندوو دەبوو بەسەر بەفرێدا رادەکشا، هەتا ئەو کاتەی کە خوترمەی قیت دەکردەوە، تەواوی جوانیو خوێن شیرینیو لاولاویی فەوتابوو، توکی پێک وەنووسابوو، پەرێشان بوو بوو، یاخود لەگەڵ خوێنێک کە لەبەر کاریگەری خوترمەی (هال) بازرقەی دەکردهاتبووە دەرەوەو وشکو لەبەر یەک هاتبوونە دەرێ، جومگەکانی لەبەر هێزی وەکو گوریس گرێی کردبوو، ئیتر گۆشتێکی بە لەشیەوە نەمابوو، تەواوی پێستەی لەشی بەسەر ئێسکەکانیا چروکی کردبوو، بارێکی ئەزموونی لەبار هێنابوو، بەڵام (باک) ئازا بوو، کابرای سوورپۆش ئەو راستیەی بە چەسپاندنو دامەزراندن گەیاندبووە هاوڕێکانی (باک)، دەستێکی کەمتریان لەو نەبوو، ئەو سەگانە لەگەڵ (باک) کە ژمارەیان دەگەیشتە حەوت ببوونە داشقەیەکی جولێنەر، مەشەقەتیەکی فراوان بەرگەی سەگەکانی لە بەرامبەر داتەپینەکانی سەختی خوترمە زیاد کردبوو، ئەو دەردەی کە لەبەر کاریگەری کوتکەوە دەیانکێشا بێ چەمک بوو، هەرچی دەیانبینیو دەیانبیست لە چاوانی تارو لە گوێیاندا بێ دەنگی دەهاتە بەرچاو، نیوەی یا سێ چارەکی لەو هەموو قودرەتو چاپوکییەوە لە لەشیاندا نەمابوو، وە لەنێو چووبوو، دروست وەکو کیسەیەکی بە جوولە وابوون، کە تۆڕێکی کز لە زیندەگی ئەواندا دەدروشایەوە کاتێ کە دەوەستان وەکو سەگە مردووەکان دەکەوتنە سەر جادە، کاتێک کە لەو ساتەی ئەو تۆرە کزە بە بوونی ئەواندا نەدەبینراو زەمانێ کە زەربەکانی قامچیو خوترمە دەکوترایە سەر لەشیان دەجوولانەوەو نیشانیان دەدا کە هێشتا هەر زیندوون، بە زەحمەتەوە بڵند دەبوونەوەو بە رەنجو کوێرەوەرییەوە بەرێ دەکەوتن، سەرەنجام رۆژێکیان نۆرە گەیشتە سەر (بیلی) کە کەوتە سەر زەوی ئیتر قیت نەبۆوە، هال دەمانچەکەی خۆی فرۆشتبوو، لەبەر هەمان ئەو هۆیانە لە حاڵێکا کە (بیلی) کەوتبووە سەر زەوی، تەورەکەی گرتە دەستوکوتایە تەپلی سەریو پەتکی رێشمەکەی لێکردەوەوبەرکەناریکرد.

.

(باک)و هاوڕێکانی بینیان کە هەمان ئەو جۆرە مەرگە لە چەند پێیەک بەملاوە کەمینی بۆ ئەوانیش داناوەتەوە، ڕۆژی دواتر (کونا)ش مردو تەنها پێنج سەگ مانەوە، (جو) بە ڕادەیەک بێ حاڵ بوو بوو، کە ئیتر هەواڵی لە زیرەکی ئەوەوە نەمابۆوە، (پایک) کە مەیلەو دەلەنگی لەهۆش خۆی چوو بوو، هەتا حاڵی نەخۆشیشی نەما بوو، (سلکس)ی یەک چاو هێشتا لەشی دەدایە بەر شەکەتی داشقەکێشان بە خاتری ئەوەی کە ئیتر بژێوێ لە لەشیدا نەمابوو، داشقە ڕابکێشێت ڕەنجی دەدا، (تیک) کەتا ئەو زستانە ئەو هەموو هەوڵو تەقەللایەی نەدابوو، لەبەر هەمان هۆی ئەو تاقەتە زۆریان کار بە بەرنابوو، (باک)یش بەوەی کە سەرۆکو هەم سەردەستە بوو ئیتر دەستی لە تەمێ کردنو ڕێکخستنی ئەوانەوە هەڵگرتبوو، هەوڵێکیشی نەدەدا لەو ڕێیەدا، لەبەر بێ هێزی ڕەشی لە سپی جیا نەدەکردەوە، بەر پێی خۆی نەدەبینی، هەوا بەرەو بەهارێ دەچوو، بەڵام نە ئەو سێ نەفەرە نە ئەو سەگانە هیچ یەکێ لەمانە هەستیان بەوە نەدەکرد، سەعات سێی پاش نیوەشەو سەحەر دەئەنگوت، خۆرئاوا بوون تا سەعات نۆ بەردەوام دەبوو تەواوی ڕۆژ خۆر دەدرەوشایەوە، بێدەنگیو خەمناکی زستان بەهایو هوی بەهارێ گۆڕدرایەوە ئاوازی ئەو ژیانەوە لە هەموو جێگایەکدا دەچڕدرا، لەو مردووانەی کە ئێستا بە جونبوش کەوتبوونو بە درێژایی زستان هیچ جولەیەکیان نەبوو شیری کاژیان دەجۆشاند، درەختی بیو هەتا درەختە باکورییەکان شکۆفەیان دەکرد، پنچکو پەلوپۆکان لە پوشی سەوزا روو چوو بوون، سوسکە شەوانە دەیانخوێندو کاتی ڕۆژیش تەواوی خشۆکەکان لە لانەدا هاتبوونە دەرەوە، کەو لە جەنگەڵەکاندا دەیانخوێند، ڕەنگاڵەکان دەنووکیان لە درەختەکان دەداو سمۆرەو باڵدارە بچووکەکانیش ئاوازیان دەچڕی، لە بەرزایی ئاسمانا باڵدارە کۆچەریەکانی باکور غەلغەلەیان خستبووە ڕێ، لە دامێنی تەپۆلکەکاندا زەمزەمەی تاڤگەو گۆرانی کانیاوەکان بەستەیان دەچڕی، هەموو شتێک لە جوولەدا بوو، (یوکن) هەوڵی ئەوەی دەدا کە بەستەڵەکە زەبەللاحەکان بتاوێنێتەوە، ئاوی ڕەوان بەستەڵەکی لە خۆی دادەتەکانو هەتاوی داغیش لە سەرەوە بەستەڵەکی دەکردە هەڵم، بەستەڵەک شەقی دەبردو پارچە شەق بووەکانیش خێرا خێرا بەسەر شەختەدا هەڵدەخزا، تکە تکە لەگەڵ یەکدا دەپچڕانو هەڵدەڕژانە نێو ئاوەکە، ژیان هاتبووە جۆشو خرۆش، هەتاوی گەرم لەنێوان نەسیمدا بە ئارامیەوە نەخشی شتێکی ژیانبەخشی هەبوو، بەڵام ئەو دوو پیاوو ژنەو چەند سەگێکی ئەسکیمۆ لەو بەهارەدا لە خەزانی مەرگدا بوون، بە شلو خاوی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن، سەگەکان لە ڕێو باناندا دەکەوتنە سەر

زەوی، (مرسدە) لە کاتێکا سواری داشقە بوو بوو، هەمیشە دەگریاو (هال) شەلەو کویرانە قسەو جوێنی پەرشو بڵاو دەکردەوە، چاوی (شارل) لە شەوقو زەوق کەوتبوون، لە زارکی سپی رووبارەکە خۆیانو داشقەکە چوونە ناو چادری (جان ترنتۆن)ەوە هەرکە سەگە مردووەکان وەستانو کەوتن (مرسدە) چاوی ووشک بوو، سەیری (جان ترنتۆن)ی کردو (شارل) لەسەر پەلە دارێک دانیشت، بۆ ئەوی کەمێ بحەسێتەوە ئەوەندە ماندوو بوو بوو و گیانی وشک هەڵاتبوو، زۆر لەسەرخۆ لەسەر دارەکە دانیشت، تەنها (هال) ئەیتوانی قسان بکات (جان ترنتۆن) دەیویست دەستی تەورەکە کە لە دار گیرابوو، بتراشێت، لەو حاڵەدا بوو کە گوێی لە قسەکانی ئەو دەگرت جار جارەش چەند رستەیەکی کورتی دەبێژت، هەر کاتێکیش داوای رێنیشاندەرێکیان لێ دەکرد، بە کورتی وەڵامی دەدانەوە، ئەو جۆرە خەڵکانەی باش دەناسین، لەبەر هەمان هۆ باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەوانە بایەخ بە سەرنجەکانی نادەنو نابنە جێی سەرنجی ئەو، کاتی ترنتۆن ئاگاداری کردنەوە کە باشتر وایە ئیتر جارێ لە کاتی توانەوەو هەڵسانی رووبارا بەڕێ نەکەوت، خۆیان نەخەنە مەترسی، (هال) وەڵامی دایەوە:
– ئەوانەی سەرەوە پێیان گوتین کە بەستەڵەکی ئەو ناوە لە ئاوێدا رووچووە، باشترە کەلەسەر رووبار نەڕۆین، دەیانگوت ئەگەر بێتوو بڕۆین ناگەینە (رووباری سپی) ئێستاکەش وا دەبینین کە گەیشتین هیچیش رووی نەدا، ئەو رستەیەی دوایی زۆر بە فشەوە دەگوتەوە، (جان ترنتۆن) وەڵامی دانەوەو گوتی: ئەو قسانەیان راست بوون، هەواجۆرێکە دوور نییە، لەهەر ساتێک بڕوخێتو رووبچێ، تەنها گێلو نادانن کە لەوانەیە بەو رێگەیە دابێن، رێکو راست پێتان دەڵێم کە ئەگەر تەواوی زێڕی (ئالاسکا) بدەن بە من ئەو جوانیەی خۆم بەم بەستەڵەکە نادەم، هال گوتی:
– هەڵبەتە چونکە گەوجو گەمژەڵ نیت بۆیە ئەو کارە ناکەی؟ بەهەرحاڵ ئێمە دەچینە (داوسان)ێ پاشان قامچی بەرووی سەگەکاندا بەرز کردەوەو هاوار کرد:
– (باک) دە بڵندبە، هۆی (باک) هەستەوە!
(ترنتۆن) لە حاڵێکا کە سەرگەرمی تراشینی دەسکی تەورەکەی بوو بیری لەوە کردەوە کە لەگەڵ ئەو گەوجو گەمژەلانە ناتوانێ کارێ بکات، بەهەرحاڵ دوو سێ گەمژەڵ هیچ پێشێل کردنێک نایەننە کایەوە، بەڵام دەستەی سەگەکان بە فەرمانی (هال) هەڵنەستانەوە ئەوەندە سستو بێ حاڵو دەردەدار بوو بوون کە لە جێی قامچی خوترمە پێویست بوو، قامچی لێدان بێرەحمانە بەسەر هەموو جێگایەکیان وژەی دەهات، (جان ترنتۆن)

لێوەکانی خۆی دەگەستەوە سەرەنجام (سلکس) یەکەم سەگێ بوو کە هەڵسایەوە، پاشان (تیک) پاشانیش (جو) کە لەبەر سەختی ئازارەکەی دەینالآند، لە دوایشا (پایک)، (باک) لە شوێنی خۆیدا تەکانی نەخوارد لە هەمان ئەو جێیەی کە لێی کەوتبوو بەرگەی داتەپینی قامچی دەگرت، بەڵام نەدەینالآند نە جولەی دەکرد، چەند جارێک (ترنتۆن) دەیویست هەڵسێتەوە، بە نارەحەتیەوە لە دەوری چادرەکە دەستی بە پیاسە کردن کرد، ئەوەیان یەکەمین جاری بوو کە (باک) سەرەرای ئەو هەمووە ماندووبێو ناڵەی بێ، ئەم جۆرە بارەی بەس بوو، کە (هال) بەسەختی تورە بکات، قامچی دانایە سەر زەویو دەستی دایە خوترمە (باک) دیسان هەر ئامادەی ئەوە نەبوو هەتا بە لێدانی سەختی خوترمەش تەکان بدا، تەنها ئەوەندەی دەتوانی کە وەکو هاورێکانی بە زەحمەت لە جێوە بڵند بێت، بەڵام بەراستی نەیدەویست وا بکات هەستی بەوە کرد بەلایەک دێتە کایەوە، کاتێ کە چوونە نێو زارکی رووبارەکە ئەو کاتە ئەو هەستە دەستی بەو شل کرد، لە تەواوی درێژایی رێگاوە هەستی بە توێکلی ناسکو سستی بەستەڵەک دەکرد لە ژێر پێیەکانیەوە، ئێستا وا دەهاتە بەرچاو کە ئەو بەڵاو نەگبەتیە خەریکە تووشی دەبێت بە تایبەتی لەو جێگایەی کە خاوەنەکەی ئارەزووی ئەوەی هەبوو بۆ ئەوێی ببات، بەهەمان ئەو هۆیە ئامادە نەبوو تەکان بخوات، ئەوەندە دەردەدار بوو ئەو لێدانە سەختەی خوترمەی قەبوڵ دەکردو هەستی بە ئازار نەدەکرد هەرچەندە لێدانەکەی زیادی دەکرد رۆشنی زیندەگی رووەو ئاوابوون دەچوو، ئەو رووناکیە دەیویست بکوژێتەوە ئەوەندە سستو بێحاڵ بوو بوو، کەوای زەن دەکرد لە نێوانێکی زۆر دوورەوە لێی دەدەن، بەوەی کە لێدانی خوترمەی زۆر بە کزی گوێ لێ دەبوو، بەڵام ئیتر هەستی بەو دەردە نەدەکرد کە ئەوە (باک)ە بە توندی خوترمە دەخوات، لەو حاڵە دابوو لە پرێکا (ترنتۆن) هاوارێکی لە قوڵایی گەرووییەوە لێ هەڵسا زۆر لە مرەی ئاژەڵان دەچوو، دوایش پەرپە سەر پیاوە خوترمە بەدەستەکەو (هال) وا کشایەوە پاش وەک بڵێی قەفی دارێکی بەهێزی بەسەرا کەوتبێ، (مرسدە) هاواری کردو (شارل) بە شەوقو زەوقەوە سەیری ئەو شانۆیەی دەکردو چاوە تەرەکانی خۆی پاک دەکردەوە، بەڵام جومگەی لە لەشدا وشک بوو بوو، هێزی بزووتنەوەی نەمابوو، (ترنتۆن) لەسەر سەری (باک) وەستابوو، هەوڵی ئەوەی دەدا دان بە خۆیا بگرێ، ئەوەندە هەڵچوو بوو کە نەیدەتوانی قسە بکات سەرەنجام بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی:

– ئەگەر جارێکی دی لەو سەگە بدەی دەتکوژم، (هال) لە حاڵێکا بڵند بۆوە خوێن لە لەشیا دەهاتە خوارێو گوتی:

– ئەو سەگە هی منە، لەبەر چاوم گوم بە، ئەگەر نەچیتە ئەولا ئەژدادی بابت دەردێنم، من دەبێ هەر بچمە (داوسان)ێ، (ترنتۆن) لە نێوان ئەوو (باک) وەستا بوو، نەیدەویست بچێتە ئەولاوە، (هال) کێردی درێژی شکاری خۆی دەرهێناو (مرسدە) دووبارە قیژاندیەوەو هاواری کردو بە پەرێشانیو خەمبارییەوە نیشانی داکە لێدانو کوتان لە ئارادایە، (ترنتۆن) بە دەسکی تەورەکەیەوە لێدانێکی توندی خێواندە مەچەکی (هال)و کێردەکەی دەستی کەوتە سەر زەوی، دیسان کاتێ کە (هال) هەولی ئەوەی دا کێردەکە هەڵگرێتەوە جارێکیتریش خێواندیە مەچەکی دەستیو پاشان لار بۆوەو کێردەکەی هەڵگرتەوەو بە دوو چەپەرۆک رێشمەی (باک)ی پارچە پارچە کرد (هال) ئیتر توانای ئەوەی نەما کە بجەنگێ، کاتێ کە خوشکەکەی کەوتبووە سەر دەستو پێیەوە (هال) زیاتر نیشانی مەرگیدا لەوەی کە هێزی راکێشانی داشقەی هەبێت، چەند ساتێک لە دوای ئەمە (هال)و خوشکیو مێردی خوشکی بە خۆیانو بە داشقەوە بەرێ کەوتن بەرەو رووبارەکە، (باک) دەنگی دوور کەوتنەوەی ئەوانی بیستو گەڕایەوە تا تەماشایان بکات، (پایک) ببووە سەردەستەو (سلکس)یش لەکەنار تایەکانەوە رایدەکرد، لە میانی ئەو دووەشدا (جو)و(تیک) بەسترا بوونەوە، هەموویان بە لنگە کوتیو شلو شەکەتیەوە دەچوونە پێشەوە، (مرسدە) بەهەمان جۆری جاران سواری داشقە پڕ بارەکە بوو بوو، (هال) خوترمەی رێنیشاندەری بە دەستەوە بوو، داشقەی دەهاژوا، بە شەلە شەل کەتبووە رێ، لە حاڵێکا کە (باک) تەماشای ئەوانی دەکرد (ترنتۆن) لە تەنیشتیەوە چۆکی دادابوو، بە دەستە زبرەکانیەوە، بەڵام بەمیهرەبانی بە دوای ئەوەدا دەگەڕا کە ئێسقانە شکاوەکانی بدۆزێتەوە، سەرەنجام لەوە گەیشت کە (باک) ئێسقانی نەشکاوەو تەنها چەند جێگایەکی بەدەنی بە توندی لێدراوەو تا رادەی مەرگیش برسییە، تا سێ چارەکە میل داشقە دوور کەوتبۆوە، پیاوەکەو سەگەکە هەر تەماشای داشقەیان دەکرد کە بەسەر بەستەڵەکەکانەوە هەڵدەخزاو دەچوونە پێشەوە لە پڕ دیتیان پاشەوەیان وەکو ئەوەی کە لە کەلێنێکا چووبنە خوارەوە لەچاو بوون بوون، زەوی قووتی دان، پاشان خوترمەکەی دەستی (هال) لە هەوادا بە هەڵواسراوی مایەوە، سەدای زیڕەی (مرسدە) دەگەیشتە گوێی (باک)و (ترنتۆن)، (شارل)ی دیت کە بە خێرایی دەگەڕایەوە دواوە بەڵام یەک پارچە بەستەڵەکی گەورە لەو کراوە ئەوانی لە خۆیدا کێشایەوە، تەنها زارکێکی گەورە کە لە باوشکی رووبار دەچوو، دەبینرا، بەستەڵەکی ژێرەوە توابووەوە، شەقارێکی گەورە بەرز بۆوە، (جان ترنتۆنو باک) سەیری یەکتریان دەکردو (ترنتۆن) گوتی:

- ئای سەگی بێچارە.
پاشان (باک) دەستی ئەوی بە زمان لێستەوە.

## بەشی شەشەم

سەبارەت بە ئیشقی مرۆڤێک

کاتێ لە دیسەمبەری ساڵی رابردوو، پێی (جان ترنتۆن) سارد هەڵگەڕاو تەزیو بەستای، دۆستەکانی شوێنێکیان بۆ رەچاو کردو تەنها جێیان هێشت، تا حاڵی باش بێت، پاشان خۆیان رووەو سەرەوەی رووبار رۆشتن، تا بە تەختەداران بوارگەیەک دروست بکەن کە بەهار هات لە رووباردا تێپەڕن‌و بچنە (داوسان)ێ، کاتێک (ترنتۆن) (باک)ی رزگار کرد هێشتا هەر دەلەنگی بەڵام بە گەرم بوونی هەوا ئەو دەردەی لە پێیەکانیدا نەما، لەکاتی بەهاراندا کە (باک) لە رۆژانی درێژی کەنار رووبارا پاڵ دەکەوت‌و تەماشای ئاوی روونی دەکردو گوێی دەدایە نەغمەی مەلان‌و زەمزەمەی تاڤگەکان، وردە وردە (ترنتۆن) ئەو هێزەی لە دەستی دابوو بە دەستی دەهێنایەوەو دەیدۆزیەوە، پاش تەی کردنی سێ هەزار میل لە رێگادا بۆ هەر کەسێک بێت حەسانەوە بۆ وی بایەخدارە، ئەوەشیان راستیەکە لە نێوانی ئەو ماوەیەدا کە ئاوو زەلزەلەی برینی (باک) وشکی دەکردو جومگەکانی بەهێز دەبۆوە گۆشتی سەر ئێسقانەکانی دەهاتنەوە، بەڵام هێدی هێدی تەمبەڵ دەبوو راست دەردەچووو دەچەسپا، راستی ئەوە تەنها (باک) نەبوو کە بە تەمبەڵی عادەتی گرتبوو بەڵکە (ترنتۆن)و (ئەسکیت)و (نیک)یش لە چاوەڕوانی هاتنی تەختەی مەلەوانی دابوون، تا بگەنە (داوسان) ئەوانیش هەر بەو جۆرە، (ئەسکیت) دێڵە سەگێکی بچووکی راوی ئێرلەندی بوو کە لەو ساتەی (باک)ی دیت خوی پێوە گرت، (باک)یش لە بارێکی تایبەتی وادابوو کە نەیدەتوانی لەخۆی دوور کاتەوە، (ئەسکیت) تایبەتبەمەندییەکی تری دکتۆری هەبوو کە هەندێ لە سەگەکان هەیانە دروست وەکو پشیلەیەکی مێینە کە بەچکەکانی دەڵێسێتەوەو پاک دەکاتەوە (ئەسکیت)یش ئاوا برینی (باک)ی دەڵستەوەو پاکی دەکردەوە، هەموو رۆژێ بەیانیان پاش ئەوەی (باک) نانی سبەینانی دەخوارد (ئەسکیت) ئەو عادەتەی خۆی دووبارە دەکردەوە، تا ئەو جێیەی کە (باک) بەهەمان جۆر خۆی بەباشی تیا دەبینی هەروا لە چارەسەر کردنی (ترنتۆن)یشەوە لە پەیوەند دابوو، (نیک) یش رەفتاری دۆستانەی هەبوو، بەڵام ئەهلی بەدیار کەوتن نەبوو، (نیک) سەگی دوڕەگەیێ بوو کە نیوەی تاژیو نیوەکەی تری تولەی شکارێ بوو، چاوەکانی خەندان‌و خۆش خەسڵەت بوو، ئەو دوو سەگە هەرگیز بە(باک) هەڵندەکاران‌و هەمان ئەو کارە (باک)ی سەرسام کردبوو، لەو رووەدا بەدیار کەوت کە میراتێکی لە لوتف‌ومیهرەبانی (ترنتۆن)ەوە وەرگرتبوو،

ئەویان بەبازیگەری جۆراو جۆر سەرگەرم دەکرد، کار گەیشتبووە جێگایێ کە (ترنتۆن)یش لەگەڵیانا لێک فێر دەبوون، بەم جۆرە دەورانی پاکی (باک) هاتە سەرو جارێکی تریش زیندەگی دۆزیەوە، ئەوەیان یەکەمین جار بوو کە رەسەنایەتیو میهرەبانیو نەوازش لە دەوروبەریانا دەدا بەخۆ، رەسەنایەتییێ کە هەرگیز ئەو لە دۆڵی (سانتاکلارا) لە خانەی (قازی میللەر) دا نەیبینی بوو، چوونە راوو پیاسە لەگەڵ کوڕانی قازیدا یەک جۆری خۆشەویستی بەرامبەر هەبوو، یاریو سەرگەرم کردنی نەوەکانی (قازی) یش جۆرێک لە سەرپەرشتی بەڕێزانە بوو، لەگەڵ قازی بوونیشدا جۆرێک بوو لە رەفتاری دۆستانە، بەڵام (ترنتۆن) خۆشەویستیەکی تەسەلو پەیوەندییەکی لە رادەبەدەرو ئولفەتێ کە زۆرتر لە شێتایەتی دەچوو، بەوی بەخشیبوو بەس، ئەو مرۆڤە ژینی (باک)ی نەجات دابوو، کە ئەوەشیان کارێکی سادەو ئاسایی نەبوو، گرنگترینیشیان ئەوە بوو کە (ترنتۆن) (باک) ی خۆش دەویست، خۆ ئەوانی تر ئەگەر سەلیقەیەکیان لەگەڵ سەگەکاندا هەبوایە ئەوا لە سۆنگەی ئەنجامدانی کارێکدا بووو بەس، لە حاڵێکا کە (ترنتۆن) زگماکانە بایەخی بە زەوقی چاکو خراپی سەگەکانەوە دەدا، وەک بڵێی پارێزگارییو ئاگاداری لە کوڕانی خۆی دەکات، هەرگیز لەوە غافل نەدەبوو، کە لەگەڵ سەگەکاندا بەبێ خۆش رەفتاری بێت، هەمیشە لەگەڵیا بەخۆشی دەدواو چەند سەعاتێکی رۆژانەی خۆی لەگەڵ ئەوانەوە دەگوزەراند، لەگەڵیانا دەردەدڵی خۆی دەکردەوە ئەوەیان کارێک بوو کە هەردوو لای رازی دەکرد، (ترنتۆن) عادەتێکی تایبەتی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە سەری (باک)ی لە نێوان هەردوو دەستانی خۆی بە سەختی دەگرتو نێوچەوانی خۆی دادەنایە سەرییو لە حاڵێکا کە دەستی بە دووگوێی دادەهێنا دۆستانە جوێنی پێدەداولەو رەفتارو گوفتارە یەکجار زۆر لەزەتی وەردەگرتو تەکانی بەخۆی دەدا، (باک) سۆراغی هیچ شەقوزەوقێکی باڵاتر لەوەی نەدەکرد کە بکەوێتە باغەڵیو ئەو قسانەی گوێ لێ بێت، هەر جارەی کە خۆی بۆ پێشو پاش دەبرد هەستی بەوە دەکرد کە دڵی دەخوازێ لە جێیەوە هەڵتەکێ، کاتێ کە (ترنتۆن) بەرهەڵڵای دەکرد، دەکەوتە هەڵبەزینو دابەزینو لەبەر زەوقی دەلەرزییو بەو حاڵەوە دەمایەوە، لە کاتێکا دەیڕوانیە (ترنتۆن)و ترنتۆن بە ئاوازێکی خۆشەویستانە گوتی:
- (باک) ئای خوایە تۆ بەس ناتوانی قسە بکەیتو ئاە !
(باک)یش پەیوەندی خۆی بە کارێکی وەک ئازاردان بەدیار دەخست، زۆر جاران دەستی ترنتۆنی لە دەمی خۆیدا دەگرت کە تا دوای ماوەیەک جێی ددانەکانی بەسەر گۆشتی دەستیا دەمایەوە، ترنتۆن لە حاڵێکا کە جوێنی

دەداو وای زەن دەکرد کە (باک) دەیەوێت بە خۆشەویستی وەڵامی ئەو بداتەوە، شێتو شەیدایە (باک) هەندێ جار لە پەرستن دەچوو، لەوەی کە لە پەیوەندییەکی ئاسایی بچێ، کاتێک کە لەژێر لاوانەوەی ترنتۆندا قەراری دەگرت وا شاد دەبوو کە هۆی ئەو دڵخۆشیەی دیار نەبوو، بە پێچەوانەی (نیک) لەو حاڵەتەدا گەردەنی قیت دەکردەوەو سەری بەسەر چۆکی ترنتۆنەوە دەنا، یاخود (ئەسکیت) کە ئەوەندە لموزی خۆی بە دەستی (ترنتۆن)ەوە دادەهێنا سەبارەت بەوەی کە ئەو دەستێکی بەسەریدا بهێنێت، (باک) لەبەرامبەر رەفتاری ئەو دووەدا رازی دەبووکە لە رۆڵی ئاگادار بوونی (ترنتۆن)ەوە بێو دەوران دەری ئەو بگرێت، چەند سەعاتێک یەک لەدوای یەک چاودێری ترنتۆنی دەکردو لەژێر پێیەکانیەوە رادەکشا، چاوی لە چاوی دەبڕیو بیری دەکردەوە، کە ئەو چۆن مرۆڤێکەو بە ووردیەوە چاوەدێری بچووکترین جوڵانەوەی ئەوی دەکرد، بچووکترین جووڵانەوەکانی ئەوی لە چاو دوور نەدەکردەوە، هەروەها کاتێکیش بە پێی شوێنو جێگاوە کەمێ دوورتر بە پشت سەری یا تەنیشتیەوە درێژ دەبوو، سەیری جولەکانی ئەوی دەکرد، ئاوا لەژێر کارتێکردنی یەکتری دابوون، کە کاتێ هەردوکیان لەیەک ساتی یەکانگیرەوە سەیری یەکتریان دەکرد، بێ ئەوەی کە (باک) شتێ بڵێت، بە سەیر کردن وەڵامی قسەکانی ئەوی دەدایەوە، (ترنتۆن)یش ئەوی لە دڵیا بوو بە سەیر کردن لە (باک) دەگەیاند، (باک) تا چەند ماوەیەک پاش لە نەجات بوونی هەرگیز نەیدەویست (ترنتۆن) لەبەر چاوی دوور کەوێتەوە، لەبەر هەمان ئەو هۆیە کاتێ کە (ترنتۆن) لە چادر دەهاتە دەرەوە هەتا ئەو چەلەی کە دەگەڕایەوە (باک) هەمیشە بە دوایەوە بوو، زوو زوو گۆڕانی خاوەنی، ترسی لە دڵیا پەیا کردبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە هەموو خاوەنێک بۆ هەمیشە لەگەڵ ئەودا نامینێتەوە، لەوە دەترسا کە (ترنتۆن)یش وەکو (پرو)و(فرانسوا)و ئەو کابرا ئۆسکتلندیەی دورەگە زوو لە ژیانیدا بچێتە دەرەوە، شەوانە بێهودە خەونی بەو ترسەوە دەبینی بەهەمان ئەو هۆیە شەوانە خەوی لە خۆی حەرام کردبوو، لە سەرمادا لە لانەکەی خۆی دەهاتە دەرەوەو دەکەوتە رێ بۆ ئەوەی تا کەناری چادری خاوەنەکەی بچێو گوێی لە هەناسەی بێت، بەو هەموو پەیوەندیو خۆشەویستیە زۆرەوە کە بۆ (جان ترنتۆن)ی هەبوو هێشتاش هەر رەسەنە سروشتی کێویەتی کە کەنارەکانی باکور ئەوانەی لەودا بێدار کردبۆوە، وای لێ نەکردبوو کە ئەو نیشانەی شارستانیەتە فەرمۆش بکات، لەو رووەدا وەفاداریو حەقناسی (ئاکامی ئاسایشو ئارامی) بوو لەویدا هەبوو، بەڵام کێوی بوونو حیلەگەری خۆی لە دەست

نەدابوون، (باک) لە جیاتی ئەوەی یەک سەگی میهرەبانی باشوری بێ کە خووی بە شارستانیەتەوە گرتبوو بونەوەرێکی پاشماوەی چەند نەوەیەکی وەحشی بوو، کە هاتبوو لە کەناری (ترنتۆن)ەوە ئارام بگرێ، هەرگیز مەیلی ئەوەی نەبوو، بە پێی ئالودەی خۆیەوە ئەو حیلەبازییە دەرهەق بە (ترنتۆن)بکات، بەڵام ئەو فڕوفێڵە بە دزیو دزیکاریەوە لە چادرەکانی تردا بەکار دەکەوت، (باک) لەو ڕێیەدا چاوی نەدەپۆشی، بە شێوەیی دزی دەکرد، کە هەرگیز گومانیان لێ نەدەکرد، بەوەی کە گیان بەدەنی هەمووی پڕ بوو لە شوێنەواری ئاوو زلزلزەی لێدانو کوتان لەگەڵ سەگەکانی تردا، بەڵام دیسان هەر دەجەنگی، لەگەڵ بوونی جیاوازییەک کە ئەویش تەگبیری کەوتنە جەنگی تایبەتی بوو، (ئەسکیت)و (نیک)یش لەوە میهرەبانتر بوون کە لەشیان بخەنە بەر جەنگو جەنگاوەری، زیاد لەمانەش هەرسێکیان پەیوەندیان لەگەڵ (ترنتۆن)ەوە هەبوو، بەڵام ئێستا هەر سەگێکی بێگانە هەرچەند بەهێزو زیرەک بوایە یا ئەوەتا یەکسەر دەگەیشتە ئەوەی کە (باک) لە پلەیەکی بەهێزترو داناترەیاخود لە هیلاک بوونی جەنگا دەبووە دیلی (باک) لەو جۆرە بابەتانەدا تەواو بێ ڕەحمو بێ ڕابردوو بوو، مانای یاسای خوترمەو ددان باش فێر بوو بوو، لەبەر هەمان هۆ لە هیچ جەنگێکا رووی وەرنەدەگێڕا، ماوەی هەڵاتنی دوژمنی نەدەدا، ئەو ڕاستیانە لە (ئەسپیتز)و سەگە پۆلیسیەکانەوە فێر بوو بوو، دەیزانی جگە لە جەنگ هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە، دەبوایە ژێر کەوێ یا سەرکەوێ، ڕەحمی بە نیشانەی بێهێزی دەزانی، (قانون دەڵێت): یا بکوژە یا دەکوژرێی، یا بخۆ یا دەخورێیت، (باک) باوەڕی بەو یاسایە ئەزەلیە هەبوو، تەمەنی لە واقیعیەتی عومرو ژینیدا زۆرتر بەدیار دەکەوت، ڕابردووی بە حاڵ تێک دەکردەوەو پەیوەندی دروست دەکرد، بە ئەندێشەیەک کە وەک یاسای ئەزەلی دەوری ئەوی دەداو وەکو چەکوشێکی (کەلەبچە) مەزنو قوڵ کە بە خوڵی زیندەکی ئەوا کوفت دەبووو ئەوی بۆ پێشو پاشەوە ڕادەداو سەری پێ دەسپارد، سەدایێ هەروەک هەڵچوونو داچوونی دەریاو گۆڕانی وەرزەکان بوو. لەکەنار (ترنتۆن)دا بە دەمو چاوێکی پانو سینەیەکی گوشادەوە بە ددانی سپیو مووی قیتەوە ڕادەکشا، لە پشتی سەریەوە هەموو جۆرە سەگێکی گورگیو نیوە گورگیو کێویو نیوە ماڵی ڕادەکشانو تامی هەر گۆشتێ کە یەکەمین جار ئەو دەیچێژت ئەوانیش لە پاشا تامیان دەکرد، هەر ئاوێ کە ئەو دەیخواردەوە ئەوانیش هەروەها تێنوێتی خواردنەوەیان بۆ پەیدا دەکرد، بەوە بایان بۆن دەکرت، بە هاواری وەحشەت کە لە جەنگەڵەکانەوە دەهات گوێیان لەو دەگرتو مانای ئەو سەدایەیان ئەو

راڤە دەکرد، هەرکە ئەو رادەکشا بەر لەوەوە دەکەوتنە خەوێ، کەمێ دوورتر لەوە شتێکیان لەخەوێدا دەبینی کە ئەو لە خەویدا دەیبینی، ئەو راستیانە دوور کەوتنەوەیەکی قبوڵ نەبوویان لەو دەگەیاند، کە رۆژ بە رۆژ لە مرۆڤایەتیو زیندەگیدا بە دوو دەکەوتنەوە. لە دڵی جەنگەڵا هاوارێک ئەوییەلای خۆیدا رادەکێشا، هەر جارێ کە ئەو دەنگدانەوە ئەفسوناویەی دەبیست هەستی بەوە دەکرد کە ناچارە پشت لە زەمینو ئاگر بکاتو روو لەو هاوارو دادە بکاتو رێی جەنگەڵ بگرێتە بەرو بێ ئەوەی پەی بە ئارەزوویەکی دیاریکراوەوە ببات، بچێتە پێشەوەو دووبارە پێشەوەو..ئەو سەدایە...ئەو بانگو هاوارە، ئەو دەنگداندانەوە دووبارە ئاوا ئارامیەک لە جەنگەڵدا پێچی دەخواردەوە کە (باک)ی لەو رێگایەی کە بۆی دەچووو ئەو ئامانجەی کە هەیبوو بێ ئاگا کردبوو، بەڵام هەر جارێ کە نسیی درەختەکانی دەبینی ئیشقی (ترنتۆن) بۆ کەناری ئاگر رایدەێشایەوە، تەنها (ترنتۆن) بوو کە ئەوی بۆ خۆی کێش دەکرد، لە چاویا هەموو ئەوانی دیکە هیچ بوون، رێبواران لەوێ تێپەڕ دەبوونو دەستیان بەسەرو گوێلاکیدا دەهێناو ستایشیان دەکرد، ئەو هەموو لاوانەوەو ستایش کردنەی بە هیچ دەزانیو ئەگەر کەسێکیش لەو کارەدا تێپەڕاندبا ئەوا (باک) هەڵدەستایەوەو دوور دەکەوتەوە، کاتێ کە لە ئەنجاما دۆستانی (ترنتۆن)و (هانس)و(پیت) بەسەر تەختەی مەلەوانیدا کە ماوەیەک بوو لە چاوەڕوانیدا بوون، هاتنە لای (باک) ئەوەندەی بە غەریب زانین تا ئەو کاتەی تێگەیی ئەوانە دۆستی (ترنتۆن)ن، پاشان بەبێ جیاوازی مامەلەی لەگەڵ ئەوانیش دەکرد، بە منەتەوە لاوانەوەی ئەوانی قبوڵ دەکرد، ئەو دوانەش وەک (ترنتۆن) بەهێز بوون ژیانیان بە زەوی پەیوەست دەبوو، بە سادەیی بیریان دەکردەوە راستیەکانیان بە رۆشنی دەبینی، بەر لەوەی کە تەختی مەلە دروست بکەن، لە کەناری کارخانەی داربڕی لە (داوسان)ێ بیخەنە سەر ئاو بە خوو رەوشتی سەگەکانیان دەزانی، بۆیە ئەوەندە لەسەر ئەوە سوور نەبوون کە وەکو (ئەسکیت)و (نیک) لەگەڵ (باک)دا تێکەڵ نابن، بەو هەمووەوە (باک) رۆژ بە رۆژ پەیوەندی لەگەڵ (ترنتۆن)ەوە فراوان دەبوو، لە نێوان خەڵکیدا تەنها (ترنتۆن) بوو کە دەیتوانی کیسەی بار لە پشتی ئەو بنێ، هەر چیەک (ترنتۆن) دەیگوت ئەو بێ درەنگ جێبەجێی دەکرد باکی بە سەختی کارەوە نەبوو، رۆژێکیان کە بەرماوەی خواردنی خۆی بەستابۆوەو (داوسان)یان بە ئارەزووی بگەنە سەرچاوەی (تانانا) جێهێشت بوو، هەر سێ پیاوو هەرسێ سەگ بەسەر تاشە بەردێ کە بەسەر دۆڵێکی بەردینەوە بوو بە قووڵایی سەد مەتر دەبوو دانیشتبوون، (جان

ترنتۆن) له‌ نزیک ترۆپكه‌وه‌ دانیشتبوو (باک)یش به‌وه‌وه‌ نووسابوو بیرێكی گه‌مژه‌لانه‌ كه‌وته‌ سه‌ری (ترنتۆن)و ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵ (پیتو هانس) له‌ میانیانا تێپه‌ڕاند، ترنتۆن ده‌ستی خۆی به‌ لایه‌كی ترۆپكه‌وه‌ گرتو به‌ (باک)ی گوت:

- (باک) بپه‌ڕه‌وه‌

له‌ دوایدا ساتێ كه‌ (ترنتۆن) به‌ شێوه‌یه‌كی ترسناک (باک)ی له‌ لێوارێكی به‌رز راگرتبوو، هات بۆ سه‌ره‌وه‌و كێشایه‌ شوێنێكی دڵنیا پاش ئه‌وه‌ی كه‌ خه‌یاڵی له‌ هه‌موو ساتێكا ئاسوو-ده‌ بوو هه‌ناسه‌یان هاته‌وه‌ به‌ر. (پیت) گوتی:

- ئه‌وه‌یان باوه‌ڕ ناكرێت.

ترنتۆن سه‌ری ته‌كانو وتی:

- هه‌ڵبه‌ت له‌راده‌ به‌ده‌ریش ترسناكه‌، ده‌زانی هه‌ندێ جار له‌و په‌یوه‌ندییه‌ی خۆم له‌گه‌ڵ (باک)دا ده‌ترسێم، (پیت) به‌ ئاوازێكی یه‌كجاره‌كی وتی:

- من ئه‌سله‌ن دڵم نایه‌ت كاتێ كه‌ له‌ ته‌كتا رۆیشتبێ ده‌ستت بۆ درێژ بكه‌م، له‌ حاڵێكا كه‌ قسه‌ی ده‌كرد هێمای بۆ (باک) ده‌كرد، هانس وتی:

- راستیه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ منیش هه‌مان جۆر كاتێ كه‌ به‌ر له‌ كۆتایی هاتنی ساڵ به‌ شاری (سركل) گه‌یشتن، ترسی (پیت) گه‌یشته‌ ئه‌نجام، (بلاک برتۆن) كه‌ پیاوێكی به‌دخوو به‌دره‌فتار بووله‌ یه‌كێ له‌ مه‌یخانه‌كاندا كه‌وتبووه‌ نێو جارو جه‌نجاڵی رێوه‌، (ترنتۆن)یش به‌ میهره‌بانیه‌وه‌ ناوبژیوانی ده‌كردن (باک)یش به‌ عاده‌تی خۆی له‌ گۆشه‌یه‌ک وه‌ركه‌وتبوو، به‌هه‌مان جۆر كه‌ سه‌ری نابووه‌ سه‌ر ده‌ستانیو سه‌یری (ترنتۆن)ی ده‌كرد، (برتۆن) به‌بێ پێشه‌كی زه‌ربه‌یه‌كی له‌ ده‌موچاوی (ترنتۆن)دا، (ترنتۆن) خزاو چووه‌ پاشه‌وه‌ ئه‌گه‌ر ده‌ستی به‌ تارمه‌ی مه‌یخانه‌كه‌وه‌ نه‌گرتبایه‌ ئه‌وا ده‌كه‌وته‌ سه‌ر زه‌وی، كۆمه‌ڵه‌ خه‌ڵكێک كه‌ له‌وێدا بوون گوێیان له‌ ده‌نگێ بوو كه‌ نه‌ حه‌پینی سه‌گ بوو نه‌ لووره‌ لوور، به‌ڵكو به‌ته‌واوی له‌ مراندنی مه‌زن ده‌چوو، بێ چه‌ندو چۆن بینیان كه‌ (باک) نیشانی له‌ گه‌رووی (برتۆن) گرتووه‌و به‌ خێرایی به‌ هه‌وادا بۆلای ئه‌و هه‌ڵبه‌زیه‌وه‌، (برتۆن) به‌ شێوه‌یه‌كی ئالوده‌گی (دوو له‌پی باک له‌ پێشه‌وه‌ داگرتو له‌ ترسی مه‌رگ نه‌جاتی بوو) به‌لام به‌سه‌ر پشتیه‌وه‌ كه‌وته‌ سه‌ر زه‌ویو (باک) كه‌وته‌ سه‌ر سینه‌یو ددانه‌كانی له‌ گۆشتی بازویا برده‌ خوارێو دووباره‌ هێرشی برده‌وه‌ لای گه‌روویو پارچه‌ پارچه‌ بوو بوون، خه‌ڵک له‌ پرێكا رژانه‌ سه‌ر (باک)و پێشگیریان لێ كرد، (باک) ده‌هاتو ده‌چووو ده‌یمراندو له‌ چاوه‌ڕوانی شوێنێكی تردابوو كه‌ هێرش به‌رێ، به‌لام ته‌نها خوترمه‌ بوو كه‌ بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی قه‌ده‌غه‌ی

بکات، (کۆمیتەی خاوەن کانزاکان) بۆ گەیشتن بەو کارە لە هەمان جێگادا ڕێکخرا، ئەنجامەکەی وابوو کە (باک) هۆی ئەو هێرش کردنەی پێ بوو، دەبێ ئازاد بێت هەمان ئەو کارە بووە هۆی ناوبانگی (باک) لەپاش ئەوە (باک) لە سەرانسەری (ئالاسکا)دا ناسرا، پاشان لە پاییزی هەمان ساڵدا بە شێوەیەکی تر (باک) زیندەگی (برتۆن)ی لە مەرگی حەتمی نەجات دا، ئەو سێ دۆستەی کە شتی بچووکو باریکیان لە تەنکەی ئاوی (کریک) لە چل میلیدا بردە پێش، (هانس)و (پیت) بە کەنارا دەڕۆیشتنو بە گوریسێکی باریک بەسەر درەختێکەوە دەچوونە سەر درەختێکی دی، کەشتیان بە گوریسی باریک رادەکێشا (ترنتۆن) لە کەشتیەکەدا مابوو بووە، بە دارێکی درێژ کە لە دەستیدا بوو کەشتیان بۆ پێشەوە رادەدا بە سەدایەکی بڵندەوە فەرمانی بە (هانس)و(پیت) دەدا ئەو دووەی رێ شان دەکرد، (باک) بە نیگەرانیو نارەحەتی لە کەناردا بە تەریبی کەشتی دەجوولایەوە، تەنانەت بۆ ساتێکیش چاوی لە ئاغای خۆی هەڵنەدەگرت، لە خاڵێکا کاتێ کە لێوی چەند تاشەبەردێ لە ئاوێدا دەهاتنە دەرێ کەچی تاشەبەرد نەدەهاتە بەرچاوو پەڕینەوەی بە تەواوی ناخۆش دەکرد، بەهەمان جۆر کە (ترنتۆن) بە سەولی درێژی کەشتیەکەی رادەدا بۆ پێشەوە، هانس گوریسەکەی کەمێ بەرهەڵلا کرد، لە حاڵێکا کە سەری گوریسەکەی بە دەستەوە بوو لە کەنار رووبار غاری دەدا تاکو کەشتیەکە لە بەردەکان دەرباز بکاو بیوەستێنێ، کەشتیەکە لە لێوارا تێپەڕیو لە داکشانێکی توندی ئاوەکەدا کە هەر لە ئاشی ئاو دەچوو رابرد، هانس گوریسەکەی راکێشاو تا کەشتیەکە بوەستێنێ، بەڵام چونکە ئەو کارە لە پڕ ئەنجام درا کەشتی وەرگەڕاو لەهەمان کات لە کەناری رووبارەکە گیرسایەوە، (ترنتۆن) کە تێیدا هاتبووە دەرەوە، لە هەڵڕژانی توندی ئاودا کێشرایە بەشێکی تری توندتری کە هیچ مەلەوانێک نەیدەتوانی لەو ئاوە ئاگای لەخۆ بێت، (باک) خێرا خۆی فڕێ دایەو ناو ئاوەکەو پاش تەی کردنی سەد میل لە نێوان تەوژمی توندی شەپۆڵەکان خۆی گەیاندە (ترنتۆن)و ئەو هەستی بەوە کرد کە (ترنتۆن) کلکی ئەوی گرتووە، بە هەموو هێزێکی کە لە بەدەنیدا بوو بە مەلەوانی خۆی گەیاندە کەناری رووبارەکە، ئەو پێشکەوتنە رووەو کەنار بە خێرایی سەری گرت، حاڵ ئەوە بوو کە شەپۆڵە توندەکانی ئاوەکە بەرەو خواروو سولەی توندو تیژیو هەولی برووسک ئاسای شەپۆڵەکان لە نێوانی تاشەبەردە گەورەکانەوە کە وەکو ددانی شانە وابوون، جۆشوخرۆشی پەرشو بڵاودەکردەوە، سەداشی بە شێوەیەکی مەترسیدار دەگەیشتە گوێ، تاوی ئاو لە دوا خاڵی سەر تاڤگە بەر لەوەی کە سەرنشێو بێتەوە توندو ترسناک

بوو، (ترنتۆن) هەستی کرد کە گەیشتنی بە کەنار دەریاکە لە توانای ئەودا نیە، (ترنتۆن) بە توندی بەلای تاشەبەردێکا راکێشرا، بە (دووەم) کەوتو بە پالەپەستۆی داشکێن بە (سێیەم) کەوت بە هەولو تەقەڵلایەکی زۆر دەستی درێژ کرد تا خۆی بە نووکی لووسی بەردێک بگرێتەوە، (باک) ی بەرهەڵلا کردو لەو حاڵەدا بە سەدایەکی برووسک ئاسا هاواری کرد:
- (باک)، برۆ، برۆ..
(باک) نەیدەتوانی دان بەخۆیا بگرێت، لە کاتێکا نائومێدانە هەولی ئەوەی دەدا ئاو دەیبردو رایدەکێشا، (باک) توانای گەڕانەوەی نەبوو هەرکە فەرمانی (ترنتۆن)ی گوێ لێ بوو کەمێ خۆی لە ئاوێدا هێنایە دەرێو سەری بەرز کردەوە تا بۆ دواجار (ترنتۆن) ببینێت، پاشان بە تەواوی دەسەلاتیەوە بە تەک کەناری دەریادا رۆیشت، بە هەولو تەقەللایەکی زۆر مەلەی دەکرد، (پیتو هانس) دروست لە ساتێکا کە ئیتر مەلەوانی سوودی نەبوو، هەموو شتێک تەواو بوو بوو، بەیەک دەگەیشتنەوە، بە هەوڵێکی زۆرەوە ئەویان راکێشایە دەرەوە، هەردووک دەیانزانی تەواوی ماوەی کە پیاوێک دەتوانێ خۆی لەو جۆرە شەپۆڵە توندانە بە بەردێک بگرێتەوە، لە چەند دەقیقەیەک زیاتر نییە، بەهەمان دەلیلی بە خێرایی هەرچەند باشتر لە کەناری رووبار بەرەو سەرەوە راکردن تا ئەو خاڵەی کە (ترنتۆن) خۆی بە گەردەنی (باک)ەوە گرتبووو هەڵواسی بوو، لە حاڵێکا کە ئاگایان لێ بوو گوریس (باک) نەخنکێنێو لەپی پاشەوەی بۆ مەلەوانی لێ نەگرێت پاشان (باک) یان بە گوریس هەڵواسیو (باک) بە ئازایەتی خۆی هاویشتە ناو ئاوەکە، بەلام بە شێوەیەکی تەواوەوە خۆی لە ئاوەکە نەکێشا، (باک) کاتێ بەو هەلەیە کەوت کە (ترنتۆن) چەند مەتر دوورتر بەبێ تواناییو نائومێدانە لە ئاوێدا دەڕۆیشت، هانس دروست وەکو ئەوەی کە (باک) کەشتی بێت، بەبێ درەنگی گوریسی رادەکێشاو (باک) ئەوەندە لە ژێر ئاودا مایەوە تا لە کەناری رووبارەکە کەوتو ئەوی هێنایە دەرەوە هیچی نەمابوو کە (باک) نقووم بێت، هانسو پیت یەکسەر سەرەوژێریان کردو ئاویان لە گەدەی هێنایە دەرەوەو هەناسەیان پێ بەخشیەوە، (باک) لەو حاڵەتەدا بڵند بۆوەو بەلام دووبارە بە زەوی کەوتەوە سەدای کزی (ترنتۆن) دەگەیشتە گوێیان، لەبەر ئەوەی کە نەیاندەتوانی قسەکانی ئەو تێبگەن بەلام لەوە دەگەیشتن کە ئیتر هێزی تەواو بووەو تاوی بەرگری کردنی نەماوەو ئەو سەدا کزەی (ترنتۆن) لە گوێی (باک)دا وەک برووسکە پێچی دەخواردەوەو بە خێرایی بەرز دەبوەوە لە پێش (هانس)و (پیت) بەهەمان حاڵی پێشوو رایکردو

دووباره ئەو دووه گوریسیان له دەوری گەردەنی بەستو هاویشتیانەوه ناو رووبار، ئەوجاره (باک) راستەوخۆ بە ناوەندی دارژانی ئاودا دەرۆیشت، ئەگەر جارێک له کارێک هەلەی کردبوو، ئەوا مەحاڵ بوو جاری دووەم هەمان هەڵە بکاتەوه، هانس هێدی هێدی گوریسی رەها دەکردو بەڵام لەوه بە ئاگا بوو کە زیاد لە رادەی خۆی گوریسەکە هەڵناوێ، پیتو هانس هەروا ئاگاداری ئەوه بوون کە بەهۆی بەرهەڵستێک گیر نەخۆن، (باک) بە ئاوێ کەوتبوو، هەمیشە لەگەڵ شەپۆلەکانی دەچووه پێشەوه، دروست لە جێگایێ کە خاڵی بەرامبەری (ترنتۆن) بوو راوەستاو ئاوڕی دایەوەو خێرا رۆیشتە لای (ترنتۆن)، (ترنتۆن) بینی کە بەلای ئەودا دێت هەرکە (باک) بە قودرەتی یەک قۆچ شەپۆلێکی بەهێزی ئاو لە پشتەوه پێی کەوتو (ترنتۆن) بە خێرایی دەستی هاویشتە گەردەنی پڕ مووی‌و لە باوەشی گرت. (هانس) گوریسی لە دەرووەی درەختێکدا پێچاو رایدەکێشا، (ترنتۆن)و (باک) لەژێر ئاودا دەرۆیشتن هەردووکیان تەقەللاییان دەداو پێیان لێک دەدا، زەمانێک ترنتۆن هاتە سەر ئاوو (باک) خۆی خزاندە سەر ئاوێ‌و لەو حاڵەدا بە سەرکەمێ ناهەمواری رووباردا راکێشران، بە توندو تیژی بە بەردو تاوێر دەکەوتن، تا ئەو کاتەی سەرەنجام گەیشتنە سەر کەناری رووبار، چەند ساتێک لەپاش ئەمە (ترنتۆن) لە حاڵێکا بەسەر زگو بەسەر تەختەداری مەلەوانی داکەوتبوو، (هانس‌و پیت) سەرەو ژێریان دەکردەوه، هاتەوه هۆش خۆی‌و یەکەمین جار چاوی بە دوای (باک)دا گێڕاو (نیک)ی دیت کە بەسەر سەریەوه دەلورێنی‌و (ئەسکیت) دەموچاوی تەڕو چاوانی نیوە کراوەی دەلێسێتەوه، تەواوی بەدەنی ترنتۆن کفتو خاو بوو بوو ساتێک کە (باک)یان لە کەنار هێنایەوه پاش ئەوەی کە تاقیان کردەوه دیتیان سێ دەندەی شکاوه، (ترنتۆن) لە پڕ گوتی:
– وەزعمان باشە دیارە چۆتە دەریا با هەر لێرە چادر هەڵدەین،...، هەر ئەوەندە لەوێ مانەوه کە تا ئەو کاتەی کە پەراسوی (باک) بەجۆش کەوتو توانی بجولێتەوه، لە (داوسان)ێ ئەو ساڵە زستان (باک) کارێکی زۆری ئەنجام دابوو، ئەگەرچی ئەوەندە قارەمانانە نەبوو، بەڵام ناوی ئەو لە نێوان ناوی ئەوانەی کە بە شوێن زێڕدا دەگەڕان لە (ئالاسکا)دا دیسان ناوبانگێکی تری پێ بەخشی، ئەویان بۆ ئەو سێ هاوکارە بەرفراوان بوونی کارو شیکار کردنی مەسەلەیەک بوو چونکە ئەوان پێویستیان بە سەرمایەیەک هەبوو کە ماوەیەک بوو لە خولیای دابوون‌و بووه هۆی ئەوەی کە سەرکەوت لە سەفەرێ بەرەو رۆژهەڵات کە هەرێمێکی تازە بوو، تا ئەو جێگایەی سەرو کەللەی کانزاچیان کەلەوێدا پەیدا نەبوو بوو، گفتوگۆ لە مەیخانەی

(ئەلدۆرادو)دەستی پێکرد هەر یەک لەوانەی کە بەدوای زێڕدا دەگەڕان لەوێ بەلافو گەزافو شانازیەوە دەربارەی سەگە باشەکانی خۆیان دەدوان، (باک) کە لە نێوان ژمارەیەکا ناوبانگو خۆشەویستی هەبوو، بووە هۆی ئەوەی کە هێندێ پێی هەڵکارێنو لە ئەنجاما هەندێکیش فشەیان دەکرد بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا (ترنتۆن) بە تەواوی قودەرەتەوە بەرگری لەو دەکرد، پاش نیو سەعات لە گفتوگۆ کردن یەکێ لەو پیاوانە گوتی:
- سەگێ ناتوانێ داشقەیێ کە زیاتر لە دووسەد کیلۆ باری پێ بێ، بەدوای خۆیدا رابکێشێ، ئەویتر قودرەتی سەگی خۆی تا سەد هەشتا کیلۆ باروشتو مەکی برد، سێهەمیان وای بڵاو کردەوە کە سێسەد کیلۆ هەڵدەگرێ، لەو کاتەدا ترنتۆن گوتی:
- ئۆە...ئۆە ئێوە چ دەڵێن (باک) دەتوانی پێنج سەد کیلۆ بار رابکێشێ، (ماتیوسان) کە یەکێ لە کانزاچیە ناودارەکان بوو، وای راگەیاند کە سەگەکەی ئەو سێسەد کیلۆ بار هەڵدەگرێ، پرسی:
-یانی داشقەکە لە جێگای خۆی دەتەکێنێ؟ سەد مەتر رێ دەڕوا؟
(جان ترنتۆن) بە خوێن ساردیەوە گوتی:
- بەڵێ داشقە لە شوێن خۆی تەکان پێدەداو سەد مەتر بەدوای خۆیدا رایدەکێشی، ماتیۆسان زۆر بە ئارامیو سەنگینیەوە بە شێوەیەک کە بتوانێ گوێیان لە دەنگی ببێ گوتی:
- من هەزار دۆلار دەکەمە مەرج کە (باک) ناتوانێت ئەوەیان هەزار دۆلار !
بەدوای قسەی خۆیدا کیسەی خۆی کە پڕ بوو لە زێڕو بە ئەندازەی بالولەیەک بوو نایە سەر پێشخوانی مەیفرۆشەکە، هیچ کەسێ قسەی نەکرد، ئەگەر ترنتۆن دەستی خاڵی بوایە ئەوا قومارەکەی دەدۆڕاند، هەستی بەوە دەکرد کە دەمارە بەجۆشەکانی خوێنی بەنێو چڕوچاویدا دەکرد، زمان کاری ئەوی تێکدابوو، خۆیشی لەوە دڵنیا بوو کەوا (باک) بتوانێ (٥٠٠) کیلۆ رابکێشێ یان نا، گەمە نەبوو نیو تەن باربوو، ئەو هەموو بارەو یەک سەگ کوجا مەرحەبا، وەحشەتناک دەهاتە بەرچاو، لەلایەکی ترەوە یاوەری بەهێزو توانای (باک)یشەوە هەبوو، لەدڵی خۆیا زۆر بیری دەکردەوە، کە ئایا (باک) دەتوانێ ئەو بارە راکێشێ، بەڵام تا ئێستا بەو جۆرە ناچار نەبوو کە بیر لەو کارە بکاتەوە دەیەها کەس چاوی بڕیبووە ئەوەوە، تا گوێیان لەوان بێ، نە ئەو نە (هانس)و (پیت) هیچیان هەزار دۆلاریان نەبوو، ماتیۆسان بە ئاوازێکی وەحشتناکەوە گوتی:
- لە نێو داشقەکەی منا بیست کیسەی پێنج کیلۆیی ئارد هەیە، خەمت لە نەبوونی بارەوە نەبێ، (ترنتۆن) وەڵامینەدایەوە، نەیدەزانی چی بڵێت،

وەکو کەسێ دوچاری ئیفلیجی زەینی بووبێت، بە دوای ڕێگایێ دەگەڕاو تەماشای سیمای خەڵکی دەکرد، سەیری (جیم ئۆبراین)ی دەکرد، یەکێ لە دۆستەکانی بوو، لە سیمایا نەخشەیەکی دۆزیەوە، شتێ کە هەرگیز لە خەویشا نەیدەدی بە دەنگێکی ئارام گوتی:

–دەتوانی هەزار دۆلارم بدەیتێ؟

(ئۆبراین) لە جێ وەڵامدا کیسەیەکی گەورەی لە پەنا ماتیۆسان داناو گوتی:

– هەڵبەتە بە بوونی ئەوەی کە (جان) باوەڕێکی نیە کە (باک) بتوانێ ئەو بارەیان رابکێشێ، بەڵام باشە با وابێ..

ژمارەی ئامادەبوانی مەیخانەی (ئەلدۆرادو) چوونە کۆڵانێو تا ببنە تەماشاکەرانیئەو مەرجو بەندییە، مێزەکان خاڵی بوون، دەلالو شکاربانان هاتنە پێش بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەو کارە ببینێو خۆشیان هەر مەرجو مەرجکاری بکەن، چەند سەد نەفەرێ هەموویان حەریرپۆشو دەستکێش بە دەست بوون کەمێک دوورتر لە داشقە کۆ بوونەوە، دەوروبەری دوو سەعات بوو کە داشقەی ماتیۆسان بە پێنج سەد کیلۆ ئاردەوە لە هەوای بەستەڵەکی کە (شەش سەد) پلە لەژێر سفرەوە بوو، راوەستابوو، تایەکانی کە لە جێی چەرخ دابوو، لە قوڵایی دەروونی بەفرا رووچوو بوو، هەندێکیان ئامادەی ئەوە بوون کە مەرجێکی دوو بە یەک بکەن لەسەر ئەوەی کە (باک) ناتوانێ تەکان بە داشقەکە بدات مقۆ مقۆ دەربارەی لەجێوە هەڵتەکانی داشقەکەوە لە نێو خەڵکەکە سەری هەڵدا.

– ئۆبراین دەیگوت: (ترنتۆن) دەتوانێ میلەکانی داشقە تەکان پێ بداتو شەختەکەی وردوخاش بکات، لەبەرامبەر ئەوەدا بە جوولە هێنانی لە جێگای هەڵتەکاندنی داشقەکە بەسەر شانی (باک) بێ، (ماتیۆسان) لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەستەواژەی (لەجێ هەڵتەکاندن) تەکاندانی میلەکەش دەگرێتە خۆی، زۆربەی ئەوانەی کە شایەدی مەرجەکەی هەوەڵ بوون بە سوودی ئەوەوە رایان دەداو لە ئەنجاما مەرجی گشتی سێ بە یەک گەیشتن، کە (باک) ناتوانێ، هیچ کەس ئامادەی ئەوە نەبوو کە بڵێ ئەو مەرجە بە سەرکەوتنی (باک)ەوە دەبێ، ئەسلەن کەسێکیش باوەڕی نەدەکرد، کە (باک) ئەگەر خۆی بداتە بەر ئەو کارە سەرکەوێت، ترنتۆن بە دوودڵیو بەبێ زانینێکی پێش وەخت مەرجەکەی قبوڵ کردبوو، ئێستاش کە داشقەی پڕ باری بە دە سەگەوە لە نێوانی بەفرو سەرمادا بەسەریا گرت لەژێر دەستا شاردبۆوە بوونە، هەستی بەوە دەکرد کە کارەکە هی ئەوە نیە بکرێت، لەبەرامبەر ئەوەشەوە ماتیۆسان خۆشحاڵ بوو،

- ئیتر ڕاگەیەنرا
- سێ بە یەک، ترنتۆن من ئامادەم کە هەزار دۆلاری تریش بخەنە سەر ئەو هەزار دۆلارەو مەرجت لەگەڵا بکەم، تۆ چی دەڵێیی؟ دودڵی لە دەمو چاویترنتۆنەوە دەخوێنرایەوە، بەڵام گیان گەڕانو چەندو چوونی وی جوڵابۆوە، هەمان گیانی کە دەبووە هۆی ئەوەی گێچەڵان سووک بکاتو بیخاتە پشت گوێوە، ئاشنای لەگەڵ ئەوە نەبوو، کە ڕەنگە وابێ یا وانەبێ، هەموو بیرو فکری بەلای سەرو سەودای مەیدانی جەنگەوە بوو، (ترنتۆن) هانسو پیتی لە لای خۆی دەخوێندەوەو کیسەکانی ئەوانیش هەرخاڵی بوون، بەگشتی سێ کەس دەیانتوانی دوو سەد دۆلار بخەنە سەر یەک، بەمجۆرە پارە ناهەموارەکەی هەیانبوو، ئەو بڕە پارەیە هەموو سەرمایەی ئەوان بوو، بەهەر حاڵ ئەو بڕە پارەیە لەبەرامبەر سێ سەد دۆلاری (مایۆسان)یان دانا، دە سەگیان لە هەوسارێدا کردەوەو (باک)یان بە قەوچو قەڕاسەی خۆیەوە نایە بەر داشقەو بەستایانەوە، هەڵچوونو داچوونی خەڵکیش هاتبووە سەر (باک) و هانیان دەداو ئەگەر سەربەرز لەو کارە بێتە دەرێ ئەوا خزمەتێکی بە ترنتۆن گەیاندوە، (سەرو سەودای سەرنج ڕاکێشانی باک) کاتێ کە سەرو سیمای بە شکۆی بەدیار دەکەوت سەری دەگرت، مەرجەکانی بە تەواوی لەبار بوو، زەررەیەک گۆشتی بە لەشی وەنەمابوو، هەفتا کیلۆ سەنگی تەواوی هێزو توانای ئەو بوو، چاوەکانی وەکو ئاوریشم دەدروشایەوە، مووەکانی دەوری گەردەنیو ئەملاو ئەولای شانو پێیەکانی نیوە خەوتوو بوون، وا بەدیار دەکەوت وەک بڵێی لەگەڵ هەر جووڵەیەکا بڵند دەبۆوە، سینەی گەورەو دەستی سەنگینی ئەو لەگەڵ بەدەنو یەخەوە ڕێک بوو، جومگەکانی لە ژێر پێستیدا بە چاکی دەبینران، خەڵکەکە ئەو جومگانەیان بە دەست تاقی دەکردەوەو دەیانگوت: کە وەکو ئاسن سەختن، دوا بەدوای ئەو بابەتانە میزانی مەرجیان لە (سێ بە یەک) هێنایە خوارەوەو پاشان گەیشتنە یەک، یەکێکی تر لە مادەنچییە دەوڵەمەندەکان بە زمانگیرانەوە گوتی:
- ئاغا..ئاغا گیان من بەر لە دەست پێکردنی ئەو قۆشمەیە ئەوە بە هەشت سەد دۆلار دەکڕم، ئاغا..ئاغا گیا...ن، هەشت سەد دۆلار بەهەمان جۆر کە لێرەوە وەستاوە، (ترنتۆن) سەری بەرز کردەوەو چووە کەنار (باک)ەوە، ماتیۆسان بە ڕەخنە لێگرتنەوە گوتی: دەبێ دوور لەوە بوەستی، کەلەکو مەلەکیش دەبێ لە کارا نەبن، خەڵکەکە کپ بوو بوون، تەنها سەدای مەرج بەستن کە لەسەر دوو بە یەک لەگەڵ یەکترا چەندو چوونیان بوو، هەموویان ئەوەیان قبوڵ بوو کە (باک) ئاژەڵێکی غەریبە، بەڵام پێنج سەد کیلۆ ئاردیش

بە نەزەری ئەوان بارێکی سەنگین بوو، بەهەمان دەلیل پولی مەرجیشیان لەخۆڕا نەدەدا، (ترنتۆن) لەتەک (باک)ەوە چۆکی داداو سەری ئەوی لە نێوانی هەردوو دەستی خۆی گرت، چەنەگەی دانایە سەر چەناگەی ئەو دروست وەکو هەموو جارێک کە وای دەکرد، بە خاتری بازی دۆستانە سەری (باک)ی تەکان نەدەدا، هەروا ناسزایێ کە لەبەر خۆشەویستی ئەو بوو چرپاندیە گوێچکەی، تەنها قسەیەک کە کردی ئەوە بوو:
– هەر چەند کە منت خۆش دەوێ‌و بەهەمان قەدر کە منت دەوێ، (باک) بە شەیداییەوە هەناسەی خۆی دەگرت‌و نالاندی، خەڵکەکە بە زیتیەو سەیریان دەکرد، کارێکی پڕ لە نهێنی بوو، زیاتر لە جادوو دەچوو لەوەی لە شتێکی تر، کاتێ کە (ترنتۆن) بەرز بۆوە (باک) بە ددانی دەستکێی گرت‌و قەپاندی‌و لەسەرخۆ بە تۆبزی بەرهەلدای کرد، ئەوەیان وەڵامی خۆشەویستی ئەو بوو، وەڵامی بێ سەداو خامۆشی (ترنتۆن) لەوەوە چەندوچوونی گرت‌و گوتی:– گیانی من (باک) .
(باک) جوڵانەوەیەکی کردو هەوساری لەخۆی شەتەکداو توندوتۆڵی کرد، پاشان چەند گرێیەکی پەنجەی شل کردەوە، (باک) بەچاکی فێری ئەو کارە بوو بوو، سەدای (ترنتۆن) لەو بێدەنگیە سەنگینەدا دەنگی دایەوە،
– ئامادە بە
(باک) وەڵامی رستەکانی دایەوەو هەستایەوە لە ئەنجامی ئەو جوڵانەوەدا، قایش‌و قرۆشەکانی دووبارە توند بوونەوەو سەنگی حەفتا کیلۆیی دووبارە لە جێی خۆیدا ئارامی گرت، سەدای شکانی شەختەو بەستەڵەک بەرز بۆوەو (ترنتۆن) فەرمانیدا:
– بجولێوە.
(باک) هەمان کاری دووبارە کردەوە، ئیتر لەلای چەپەوە سەدای تێکشکانی بەستەڵەک زیاتر دەنگی دایەوە، داشقەکە تەکانی خواردوو میلەکانی ژێرەوەی خزایە پێشەوەو چەند گرێ ئەنگوستێ لە تەنیشتەوە رۆیشت، سەرەنجام هەڵتەکا، خەڵک بە بێ ئەوەی خۆیان بزانن هەناسەیان لە سینەدا راگرتبوو، فەرمانی تازەی (ترنتۆن) وەک تەقینەوەی گوللە لە ئاسماندا پێچی دەخواردەوە.
– بڕۆ...!
(باک) خۆی هەڵدایە پێشەوەو بە تەکانێکی توندەوە کە دەنگی دەگەیشتە گوێی هەموویان ریشمەی بە توندی لە خۆی شەتەک دابوو، بە تەواوی هێزو توانای‌و بە هەوڵ‌و کۆششێکی مەزن ئامادە بوو، جومگەکانی وەک بوونەوەرە چالاکەکان لەژێر بەرگی ئاوریشمیدا گرێ‌ی دەخواردو

دەجوولایەوە، سینەی پانو بەرینی تا سەر زەوی لار ببۆوە، سەر بەرەو پێشەوە هاتبووە خوارەوە، دەستو پێی هەمیشە بەرزو نەوی دەبۆوە، پەنجەکانی داگرتبووە سەر بەفرو هێڵێکی تەریبی نەخشاندبوو، داشقە لەرزی، هەندێک چووە پێشەوە، پێیەکی (باک) هەڵخلیسکا دەنگی وای وای خەڵک بەرز بوو بووەوە، پاشان داشقە بە جولانەوەیەکی دی بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەکەوە دروست دەبووو دەجولایەوە، تا ساتێکی کورت نەوەستا، نیو گرێ...یەک گرێ...دوو گرێ... لە حاڵێکا کە داشقە خێرا دەبوو بە شێوەیەکی هەست پێکراو تەکانی کەم دەبۆوە، (باک) تەکانەکانی کۆنترۆل کردو کەوتە بزوتنەوەیەکی یەک ئاواز، خەڵک کە بە دەمی کراوەوە بەبێ ئەوەی کە بزانن چەند سات هەناسەیان گیراوە، هەناسەیەکی بە رەحەتیان هەڵکێشا، (ترنتۆن) بە دوای (باک)دا رایدەکردو (باک)ی بە قسەی کورتو شیرین هان دەدا لە پێشەوەش ماوەی رێگایان ییوا بوو، (باک) بە هەمان جۆر کۆمەڵە دارەکە کە کۆتایی هاتنی سەد مەترێک بوو نزیک دەکەوتەوە، هاندانەکانیش بڵندترو بلندتر دەبۆوە، سەرەنجام (باک) لە چەپکە دارەکە تێپەڕیو بە فەرمانی ترنتۆن وەستا، لەو کاتەدا هاواری شادمانی بەرز بۆوە، لەبەر زۆر خۆشحاڵی خەڵکەکە سەریان لە پێیان بەرز نەدەکردەوە، هەتا (ماتیۆسان)یش کڵاوو دەستکێشەکانی بە هەوا دەکەوتن، بەبێ ئەوەی بزانن لەگەڵ چ کەسێکن هەموویان دەستی یەکتریان دەگرت، جارو جەنجاڵیەک کەوتبووە ئەو ناوە، ترنتۆن لە تەنیشت (باک) چۆکی داداو سەری نابوە سەر سەری (باک)ەوە، بۆ پێشەوەو دواوەی رادەکێشا، ئەوانەی کە بەخێرا نزیک دەبوونەوە سەدای ترنتۆنیان دەبیست کە جوێنی بە (باک) دەدا هەروا جوێنەکان وردە وردە رێکوپێکو خۆشەویستر دەبوون، ئەو کەسەی کە کڕیاری (باک) بوو دووبارە گوتی:

– ئاغە..ئاغەگیان..هەزا...ر دۆ..لار..ت دەدەمێ، ئاغە گیان هەزار دۆلار.. ئاغە گیان هەزارو دوو سەد دۆلار باشە؟

(ترنتۆن) بەرز بۆوەو چاوەکانی لەبەر فرمێسک تەڕ بوو بوون، هەمیشە دڵۆپە فرمێسکەکانی لە چاو دەرژایە خوارەوە ئینجا رووی لە پیاوەکە کردو گوتی:

– نە ئاغە گیان..نە برۆ بەدوای کاری خۆتا، برۆ جانم، ئەوە باشترین خزمەتە کە هەیەو دەتوانم بەرامبەر بە تۆی ئەنجام بدەم، (باک) دەستی ترنتۆنی بە کەڵبەکانی گەزیو (ترنتۆن)یش ئەوی بۆ پێشەوەو پاشەوە دەبرد، چونکە وەک بڵێی هەست کردن بە نهێنی دەرونی هەردووکیان ببووە هۆی ئەو بزاڤە مەزنە، تەماشاچیان بە ریز گرتن لە دواوە مەودایان دەگرت ئیتر هەواڵی لەو جوێنو تەمبەڵیەوە نەبوو تا ئارامیو شەیدایی ئەو دووە تێک بکاتەوە.

## بەشی حەوتەم
بەگورگ بوون

کاتێ کە (باک) لەماوەی شەش دەقیقەدا شەش سەد دۆلاری بۆ (ترنتۆن) پەیدا کرد، ئەو توانایەی بۆ خاوەنی خۆی هێنایە کایەوە کە هەندی لە قەرزەکانی رەت بکاتەوە، لەگەڵ هاوەڵانی خۆی بە دوای ئەو کانزا ئەفسانەییە کە چیرۆکی ئەوان وەک کەنارەکانی باکوری دووریو قوڵی هەیە، بەرەو رۆژئاوا بجولێتەوە ژمارەیەکی زۆر بە دوای ئەو کانزایە لە گەڕانو سوڕان دابوون، کەسانێک هەبوون ئەو کانزایەیان دۆزیبۆوە بەڵام ئەفسانەی ئەو گەنجینەیە خەفەتبارو پڕ لە نهێنی بوو، هیچ کەس نەیدەتوانی یەکەمین کەس کە دەستی لەو دۆزینەوەیە هەبووە دیار بکا، کۆنترین کۆتایی داستانەکان بەر لە گەیشتن بەو کانە تەواو دەبێت، کەسانێک بوون کە سوێندیان خواردووە بەر لە مەرگو لە کاتی گیان سپاردنا کانەکەیان دیوە، دەیانگوت بەسەر خانولکەیەکەوەیە ئەو خانولکەیە کۆنو وێران بووە، گەواهیشیان پێشکێشی خورەتاو بووە، کە هەرگیز لە زێڕی واسایی کەنارەکانی باکور نەدەچوو، بەم جۆرە هیچ کەسێ کە زیندوو بێتو لەم جێگایە گەڕابێتەوە، ئەو گەنجینەیەی نەدۆزیەوەتەوە خەڵکێکیش هەروا کە دەگەیشتنە دەمی مەرگ، ئیدی هەواڵێک لەوانەوە نەدەبوو، بەهان هۆ (جان ترنتۆن)و (پیت)و (هانس)و (باک) لەگەڵ شەش سەگیتر بەرەو وێندرێ کەوتنە ڕێو پێیان نایە ڕێگایێ کە خەڵکەکەی لە ئاستێکی بەهێزتر لەوان بوون، ژمارەی سەگەکانیان زۆرتر لەو ژمارەیە بوو، لێیان رەتکردنو بەدوای ئەو ئارەزووە نادیارە نابود بوو بوون، ئەوان بە داشقەکەیان هەفتا میلیان بەلای رووباری (یۆکن)دا بڕی، پاشان بەلای چەپدا پێچایانەوەو چوونە رووباری (ستیوارت)لە (مایۆ)و(کوییێسشن) رەت بوو بوون، ئەو کاتەی کە دەریای (ستیوارت)ی تەنگو باریک وەک رووبارێکی بچووکی لێهات کە لە نێوان لوتکە باریکەکانی (ئەو لوتکانە لە جێی ستونی ئەسلی کشوەری ئەمەریکا بوون) تێپەڕین، (جان ترنتۆن) شتێکی زیاتری لە سروشتو مرۆڤ نەدەخوازیو ترسیشی لە وەحشان نەبوو، دەیتوانی بە مشتێ خوێو یەک تفەنگ لە نێوان جەنگەڵدا بچینە یا بیابانا هەر جێگایی کە دڵی بخوازێتو بۆ هەر ماوەیەک بژیت، بە هەمان دەلیل وەک سوورپێستەکان خواردنیان لە کاتی سەفەردا دەست نەکەوتبا خۆیان بۆ راووشکار ئامادە دەکرد، ئەگەر بە درێژایی رۆژ نێچیرێکی بە دەست نەکردبا دیسان وەکو سوورپێستەکان بە دڵنیاییەوە بەردەوامی بەو ڕێیەی

خۆی دەداو دوا نەدەکەوت، لە چاوەڕوانیدا نێچیرێکی بەدەست دەهێنا، لەو رووەدا لە سەفەری دواییان بۆ رۆژهەڵات، گۆشتی تازەیان دەخوارد، بارو تفاق بارکۆڵەی داشقەیان بوو، بەرنامەیێ کە لە ساتەوەختێکدا بۆ خۆیان دانابوو بە شێوەیەکی بێ سنوور هەتا داهاتوو بەردەوامی دەبوو، (باک) لە راو کردنی ماسیەکانو سەرگەردانی نێوان ئەو خالآنەی  کە نادیار بوون لە رادە بەدەر شادومانو خۆشحاڵ بوو، هەندێ جار چەند هەفتەیەک لەدوای یەکو رۆژ بە رۆژ بۆ پێشەوە دەچوونو هەروەها زەمانێ چەند هەفتەیەکی لەسەر یەک لە هەر جێگایەک بوایە چادریان هەڵدەداو، سەگەکان لە گۆشەو کەنارا بۆ خۆیان هاتوچۆیان دەکرد، هەروەها بۆ بەرپا کردنی ئاگر پیاوەکان لە زیخو گلی بەستاودا چاڵێکیان دروست دەکردو ئەوانی تریش هەروا تاوێکی زۆر چڕیان بە ئاگر دەشوشتەوە، هەندێ جار برسیەتیان دەچێشتو زەمانێکیش لە رادەبەدەر خواردنیان دەخواردو هەردوو ئەو کارەش لە بەختی ئەوانەوە لە شکارێ دا بوو، هاوین داهاتو پیاوو سەگەکان کەباریان بە کۆڵەوە بەستا بوو، لەسەر دەریاچەی شینی کێوەکانەوە تێپەڕینو لە رووبارە نەناسراوەکانادا بە کەشتی بچووک کە بە داری جەنگەڵ بە یەکەوە بەسترابوونەوە، بەرەو سەرەوەو خوارەوە رۆیشتن، مانگەکان یە ک لە دوای یەک تەواو بوون، ئەوان لەو پانۆ پۆڕیە بەبێ هیچ نەخشەیەک بەرەو پێشەوە دەچوون، لەو سەر زەمینە شوێنێک نەبوو کە مرۆڤی تیا بدۆزنەوە، گەر لە یەک وێنەدا ئەو قبوڵ کردنی ئەفسانەی خانولکە وون بووەکە کە وای کرد بڵێین لەوانەیە رۆژی مرۆڤ پێی لەوێ ناوە، کاتێ کە ویستیان لە قەدپاڵی کێواندا تێپەڕن گرفتاری کرێوە بەفرێکی هاوینە بوون، لەژێر هەتاوی نیوە شەواندا لە بەرزایی کێوە رووتو قووتەکانداو لە میانی جەنگەڵەکانو بەفری هەتا هەتاییدا، لەسەرمانا دەلەرزین، لە نسێی یەخچاڵەکانی سروشتدا دادەنیشتن، گوڵی وایان دەچنی کە لەگەڵ گوڵی فەرەنگیو باشورا جیاوازی نەبوو، لە پاییزی هەمان ساڵدا کەوتنە دەشتێکی سەیرو پڕ لە دەریاچە کە لە پێشدا راوچیەکانی تەیرو تواران لەوێدا دەژیان، بەڵام کاتێ کە گەیشتنە ئەوێ، هەواڵێک لە بونەوەری زیندوو یاخود مردوو نەبوو، سەدایێ کە جار جارە لەوێدا پێچی دەخواردەوە، جگە لە گڤە گڤی بایەکی سارد هەڵیدەکردو ئاوی بە شێوەی بەستەڵەک هەڵدەگرتو تێک چڕژانی ئەو شەپۆلانەی کە شێتانە خۆیان دەکوتایە سەر کەنارە خەم ئەنگێزەکانەوە، شتێکی تری تێدا نەبوو، بە درێژایی زستان لە جێی پێی سراوەی پیاوێ کە لە پێشەوەی ئەوانەوە چوو بوو بۆ ئەو جێگایە لە سەفەری خۆیان بەردەوام بوون، جارێکیان گەیشتنە

کوێره ڕێیەک لە نێوانی جەنگەڵەکاندا کە داری دارستانەکانی ئەو بەشە تراشا بووو بڕابۆوە، بەهەمان ئەو نیشانەیە ڕێچکۆڵەیەکی لابەلای ئەو خانولکەیە ون بوو بوو، ئەوەندە ڕاست نەدەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەو کوێرە ڕێیە نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی، لە ڕازێکی پڕ نهێنیدا مابووەوە، پیاوێک ئەوانەی دروست کردبوو، هۆی دروست کردنیشی هەر نەزانراو بوو جارێکیان بە شێوەیەکی وا ڕێکەوت لە خانوییێکی کۆنیلەی خراپدا تێپەڕین، (جان ترنتۆن) لە نێو پەتۆی هەڵدڕاوو پارچە پارچە بوویدا تفەنگێکی چەخماخەداری لولە درێژی پەیدا کرد، بیری کردەوە کە دەبێ ئەو تفەنگە چەند ساڵێک لەمەوبەر هی کارخانەی (کەنداوی هودسن) بوو بێ لە باکوری ڕۆژئاوادا، لەو دەورانەدا ئەو جۆرە تفەنگە لەگەڵ پێستی سمۆرەدا دەگۆڕدرایەوە، بەم شێوەیە کە پێستی سمۆرەیان لەسەر زەوی پان دەکردەوەو ئەوەندە دەستەیان بەسەر یەکەوە پان دەکردەوە تا ئەو کاتەی کە دەگەیشتە لولەی تفەنگەکە، پاشان تفەنگەکەیان لەگەڵ تەواوی ئەو پێستانەدا دەگۆڕیەوە، لەو خانولەکە شکاریەدا ئەو جۆرە شوێنەوارەیان دی، هیچ نیشانەیەک لە مرۆڤدا کە چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو خانولکەیەی دروست کردبوو، تفەنگی نابووە نێو پەتووە دیار نەبوو، جاریکی تر کژی بەهار هاتەوەو سەرەنجام بە تەواوی ئەو قسانەوە دیسان هەرچی دۆزیانەوە ئەو خانوچکەیە نەبوو، بەڵکو جێگایەکی کەم قووڵایی بوو لە دۆڵێکی بەریندا وەختێ کە خاکو گل ئەوانی لە خۆرەتاوا شووشتەوە، زێڕ هەروەکو تۆپەڵەیەک زەرد لەبەر هەتاو دەردەوشایەوە، ئەوان زۆر لەوەدا نەچوونە پێشەوە هەر ڕۆژە کاریان لەگەڵ چەند هەزار دۆلاری خاکی زێڕەوە یا هەتاوەوە پارسەنگ دەبوو، هەمیشە کاریان دەکرد، ئەو زێڕەیان لەو کیسانەدا دادەنا کە لە پێستی مامز دروستیان کردبوو، هەریەک زیاتر لە بیست کیلۆ زێڕی دەگرت، هەموو کیسەکان وەکو لقەداری دەرەوەی خانولکەکە کە بە داری درەخت دروست کرابوون، پڕ زێڕیان دەکرد، بە سەختی کاریان دەکرد، لە کاتێکا گەنجینەی خۆیان پڕ دەکرد، ڕۆژان وەکو خەونی شیرین بە لایانەوە ڕادەبرد، کاری سەگەکان ئەوە بوو جار جارە (ترنتۆن) دەیبردنە ڕاوێ‌و دەیهێنانەوە نێو حانولکەکە، (باک)یش بە چەندان سەعات لە تەنیشت ئاگرا وەردەکەوت‌و بیری دەکردەوە، دیسان ئێستا بێکارە، سیماو شێوەی ئەو پیاوە کورتەباڵایە لە پڕ لە خۆوە هەمیشە دەهاتە بەرچاوی، هەندێ جار بە هەمان جۆر بە چاوی خومارو نیوە کراوەی لە کەنار ئاگرا ڕادەکشا، لە خەیاڵدا لەگەڵ ئەو پیاوە توکنە لە دنیای خەیاڵیا سەرگەردان دەبوو، دیارترین شتی ئەو دونیایەی ئەو ترس‌و

وەحشەتە بوو، کاتێ کە ئەو پیاوە توکنە لە نزیک ئاگرا دەنووستو سەری دەنایە نێو ئەژنۆکانیو دەستیشی بەسەر سەریەوە جووت دەکردن، (باک) هەستی بەوە دەکرد کە خەوی نائارامە، چەندین جار لە خەو رادەپەڕی، هەر جارەی کە لە خەو رادەپەڕی زۆر هیلاکو ماندوو بوو، بەترسو لەرزەوە دەیڕوانیە تاریکی پاشان تەماشای چەند لکە دارێکی دەوری ئاگرەکەی دەکرد، کاتێ کە لە کەنار یا لە رێگا دەجوولایەوەو پیاوە توکنەکە ماسی سەدەفی راو دەکردو دەیخواردن، لە چاویدا شەپۆلی ترس هەست پێدەکرا، هەمیشە چاوەکانی پڕ لە مەترسی بوون، مەترسیەکی نادیار یا کاتێ ئامادەی ئەوە بوو بوون کە هەر کاتێ مەترسیەکیان بدیبوایە خێرا را بکەن، لە جەنگەڵا بە ئارامی دەڕۆیشتن، (باک) بەدوای ئەو پیاوە توکنەدا دەڕۆیشت، لە راستیدا هەردووکیان لە ئامادەباشی دابوون، گوێیان لە بچووکترین خشپەدا سووک دەکردو لوتیان دەبزافت چونکە ئەو پیاوە بە خەیاڵ بیرتیژیو تیژبینی (باک)ەوە بوو، پیاوە توکنەکە دەیتوانی لە نێوانی درەختەکاندا پێ هەڵگرێو بە هەمان خێرایی کە بەسەر زەویدا دەڕواو خۆ بە درەختەکان هەڵدەواسێ، بە تاوەوە لە لکێکەوە بۆ لکەدارێکی دی خۆی هەڵواسی، هەندێ جار لە نێوان دوو درەختدا کە نێوانیان دوو مەتر دەبوو ئەو پیاوە وا بە کارامەیی لەو درەختەوە بۆ ئەو دەرخت بازی دەدا، کە هەرگیز هەڵەی نەدەکردو بەرنەدەبۆوەو دارێکی لەدەست نەدەچوو، وای دەکرد کە وەک بڵێی ژیان لە نێوانی درەختەکانو سەرزەویدا بۆ ئەو یەکسانە، (باک) شەوانێکی بە یادا دەهاتەوە کاتێ لەژێر درەختەکانا تا سپێدە دەخەوت، ئەو پیاوە چاودێری دەکرد، گرنترین شت کە دەربارەی ئەو پیاوە باوەڕی پێ دەکرد ئەوە بوو بەردەوام هاواری بانگ کردنی لە قوڵایی جەنگەڵەکانەوە دەنگی دەدایەوە، ئەو دەنگ دانەوەیەو ئەو هاوارە (باک)ی لە سەرسامی لە گەرووی خۆیەوە هەڵدەڕشتە دەرەوە (باک) لە دەروونەوە هەستی بە شەیداییەک دەکرد، بەڵام نەیدەزانی بۆچی؟ جار جارە بە دوای ئەو هاوارە دەچووە ناو جەنگەڵەکەو هەستی خۆی لەو هاوارە رادەگرت، کە ئەمە بەشێک بوو لە خۆشەویستی بەرهەست کە یەک لەدوای یەک (باک) لە نێوان درەختەکانا بە دوایانەوە بوو، بەهەر جۆرێ کە دەهاتە پێشەوە، دڕ، رێکو دۆستانەو دوژمنانە دەیلوراندو دەحەپی، لموزی خۆی لە نێو زنارو لاولاوە ساردەکانا یا لە خاکی تاریکا کە گژوگیای سەوزو بڵندیان تێدا رووابوو، دەبردە خوارێو بە چەندان سەعات لە پشت درەختەکانەوە کە بە لاولاوەو ئاوریشم داپۆشرابوو، بەدەر دەکەوتو وون دەبوو، بە وردی چاوو گوێی هەڵدەخستو تا هەر جوولانەوەیەک لە چاو

داو هەر دەنگێ لە گوێچکەیەوە دوور نەکەوێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە چاوەڕوانی دابوو، تا بە شێوەیەکی ناگەهانی ئەو دەنگە خافڵگیر بکاتو دەنگێ کە تێ نەدەگەیشت لە کوێوەیەو بۆچی؟ خۆشی نەیدەزانی لەبەرچی دەبێ وابێ؟ دەیویست بەم شێوەیە بێ، حەزیشی لێ نەبوو کە هۆیەک بۆ ئەمە پەیدا بێت، بەرامبەر پاڵەپەستۆی دەرونی نەیدەتوانی بەرگری بکات، جارێکیان لە گەرمای رۆژداو لە کەنار چادرا وەرکەوتبوو، خەواڵو بوو بوو، لەو حاڵەتەدا زۆربەی جاران لەپڕ سەری بەرز دەکردەوەو بە خێرایی لەوان دوور دەکەوتەوەو دەڕۆیشت، چەند سەعاتێک بەردەوام دەڕۆیشت، لە نێوان خەڵوەتکای جەنگەڵەکاناو لەنێو فەزای کراوەدا کە گوڵی جەنگەڵی تیا رووابوو تێدەپەڕی، عاشقی ئەوە بوو کە لە رووبارە وشکەکانا را بکاتو لەسەر سکەوە بخشێتو بچێتە هێلانەی مەلەکان، جارێکیان رۆژێکی تەواو لە ژێر پنچکاندا راکشابوو بۆ ئەوەی بتوانێ سەیری کەوەکان بکات، کە بە هەموو لایەکا باڵەفڕەیان بوو، تاکو گوێ بداتە دەنگو ئاوازیان، زەمانێک بە زەوقێکی زۆرەوە عاشقی ئەوە بوو تا لە سایەی شەوی هاوینانی رۆشندا رابکاتو سەر بکا بە هەموو کونو کەلەبەرێکی ئەم جەنگەڵەو پەی ببا بە هەموو نهێنیو رازو نیازەکانی، بۆیە وەکو کەسانێ کتێب بخوێننەوە ئاوا بە وردی لەناو جەنگەڵا دەسوڕایەوە، لەخەوو لە بێداریدا، لە هەموو کاتێکا بەدوای ئەو دەنگو ئاوازەدا دەگەڕا کە هەمیشە بۆیان دەخوێند، شەوێک بە حاڵەتێکی شێواو لە خەو راپەڕی، چاوە خەواڵوەکانی هەڵهێناو بە شەیداییەوە لووتی دەلەرزیو بەردەوام بۆنی هەڵدەکێشا، کلکی قیت دەبۆوەو شۆڕ دەبۆوە، لە جەنگەڵدا ئەو هاوارە (یاخود بەشێک لەو هاوارە، چونکە ئەم هاوارە سەدای جۆر بەجۆری هەبوو) گەیشتە گوێی بەڵام بە پێچەوانەی جارەکانی تر ئەمجارەیان روونو ئاشکرا بوو، لورەیێ بوو کە دەتوانین بڵێین لە سەدای سەگەکانی (ئەسکیمۆ) دەچوو، خەیاڵ نەبوو، (باک) ئەو سەدایەی کە لەمەو پێشیش ئاشنای بوو بوو، دەستنیشان کرد، لەنێوان ژمارەیەک لەوانەی کە خەوتبوون، هەڵبەزیەوەو هێمنانەو توند بەرەو بێشە رای کرد، هەرچەندە لەو دەنگو ئاوازە نزیک دەبۆوە ئەو لەسەرخۆتر دەچووە پێشەوە، تا ئەو کاتەی بە ئاگاداریەوە گەیشتە ناو ئاووهەوای درەختەکانەوە، گورگێکی دیت کە درێژکۆڵەو لاواز بوو، لموزی رووەو ئاسمان بەرز کردبۆوەو رێک لەسەر رانی وەرکەوتبوو، (باک) بە ئەسپایی بێ ئەوەی کە خشپەی لێوە بێ، لورەی گورگ خامۆش بوو هەوەلی وەکو هەستی بە هاتنی شتێک کردبێ، (باک) کەمێ خۆی لار کردەوەو بە هەمان شێوە کە خۆی خڕ

کردەوەو کلکی توند قیت کردەوەو پێیەکانی بە شێوەی پاشایانە بەزەویدا دادەاو لەنێوان فەزای خەڵوەتا رای دەکرد، لەهەر جولەکیشیا هەستی دۆستایەتیەکی نهێنی هەبوو، ئەوەیان رەوشێ بوو کە ئاژەڵە درندەکان کاتێ کە دەیانەوێ دەست لە بەگژ داچوونی یەکتر هەڵگرن ئەنجامی دەەن، گورگەکە هەرکە ئەوی بینی رای کردو تێی تەقاند، (باک) بەدوای کەوتو بردیە بن بەستێک، کە شوێنی رووبار بوو جەستەی دارێکی گەورە کەوتبووە ناو پانتاییەکەیەوە، گورگەکە هەروەکو (جو)و هەموو سەگەکانی تری (ئەسکیمۆ) لەسەر پێیەکانی هەڵقونجاو دوورکەوتەوە، دەیمڕاندو مووەکانی قیت ببوونەوە، هەمیشە ددانەکانی بەسەریەکا چیڕ دەکردنەوەو (باک) هێرشی دەبردە سەری، گورگەکە ترسا بوو چونکە بینی بووی کە لاشەی (باک) سێ بەرابەر لاشەی خۆیەتی، هەتا سەریشی نەدەگەیشتە شانی، هەمیشە چاوی لە شوێنێ دەگێڕا تاکو تێی تەقێنێ، دووبارە (باک) کەوتەوە شوێنی، چەندین جار گورگە لە گۆشەیەکا گیری دەخواردو رای دەکردەوە، گورگەکە ئەوەندە حاڵی خۆش نەبوو، چونکە (باک) بەبێ ئەو جۆرە راکردنە هەرگیز نەیدەتوانی بیگاتێ، (باک) ئەوەندە بە دوایا رایکرد تا ئەو حەلەی سەری نزیک پشتی کردبوو، ئەو کاتەی کە گورگەکە رووبەڕی راوەستاو چاوەڕوانی هەلێک بوو تا رابکاتەوە، سەرەنجام راستو رەوانی (باک) گەیشتە ئەنجام چونکە گورگەکە گەیشتە ئەو راستیەی کە (باک) نایەوێت ئازاری بدات ئیتر ماڵی بووو لوتی لە لوتی (باک) نزیک کردەوەو لێی خشاند، ئینجا بوونە دۆستی یەکترو وردە وردە بە رەوشی دەمارەکیو تا سنووری شەرم لێکردن، کە تایبەت بە درەختەکان خۆیانن، دڕو دڕندایەتی خۆیان شاردەوەو لەگەڵ یەکتری دەستیان کرد بە رمبازی پاش ماوەیەک رمبازی کردن گورگی تەنها راکردوو بەم شێوەیە بەدوای کەوت کە دەیویست بچێتە جێگایەک، کەوتە رێگا، (باک) بەوە کەوت کە دەبێ لەدوایەوە بڕوات لە تاریکیو رووناکیدا یەکڕاست شان بەشان بە سەرەوەی شوێنی رووبارەکە کەوتنە رێ، پاشان لەلایەکی تری ئاوڕێژەوە لە دەشتێکی پانو بەرینا کە پارچەی فراوانو گەروەی جەنگەڵ ئەو رووبارەی تێدا هەڵکشا بوو چوونە خوارەوە، لە بێشەلانەکانا لە تەک یەکا چەند سەعات رایان دەکرد، بەرەبەیان بوو رۆژ رووەو گەرمی دەچوو، (باک) حۆشحاڵ بوو وبوو، لەبەر ئەوەی وەڵامی ئەو هاوارەی بە ئەنجام گەیشت بوو، لەتەک برادەرە جەنگەڵیەکەی بەرەو جێگایێ کە سەداو هاواری تێدا بڵند دەبۆوە رایدەکرد، رابردووەکان لە یادیدا زیندوو

دەبوونەوەو هەڵدەچوون، دروست وەكو ئەو رۆژانەی كە سێبەری ئەو خاتیرانەی ئەو تێ هەڵدەچووەوە، لەوێ لە جیهانی تایبەتی ئەو شوێنە كە شتێكی شاراوە بوو، ویستی زیندوویان بكاتەوە لە بیرەوەریەكانیدا ئەو كارانەی كە كردبووی ئێستا زیندوویان دەكاتەوە، بەسەر بەفری شلو كلۆراو لەژێر ئاسمانی روونو بێگەردا رایدەكرد، لە كەناری رووبارا كە ئاو بە ئارامی تیایا دەڕۆیشت رادەوەستا تا قومێ ئاو بخواتەوە، كاتێ كە راوەستا (باك) كەوتە یادی (جان ترنتۆن)و بەسەر زەویەوە وەركەوت، گورگەكە بەهەمان ئەو لایەنە كە لەوێدا دەجولایەوە دووبارە گەڕایەوەو هاتەوە لای (باك)و لوتی لە لوتیەوە خشاند، كارێكی وای كرد كە (باك) دلگەرم بێت، بەڵام (باك) گەڕایەوەو رێگای گەڕانەوەی گرتەبەر، نزیكەی سەعاتێك برادەرە كێوەكەی لەگەڵیا كەوتە رێو بە دەنگێكی نەرمەوە دەیلوراند، پاشان لەسەر زەویەكە وەركەوتو رووی كردە ئاسمانو نالەیەكی قووڵو خەفەتناكو دەردەداری بۆ كرد، لە كاتێكا كە (باك) دوور دەكەوتەوە، تا ئەو كاتەی كە هاوارەكە ...خامۆش دەبوو، (ترنتۆن) دەیویست نانی ئێوارە بخوات، كاتێ كە (باك) لە نێوانی خانوچكەدا رایكردو لە رووی خۆشەویستیەوە سەری بەو داگرتو خۆی غلۆر كردەوەو بە دەوریدا سوڕایەوەو دەمو چاوی لستەوە، لەپی بە ددانەكانی گرتو لە كاتێكا كە (ترنتۆن) بۆ پێشەوەو دواوەی دەبردو جوێنی پێدەدا (باك) بە قسەكانی بازی شێتانەی دەهاویشتو دوو شەوو دوو رۆژ (باك)ی لە چادرەكە نەهێنایە دەرەوە، (باك) چاوی لە (ترنتۆن) هەڵنەدەگرت، بۆ هەر شوێنێ رۆیشتبایە بە دوایەوە بوو، كاتێ كە (ترنتۆن) خواردنی دەخوارد ئەو تەماشای دەكرد شەوانە ئەوەندە بێدار دەمایەوە تا ئەو كاتەی كە (ترنتۆن) پەتوی بەسەر خۆیا دەكێشا، بەیانیانیش هەر بە بێداری دادەنیشت تا ئەو كاتەی كە (ترنتۆن) لە پەتوەكەی دەهاتە دەرێ، بەڵام كاتێ دوو رۆژی بەسەرا تێپەڕی ناڵەو هاوارو سەدا لە جەنگەڵا دەنگی دایەوە، لە هەموو كاتێكی تر نەرمتر بوو، دووبارە (باك) بووە دیلی شلەژانیو پەرێشانیـ یادگاریەكانی هاتەوە بیر، یادگاری ئەو ساتانەی كە لە تەك برادەرە كێویەكەیەوە بوو، جەنگەڵێ كە لەوسەر زەویە شادە لەو بەری ئەو لاپاڵە كەوتبوو، راكردن لەتەك برادەرەكەی، بە دوای كەوتن، ئەو... لەو خەیاڵانەدا ئاسوودە نەدەبوو، جارێكی تر لەو بێشانەدا سەرگەردان بوو، بەڵام هاورێ جەنگەڵیەكەی ئیتر نەهاتەوە بۆیە چەند سەعاتێكی یەك لەدوای یەك (باك) بە ئارامی گوێی رادەدێرا، بەڵام ئیدی ئەو ناڵە خەمبارەی سەری هەڵنەدایەوە، شەوەكانی دی لە دەرەوە دەمایەوە

هەندێ جار چەند رۆژێک لە چادرەکە دوور دەکەوتەوە، جارێکیان لە لوتکەی کێوا رابردوو چووە سەر زەوی جەنگەڵو رووبار، هەفتەیەک بە سەرگەردانی لەوێ مایەوە، لەو کاتانەشدا خواردنی خۆی هەر لەوێ راو دەکردو دەیخوارد بە تەنهایی کە بۆ ئەو ماندوو بوون نەبوو، بە بێهودەیی بەدوای نیشانەیەکی تازەی هاوڕێیە جەنگەڵیەکەی رایدەکرد، لە رووبارێکی بەریندا کە ئاوەکەی دەڕژایە دەریاوە ماسی (سالمون)ی دەگرت، لە تەک رووباردا هەرسێکی رەشی گەورە بێشەکەی ناخۆش کردبوو، (هرسەکە کە چاوێکی کوێر بوو) لەگەڵیدا کەوتە جەنگ، جەنگێکی سەختو توند، جەنگێک کە پاشماوەی خەوتوی بوونی (باک)ی بێدار کردەوە، دوو رۆژ دوای ئەوە کە (باک) گەڕایەوە سەر نێچیرە کوژراوەکەی خۆی، دە گورگی دیت کە لەسەر دابەش کردنیا کەوتونەتە گێرمەو کێشە، (باک) وەکو پەڕ پەرشو بڵاوی کردنەوە، دوو تاک لەو گورگانە مانەوە کە توانای شەڕ کردنیان لەگەڵ (باک) نەبوو، هەستی خوێنخۆری زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە (باک) توندتر بوو، (باک) ئاژەڵێکی دڕندەخوو بوو نەیدەتوانی دەست لە دڕندایەتی خۆی هەڵگرێ، لەسەر گۆشتی زیندووان دەژیا، بە تەنیا بەڵام بەهۆی هێزو توانای لە رادەبەدەری خۆی، هەروەها بە سەرکەوتنێکی تەواوەوە لە چوارچێوەی گێرمەو کێشەیەکی تەواوەوە چوارچێوەیێ کە بە تەنیا سەرکەوتنو بردنەوەی تێدا دەبێ ئەوەیە کە بەهێز بیت، بەهەمان ئەو دەلیلە عزورێکی پەیدا کردبوو، ئەو عزورە وەکو نەخۆشی دڵخۆشی لە بوونیا لانەی کردبوو، ئەم سەرهەڵدانو دروست بوونە لە تەواوی بزووتنەوەکانیدا ئاشکراو روون بوو، وە هەر جولەیەکی جومگەکانی لە شێوەی بەرێ کەوتنیا لە هەڵبەزینو پەڕینیا، پۆشەنی ئاوڕیشمو لاولاویش وەکو وی ئەوی زیاتر بە شکۆو دیار دەخست، ئەگەر بە خاتری لکێکی قاوەیی کە لەبەر لموزیو سەرەوەی چاوی دا بوو یا ئەگەر ئەو مووە سپییەی کە لە نێوان سینەیدا هاتبووە کایەوە نەبوایە ئەوە بە ئاسانی لەگەڵ گورگی دێوپەیکەر ئاسادا کە لە تەواوی گورگەکانی دی گەورەتر بوو جیاوازی نەدەبوو، ئەو کەلەشەی کە لە گۆلەسەی باوکیەوە (سنت برنارد)و پۆتەلاکی لەبەر چاوانی دێڵەی دایکیەوە بە میرات بۆی بەجێ مابوو، لموزی وەکو لموزی گورگ درێژ بوو، سەری وەکو سەری گرگ وابوو، بەڵام کەمێ گەورەتر هەڵکەوتبوو، گورگ ئاسا، فێڵو تەڵەکەی دەکرد بەڵام بە شێوەیەکی وەحشیانەتر هۆشی لە (سنت)و سەگێکی شوانێ وەرگرتبوو، ئەوانە هەموو جگە لەو تاقی کردنەوەیەی

که له بەرزترین قوتابخانەدا فێری بوو بوو، ئەوی بە رادەیەک کردبووە وەحشتناکترین درندەی ترسناکی بیابان، بەڵام گۆشت خۆربوو، سودی لە گۆشتی زیندووی ئاژەڵان وەردەگرت، لەو کاتەدا بە ترۆپکی هێزو توانا گەیشتبوو، هێزو توانایەکی سەرسورهێنەریش، کاتێک کە (ترنتۆن) دەستی لاوانەوەی بەسەر دادەهێنا سەدای پێک کەوتنی ددانەکانی دەستی دەخستە لەرزە، هەر وا لەهەر سەرێکی تاڵە موی (باک) پەرەنگێک دەپەڕی، تەواوی ئەندامو خانەو دەمارەکانی لە باشترین شێوەدا بوون، هاوسەنگی تەواو هەبوو، چاوو گوێیەکی هەبوو کە سەرسورهێنەر بوو لە تروکاندنو گواستنەوەی خێرادا بە هەر بزووتنەوەو سەدایێ لە ماوەیەکی کورتتر لە لەوەی کە بۆ دیتنو بیستنی سەگ پێویستە، وەڵامی دەدایەوە، لە راستیدا سێ کرداری دیتنو بیستنو نەخشەدانانی بروسکە ئاساو یەک لە دوای یەک ئەنجامی دەگرت، ماوەو زەمەنەکانی ئەو شتانە ئەوەندە بە شێکی شازو ناوازە بوو کە هاوزەمان دەهاتنە بەرچاو. جومگەکانی پڕ بوون لە هێزو قودرەت، هەروەکو زیکزاکی پۆڵایین دەهاتنە جۆشو خرۆش، هێزی ژین وەکو لافاوێ بە شکۆو شادی زیندوو هەڵدەڕژایە بوونیەوە، تا ئەو جێگایەی کە دەهاتە بەرچاو، تینی ژیناوی لەبەر توندی بەدیار دەکەوتنو بوونی شەوقو زەوقەوە ئەویان دەتەقاندەوە تابێ درێغی ئەو هەمووە لە جیهانی بگەیەنێ، رۆژێکیان کە دۆستەکانی (ترنتۆن)ویستیان ماشای (باک) بکەن کە لە چادر بە دوور دەکەوتەوە (ترنتۆن) وتی:
– تا ئێستا هیچ کەس سەگی وای نەدیوە.
تیب وتی:
– کاتێکە خوا بوونەوەرێکی ئەوەهای دروست کرد، قالبەکەی شکا، هانس دەم راستی قسەکانی ئەودا گوتی: بەخودا منیش هەمان باوەڕم هەیە ئەوان تەماشاکەری جولەو چوونە دەرەوەی ئەو بوون لە چادرێدا بەڵام توانای ئەوەیان نەبوو کە گۆڕانی وەحشەتناکی ئەو ببینن، لە کاتی چوونی بۆ جەنگەڵی خەڵوەت، وەکو هەموو سەگێک بەرێ نەدەکەوت، بەڵکو وەکو ئاژەڵە درندەکان ئارامو بێ سەروسەودا بەسەر پەنجەکانیا وەکو سێبەری رابواردنو ئارامی دەجولایەوە، باش دەیزانی کە چۆنو بۆ کوێ پەنا بەرێو وەکو مار بەسەر سکیەوە بخشێ، هەروەکو ماریش لەناکاوڕا هەڵکشێو هەڵبەزێتەوە، هەتا دەیتوانی قومری لە هێلانەکەی خۆیدا بگرێت، کەروێشک لەخەودا رابکێشێتو مەیمونە بچوکەکان لەسەر لقەدارەکانەوە ئەو لقو ئەو لق دەکەن لە هەوادا هەڵیاندڕێ، ماسی لە چۆمێدا لە تیخی ددانەکانیا بە سەلامەتی دەربازیان نەدەبوو، سمۆرەکان کە پردی خۆیان

چیَ دەکرد، لە فێڵی ئەودا قەرارو ئارامیان لیَ هەڵگیرابوو، ئامانجی (باک) لە راوکردندا خواردن بوو، نەک هەوەسی تر، پاشان وای بە چاک زانی کە هەر چیەک دەیکوژێ خۆی بیخوات بە هەمان ئەو دەلیلە ئەو راوکردنەی زۆر بە ئاسایی دەهاتە بەرچاو، خولیای ئەوە بوو سمۆرەکان خافڵگیر بکات، کاتێک کە دیلی دەبوون بەرەلای دەکردن تا بەسەرو سەداوە بەسەر لقە درەختەکان هەڵبەزنەوە، بە هاتنی پاییز ئاسکەکان لەو دەوروبەرەوە زۆر بوون ئەو مامزانە لەسەرخۆ دەجولانەوەو لە بەرزاییەکانەوە شۆڕ دەبوونەوە بۆ شوێنی چەپەرەکانەوە تا زستان لە دۆڵێکی گەرمترەوە بەسەر بەرن، (باک) لەو کاتەدا کارمامزێکی هەراش کە جولەکانی نارێکو بیَ ئامانج بوو راو کرد، بەڵام زیاتر عەشقی ئەوە بوو کە ئاسکی گەورە گەورە راو بکات، رۆیشت بەسەر ترۆپکی کێوێکدا لەو سەری رووبارەوە لەگەڵ یەکیَ لەوانە رووبەڕوو بوەوە، مێگەڵە مامزێک کە نزیکەی بیست مامز دەبوون لە کەناری رووبارو بێشەلانەکانەوە رادەبردن، گەورەترینیان نێریە مامزێک بوو کە لە گەورەیدا وەکو گایەک وابوو، ئەو نێریە زۆر وەحشی دەهاتە بەرچاو بڵندیەکەی زیاتر لە مەترێک دەبوو، لەو جۆرانە بوو کە (باک) کەیفی لەگەڵ دەکرد، بۆیە پەڕیە پێشەوەو نێری شاخ پێچاوپێچ کە هەر شاخەی چواردە گرێی تێدا بوو لەناو ئەو رەوە مامزەوە دوو ئەلقە بە درێژی دوو مەتر دەبوون، تەکانی دا، چاوەکانی مامز داخوازانە دەدرەوشایەوە، کاتیَ کە چاوی بە (باک) کەوت، بە توڕەیی باڕاندی، لەتەک مامزەکاندا لە بەرامبەر رانیەوە سەرەتیرێکی پەڕدار هاتبووە دەریَ، کە گوزارشتی لە دڕەندەیی ئەو دەکرد، (باک) لە رووی غەریزەوە کە لە دەورانی راوشکاردا لە دونیای کێویەتی وای بۆ بەجێما بوو، ئەو مامزەی لەگەڵ رەوەکەی لێک دابڕاند، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، هەمیشەو بەردەوام بە دەوری مامزە کێویدا دەحەپیو دەسوڕایەوە خۆی لە سنووری قۆچە زلەکانیو سمە تیژەکانی دەپاراست، دەیزانی ئەگەر لەقەیەک بخوات ئەوا بەبیَ چەندو چوون دەتۆپێت، نێری کە نەیدەتوانی پشت لە دوژمنی کەلب تیژی خۆی بکاتو بەردەوامی ریَی خۆی بێت زۆر توڕە بوو بوو، بەردەوام هێرشی دەکردە سەر (باک)، (باک) پاشەکشەی دەکردو وای نیشان دەدا کە بێهێزەو لەو دەترسیَ، بە هەمان نیشانە وردە وردە لە گەلەدا جیا دەبۆوە، (باک)یش هەروەها سوودی لە کاتو شوێن وەردەگرتو چەند برینێکی لە لەشی کرد، چەند مامزێکی نێر گەڕانەوەو هێرشیان بردە سەر (باک) تا ئەو مامزەی کە زامدار بوو بوو، بی گەڕێننەوە نێو گەڵە، جیهانی ئاژەڵان ئارامی تایبەتی خۆی هەیە ئارامیەک

بەس بزۆکو ماندوو نا مەقبوڵ هەمان ئارامی کە جالجالۆکە چەندان سەعات لە چنینی دەزوی خۆیا بێ جوولە دەیپارێزێتو مارەکان کۆپکەیی دەنونو پڵنگان ناچار دەکات کە لەکەمینی خۆیان لە چاوەڕوانی هەلێکی هەڵکەوتوودا بمێنێنەوە، هەمان ئەو ئارامیە دەبێ هەبێ، تا ئەوان خواردەمەنی خۆیان لە میانی ژیندا بە دەست بهێنن، (باک) خەستی ئەو ئارامیو لەسەرخۆییە بوو بەدوای مێگەل دەڕۆیشتو هێرشەکانی خۆی دوا دەخست، تا نێریە مامزە جوانەکە توڕە بکات، مێیەکانو کاریلەی ئاسکەکان کەوتبوونە وەحشەت، نێری بریندار لە توڕەییان خۆی شێتو هار کردبوو، نیوەی ڕێگای ئاوا بڕی، (باک) خۆی کۆکردەوەو لە هەموو لایەکا دەستی بە هێرش بردن کرد، مێگەلی ئاسکانی بە لافاوی هێرشە بەردەوامەکانی خۆی گرفتار کرد، بەردەوام نێچیری خۆی لە مێگەل جیا دەکردەوە، سەبرو ئارامی لەو ئاژەڵانەی کە ڕاو دەکران وەردەگرت، ئارامیەک کە (باک) دەیویست زێتر لە تەحەمولو هێمنی ئەوانەوە بێت، هەتاو رووەو ئاوابوون دەچوو باکور لە بالنگانی تاریکی دەخنکا، لەو کاتانەدا شەوانی پاییز شەش سەعات درێژ بوو، نێریە مامزەکان بە رقو قینەوە گەڕانەوە بۆ سەر هاوەڵە بریندارەکەیان، زستان خێرا بەرەو هەرێمە کەم بەرزەکانی رادەکێشان، هێدی هێدی هەستیان بەوە دەکرد کە توانای ئەوەیان نیە تا ئەو بوونەوەرەی کە قابیلی ماندو بوون نیە لە خۆیان دوور خەنەوە، جگە لەمە وایان زەن دەبرد کە شتێک نییە گەف لە ژینی ئەوان بکات، تەنها پێی مەرگو ژینی یەکێ لە واندا لە ئارادا بوو، ئاساییە کە ژینی ئەوەیان لەبەرانبەر ژینی هەموویان بە شتێکی ناچیزە بە دیار بکەوێت، لەو رووەدا قبوڵی ئەوەیان کرد کە باشترە قوربانی بدەن، دونیا لە نیوە تاریکیەوە بە تاریکی تەواو دەگەیشت، نێری پیر سەیری گەلەکۆی دەکرد، ئاسکە مێینەکان سکیان لەو پڕ بوو، بێچووە مامزەکان کە نەوەی ئەو بوون نێریەکە سەرۆکایەتی ئەوانی دەکرد، دەتدیت کە هەموویان لە پەردەی تاریکی لە مەودایەکی دوورەوە ون دەبوون، هەستی بەوە دەکرد کە ناتوانێ لە دوای ئەوانەوە بڕوات چونکە دوژمنی کەڵبە تیژی لە بەرامبەر خۆیا دەبینی، بەردەوام بە دەوروبەریا دەپەڕیە ئاسمانو نەیدەهێشت دوور کەوێتەوە، ئەو ئاسکە زیاتر لە پێنج سەد کیلۆ گۆشت سەنگی بوو، تەمەنی خۆی سەرانسەر بە جەنگو لێدانو کوتانو هێزو تواناوە بەسەر بردبوو، دەشیبینی کە سەرەنجام دەبێ سەری خۆی لە دەمی ئاژەڵێ بکات کە نەیتوانی ئەو هەموو شاخە پێچ پێچانەی لەو گیر بکات هەر لەو ساتەوە (باک) شەوو رۆژ تەواو لە شکاری خۆی دوو رنەدەکەوتەوە دەمێک

ئاسوودەی نەدەکرد، مۆڵەتی ئەوەشی نەدەدا کە گەڵای سەوزو لقی نەرمی درەختەکانیش بخوات، هەتا ماوەی ئەوەشی نەدەدا کە مامزی بریندار بە خواردنەوەی کەمێ ئاوی جۆگەلە کە لە سەرەوەی ئەوانەوە تێدەپەڕی تێنوێتی خۆی بشکێنێ، جار جارە مامزە کێوی نائومێدانە پێی لێدەناو رایدەکرد، (باک) لەو کاتەی کە نەیدەویست راوەستێ، بە ئاسانی دەکەوتە دوایەوە، (باک) حەزی لەو بازیە بوو هەرکە نێری ماندوو رادەوەستا (باک) بەسەر زەویدا رادەکشاو کاتێ مامزەکە هەوڵی دەدا شتێ بخوا یا بنۆشێ بە توندی هێرشی دەکردە سەری، مامز بەو هەموو بارە قۆچەوە شۆڕ بوو بۆوە، لەو جۆبارەوە (باک) هەڵی دۆزیەوە کە کەمێ ئاو بخواتەوەو بحەسێتەوە، (باک) لەو کاتانەدا بە توندی هەناسەی دەداو زمانی سووری دەهێنایە دەرەوە، بە نیگای توندو تیژی خۆی مامزە گەورەی دەخست، (باک) دەیبینی کە لە وێنەیا هەمو شتێک گۆڕانی تێدەکەوێ هەستی بەوە دەکرد، کە جەنگەڵو رووبارو هەوا هەڵدەسووڕێن، ئەو سوڕانەی بە دیتنو بیستن هەست پێدەکرد، بەڵکو هەستێکی بە لوتفتر رێگای بەو نیشان دەدا، شتێکی نەدەدیو گوێی لە هیچ نەدەبوو، بەڵام دەیبینی کە زەوی گۆڕاوە تێگەیی کە لە میانی ئەو هەموو شتە نەناسراوانەدا چەند شتێکی تیایە لە سوڕان دایە بیری کردەوە باشتر وایە راوەکەی خۆی تەواو بکات، سەرەنجام لە کۆتایی رۆژی چوارەمدا مامزە گەورەی دایە زەویو شەوو رۆژێک لەکەنار نێچیرەکەی خۆیا مایەوەو دەیخواردو دەنووستو بە دەوری خۆیا خۆی غلۆر دەکردەوە، حەسایەوەو هێزی خۆی تازە کردەوەو پاشان بەرەو چادری (ترنتۆن)دا کەوتە رێ، بە تەنها رایدەکردو بێ ئەوەی لە رێگا دوور کەوێتەوە، لە نێو سەر زەویەکی نەناسراودا بە هەمان هەستی شەشەم کە مرۆڤ سەرسام دەکات چەند سەعاتێک رێی چادری پێوا، هەرچەند زیاتر دەچووە پیشەوە سوڕانەوەی زەوی زیاتر هەست پێدەکرد، هەستی بەوە کرد جگە لە بوونەوەری زیندوو کە لە هاویناندا بەو شوێنەدا رابردبوون، چەند شتێکی تر هاتبوونە کایەوە، ئەو جیهانە ئیتر لە رێگای نهێنییەوە بۆ ئەو نەوەیە دەهات، مەلەکان قسەیان دەربارە دەکردنو سمۆرەکان لە زەمزەمە دابوون بۆیان، هەتا شەونمیش هەواڵی لەوانەوە دەهێنا، چەند جارێک وەستاو کزە بای تازەی بەیانی بە هەناسەکی قووڵەوە هەڵکێشایە ناخی دەرونی، ئەو هەوایە هەڵگری پەیامێ بوو کە ناچاری دەکرد بە خێرایەکی زۆرەوە بەرەو چادر را بکات، پەیامێکی لە رووداوەکانەوە پێ بوو، ئەگەر تا ئەو شوێنە هیچ رووداوێ رووی نەدابوو کە ئەوی پێ نارەحەت بێ، کاتێ لە دوا سولەدا تێپەڕیو چووە ئەو دۆڵەی

که ئەوان چادریان لێ هەڵدابوو، ڕێکو پێکتر چووە پێشەوە کاتێ لە پڕ بە سێ میلی ئەوێ گەیشت ڕووبەڕووی شوێنەوارو نیشانەیێ بۆوە کە مووی لەشی قیت بوونەوەو ئەو شوێنە کۆتایی بە چادری (ترنتۆن)ەوە دەهات، (باک) خێراتر کەوتە ڕێ، لەو وردەوالانەی مەترسیدا کە گوزارشتیان لەو ڕووداوانە دەکرد، بە ئاگا بوو، بەڵام سەرەنجامیش هەر بەو روداوەی نەزانی، بۆن کردنی ئیلهامیان دایەو کە ژمارەیەک بەوێدا تێپەڕیون، سەلیقەی کەوتە سەر کپی سەنگینیو بارهێنەری جەنگەڵو ئاوازی مەلان خامۆش هەڵگەڕا بوو، سمۆرەکان تەنیا بوو بوون، تەنها سمۆرەیەک کە بە ڕەنگی شینو لەشی نەرمیەوە باڵی بە شاخەی وشکهەڵاتوەوە دابوو، وەکو یەکێ لە لقی ئەو درەختانەوە دەهاتە بەرچاو، لقێکی نائاسایی بەبەر تەنی دەرختێکی ئاساییدا. (باک) لە حاڵێکا بەلای ئەو سێبەرە لەرزۆکانەوە دەچوو لە پڕ لموزی بە لایەکا کێشا، هەروەک بڵێی هێزێک لموزی بەلای خۆیدا کێش بکات، پاشان چووە بێشەلانو (نیک)ی دیت، کە کەوتبووە سەر تەنیشتو لە جێی خۆی مردبوو، تیرێک کە کۆتاییەکەی پەڕیان لێدابوو لەشی کون کردبووو سەری لە لایەکەی تری لەشی هاتبووە دەرێ، سەد مەتر لەولاتر یەکێ لەو سەگانەی بینی کە داشقەیان ڕادەکێشا، کە (ترنتۆن) ئەوی لە (داوسان)ێ کڕیبوو، بەسەر شەقامەوە گیانی دەدا، (باک) بێ ئەوەی بوەستێ بەلایا تێپەڕیو لە چادرا سەدای چەند نەفەرێک (وەک بڵێی سروودێک بچڕن) دەهاتە بەرگوێی، (باک) بەسەر زگیەوە خشیو چووە پێشەوە تا گەیشتە لای چوارەچێوەی خەڵوەت (هانس)ی دیت کە کەوتبوە سەر زگو چەند تیرێ وەک دڕکی پشتی ژووژک وابوون، لە دەمو چاوی چەقیبوون، لەو ساتە سامناکەدا (باک) ڕوانیە شوێنێ کە خانولکەیەکی دارینی تێدا دروست کرابوون شتێکی دیت کە مووی گەردەنو شانی ڕاست بوو بوونەوە، پەردەیەک لە ڕقو قینی تەحەمول نەکراو لە بوونیدا سێبەری هەڵخست، بە توندی مڕاندی، سەدای مڕەی خۆی لە خۆیدا گوێ لێ نەبوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە (باک) بە درێژایی تەمەنی خۆی بەرهەستەکانی سەر بکەوێت بە سەر ئەقڵو فێڵەکانی، ئەو هەستانە ئەقڵو فێڵەکانی ئیفلیج کردبوو، سەبارەت بە توندی پەیوەندیو خۆشەویستی کە بەرامبەر بە (ترنتۆن) هەیبوو، پیاوەکانی هۆزی (یەهت) بوون کە لە خانووە دارینەکە کەوتبوونە سەما، لەو کاتەدا لە پڕ سەدای مڕاندن فەزای وەحشەتناکی شکاند، ئاژەڵێ کە وێنەیان هەرگیز نەبینیوە هێرشی کردە سەریان، ئەوەشیان (باک) بوو، تۆفانی زیندووی توڕەیی لەگەڵ قودەرتی وێرانکەری هێرشی بردە سەریان، کەوتە سەر سەری یەکەمین پیاوێ کە

هەڵسایەوە (کە سەرۆکی هۆزی یەهت) بوو، بە یەکجار گەرووی هەڵدڕیو خوێن فیچقەی کرد، سەیری ئەوەی نەکرد تا کوشتەی دەستی خۆی چاوەڕوان بکات، لەگەڵ هەڵبەزینەوەی برووسک ئاسا بە دووەمین پیاو هاتە خواریو ئەویشی بە دەردی یەکەم برد، هیچ کەسێ توانای بەرگری نەبوو، (باک) کەتبووە ناویانو دەیدڕینو دەیمڕاندو دەیکوشتن، ئەوەندە بە خێرایی پێشڕەوی دەکرد کە وەکو باران تیر بەسەریا دەباریو نەیان دەپێکا، لە راستیدا دەبێ بڵێین بە رادەیەکی وا خێرا هێرشی بردە سەر سوورپێستەکانو لە خافڵەتیدا دەیگرتن، کاتێ تیری تیژیان تێدەگرت، لەلای بەرامبەریانەوە بەخۆیان دەکەوتەوە، راوکەرێکی گەنج کە تیری بۆ (باک) دەهاویشت تیرەکەی ئەوەندە سەخت بوو کە لە سینەی راوچیەکی تر چەقیو سەری لە لەشیدا هاتبووە دەرێ، وەحشتێکی کوشندە بوو کە ببووە بژێوی ئەو هۆزە، تێکڕا بە ترسو لەرزێکی زۆرەوە لەحاڵێکا هاواریان دەکرد (ئەهریمەن هاتووە) بەرەو جەنگەڵ پێیان لێدەناو رایان دەکرد، بەراستیش (باک) ئەهریمەن بوو، بە دوایانا رایدەکردو دەیمڕاند، وەکو (مامزە کێوی کە دیل کرابێو بە زەویدا دەکوتان) ئەو رۆژە بۆ هۆزی (یەهت) رۆژێکی شوم بوو، لە سەرانسەری دەشتا پەراگەندە بوو بوون، تا هەفتەیەک لە خوارەوەی دۆڵەکانەوە نەهاتنەوە سۆراغی یەکتری، تا ئەوانەی ماون ژمێرکۆیان بکەن، (باک) کە ئیدی بە دوای ئەوانەوە ماندوو بووو گەڕایەوە خانوچکەو چادرە جێهێڵدراوەکە،(پیت)ی دیت کە لەهەمان هێرشی یەکەمدا لە خافڵەتی گیرابووو لە میانی پەتۆیەکانیەوە مردبوو، هێشتا (ترنتۆن) بە سەر زەمینەوە لنگی دەکوتا (باک) تا گۆلێکی قوڵ بەدوایا چوو، لەوێدا (ئەسکیت)ی کە تا دوا دەم وەفادار بوو سەرو دەستی لە ئاوێدا نقووم کردبوو، گۆلێ بە دەلیلی تەختەبەندی زێڕاوی رەنگی گۆڕابوو، ئەو شتەی کە لە خۆیدا پەنای دابوو بە تەواوی لە چاو پەنهان بوو بوون، لاشەی (ترنتۆن) لەژێر ئاودا بە چاو نەدەبینرا، چونکە (باک) لاشەکەی تا گولێ بردبووو شتێ لە ئاوێدا نەهاتبووە دەرەوە، تەواوی رۆژ (باک) لەکەنار گۆڵەکەدا بە خەمێکی زۆر بردیە سەر، جار جارە بڵند دەبووو بە نارەحەتی بە دەوری چادرا دەسوڕایەوە، بە فەرامانڕەوایەتیەکی بێدەنگەوە مردنو ون بوونی زیندووەکانەوە هەستی بە مەرگ دەکرد، ئیتر پەی بەوە بردبوو کە (ترنتۆن) لە دەست چووە، ئەو راستیە لە بوونیدا هەستێکی خاڵیو تەنهایی هێنا بووە کایەوە، هەستێ کە لە برسیەتی دەچوو، بەردەوام لوورەی دەهات، نەیدەتوانی شتێک بخوات، کاتێک کە رادەوەستاو سەیری لاشەی خەڵکی هۆزی (یەهت)ی دەکرد ئەو

دەردەی لەبیر دەکرد، لەو جۆرە ساتانەدا هەستی بەوە دەکرد کە عزورێکی پڕ شکۆ لە بوونیدا دروست بووە، عزورێ لە شانازی رابردوویەوە بەڵام مەزنترو شکۆمەندتر بوو، مرۆڤ کە گەورەترین نێچیر بوو کوشتبووی، ئەو کوشتارەش لە ژێر چاودێری یاسای (پەیاغو دانی ئەنجامی دابوو) لاشەکانی بە بزۆکیەوە بۆن دەکرد چەند بە ئاسانی کوشتبوونی، کوشتنی سەگێکی (ئەسکیمۆ) بە پلە لە کوشتنی مرۆڤێک دژوارتر بوو، یانی ئەگەر خوترمەو بیوریان نەبوایە هەرگیز نەدەبوونە دوژمنی، هەستی بەوە کرد کە ئیتر لە مرۆڤ ناترسێت، مەگەر بەوەی کە نێزەو تیرو خوترمەیان لە دەست دابێ، شەو داهاتو تۆپەلەی مانگ لە بەرزایی درەختەکانەوە لە ئاسمان هەڵات رووناکی مانگەشەو ئاوا زەوی رۆشن کردبۆوە، کە وەک بڵێی تارماییەکە لە رۆژێدا، بە هاتنی شەو (باک) بە هەمان جۆر کە لە کەناری گۆڵە ئاوەکەدا لوورەو گریەو زاری بەرز دەبۆوە، چوو بووە ناو خەمێکی فراوان، لە پڕ جولەیەکی بینی کە بە جولەی خەڵکی (یەهت) دەچوو، بۆیە بڵند بۆوەو گوێیەکانی خۆی قوڵاغ کردو بۆنی کرد، لە دوورەوە سەدای زمەزمەیەگی بیست پاشان سەدی زەمزەمەیەکی بە کۆمەڵ کە لە هەمان سەدای یەکەم دەچوو، هاتە گوێ، هەرچەند زەمانە رادەبرد سەدایەکان بەرزتر دەبونەوە، جارێکی دی ئەو سەدایەی هەر وەک چۆن هاوارەکە کە لە دنیای تایبەتی خۆیدا بیستبووی بەر گوێی کەوت، زۆر شتی بە بیر هێنایەوە چووە نێو فەزای خەڵوەتو گوێی خۆی سووک کرد، هەمان هاوارو سەدا بوو هاوارێ بوو کە چەند بەشێکی جۆراو جۆری هەبوو، بەم جیاوازیە کە ئەو جارە فەرمانبەردارتر هەڵخەڵەتێنتر بوو، (باک) بە چەشنێکی بێ رابردوو ئامادەی گوێڕایەڵی کردنی بوو (ترنتۆن) مردبوو، پەیوەندی لەگەڵ دونیای شارستانیەتەوە پچڕابوو، هیچ بانگێکی دیکەی ئینسان ئەوی بە شتێکەوە پابەند نەدەکرد، گەلەی گورگان لە حاڵێکا کە خۆراکی خۆیان لە بوونەوەری زیندوودا وەردەگرن، تا رانی لووس‌و چەوری ئاسکە کۆچەریەکان، (دروست وەکو هۆزی یەهت)یان دەخوارد، سەرەنجام لەو دەشتو دەرو بێشەڵانی رووبارەوە تێپەڕین، ترکو خوا هاتنە نێو ئەو دۆڵەی کە (باک)ی لێبوو، لەژێر رووناکی مانگەشەوا وەک چۆن لافاوی خاویزیوین رژانە ئەوێ، لە نێوانی ئەو فەزایە خاڵی‌و ئارامەدا (باک) بەبێ جولە دروست وەکو پەیکەرێک راوەستابوو، چاوەڕوانی هاتنیان بوو، ئەوەندە قیتو مەزن وەستابوو کە گورگەکان کەوتنە وەحشەت، ساتێک لە شوێنەکەی وەستان تا ئەو کاتەی ئازاترینیان بەلای (باک)دا هاتو (باک) بە خێراییەکی بروسکە ئاسا هەر لەوێدا گەردەنی

شكاند، پاشان بەبێ جوله هەروەكو جاری پێشوو وەستایەوە لە حاڵێكا كە گورگی گەردەن شكاو لە پشتی سەریەوە گیانی دەدا سێ گورگی دی یەک لەدوای یەک بە خێرایی تامی ئەو بەڵایەیان چەشت، هەریەکە لە حاڵێکا کە خوێن لە شانو گەروویان فیچقەی دەكرد پاشەكشەیان كرد ئەو مەیدانە بەس بوو كە هێرشبەران پەریشانو نارێكو لە شەوقی كوشتنی دوژمنیان بڕژێنە سەر (باك)، بەڵام چاپوكی لە رادەبەدەری (باك) ئەوانی دەگەڕاندەوە سەر جێگەی خۆیان، بۆ هەر هێرشیكی لەناكاو (باك) تەواوی ئامادەیی خۆی وەرگرتبوو، بەسەر پێیەكانیەوە دەسوڕایەوە چنگی لێگیر دەكردنو بە كەڵبەكانی دەیگرتن، چاوەكانی لە دوژمن هەڵنەگرت، ئەوەندە بە خێرایی دەسوڕایەوە دەوروبەری خۆی خستە ژێر چاوەدێریەكی توندو ماوەی بە كەس نەدەدا شكستی پێ بخوا، بۆ ئەوە لە پشتەوە را هێرشی نەكرێتە سەرلە گۆڵە ئاوەكە تێپەڕیو گەیشتە رووبار، ئەوەندە رۆیشت تا گەیشتە لای تاشەبەردێكی گەورەو زەبەلاح لە حاڵێكا كە لەو گۆشەیەدا دەچووە پێشەوەو پاشەوە سێ لای خستە ژێر پەنجەكانی خۆی روو بەڕوو هێرشی كردە سەر دوژمنەكانی، ئەوەندە جەنگی لە دوای نیو سەعات گورگەكان شكانو گەڕانەوە پاش، گورگەكان زمانیان دەرهێنابوو لەلەیان دەكرد، ددانی چەرموویان لە ژێر نوری مانگەشەودا زاڵمانە دەدرەوشایەوە، لە حاڵێكا ژمارەیەكیان لە حاڵێكا بۆ سەرەوە بەرز كردبوەوەو گەردەنیان بۆ پێشەوە بردبوو، لەسەر زەویەوە درێژ بوو بوون، ژمارەیەكیشیان بەسەر دەستو پێوە وەستا بوونو تەماشای (باك)یان دەكرد ئەوانی دیش لە گۆمێدا ئاویان دەخواردەوە، لەو كاتەدا گورگێكی سپی هەڵكشاو لەڕولاوازو رەنگ خۆڵەمێشی بەبێ ئاگا لەخۆ بوونەوە دۆستانە هاتە پێش، لە چاوقوچانێكا (باك) ئەو برادەرە جەنگەڵیەی كە لەگەڵ ئەودا شەوو رۆژێك پێكەوە رایان بواردبوو، لەگەڵ یەكا كەوتنە راكردن، یەكتریان ناسیەوە، ئەو گورگە بە ئارامی دەیلوراند، پاشان (باك)یش لوراندی ئەو دووە لموزیان بە لموزی یەک دادەهێنا، پاشان گورگێكی پیرو ئێسقانیو جەنگ دیتە هاتە پێش (باك) لێوەكانی خۆی بە مڕاندن خڕ كردەوەو بەڵام لوتی خۆی لە لوتی گورگە پیرەكە سواند، بێ چەندو چۆن پیرە گورگ  پاش ئەو كارە بەسەر زەویدا وەركەوت، ئەو گورگە لموزی خۆی بەرەو مانگ بڵند كردو لورەیەكی تایبەتی كرد، گورگەكان بە كڕی وەركەوتبوون، ئەوانیش لوورەیان بۆ كردو لەو ساتەدا بوو كە ئەو ناڵەیە لەدەنگ دانەوەیک كە وێنەی نەبوو، لە بوونی (باك)دا تەواو بوو، (باك) لە گۆشەی ئەو لادا هاتە دەرێو گەلەگورگ بە دەوریا ئەلقەیان بەست، بە جۆرێكی نیوە دۆستانەو

تا سنووری وەحشیانەش ئەویان بۆن دەکرد، پیرە گورگ کە نالەیەکی کزی لێوە دەهاتو خزانە نێو بێشەڵانەوە گورگەکانی دی لە کاتێکا کە بە هێمنی دەیانلوراند بە دوایانەوە رۆیشتن، (باک) بە دوایانەوە رای دەکردو شان بە شانی هاورێیە جەنگەڵیەکەی دەرۆیشت، لە حاڵی بزافتندا بەلاسایی کر د نە و ە یا ند .

ئێرە دواپێهێنانێکی لەبارە بۆ داستانی (باک)،ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕی کە (یەهت)یەکان کەوتنە سەر ئەوەی پێستی گورگان بگۆڕن هەندێ لە گورگەکان تووکی سپیو لموزیان قاوەیی بوو، رەگێکی مووی سپی لە ناوەندی سینەیان رای دەکرد...بەڵام جوانتریش لەمەیان داستانێکە کە هۆزی (یەهت) لەبارەیانەوە دەدوێن کە تارمایی سەگێکە لە پێشەوەی دەستەی گورگەکانەوە رایدەکرد، (یەهت)یەکان لە تارمایی ئەو سەگە دەترسان، چونکە هەستیان بەوە دەکرد ئەو سەگە لە پلەیەکی کارامەتر لەوانەوەیە، زستانی سەختو بەفرانبار لە چاوی ئەوانەوە دزەی دەکرد، لە تەلەیێ کە بۆ راو کردنیان دانابۆوە، نێچیرەکانی دەدزیو سەگەکانی دەکوشتو ئازاترین راوچی ئەوانی دەخستە وەحشتەوە، داستانی ئەو لە هەمان ئەو جێیەدا تەواو نابێ، بەڵکو لەوەش بەدتر دەبێت، بوونی راوچیان کە هەرگیز نەدەگەڕانەوە چادرەکانیان، هەروەها هەندێ راوچی دی هەبوون، کە (یەهت)یەکان بینی بوویان لە حاڵێکا کە گەرویان هەڵدڕابوو، شوێنەواری پەنجەی گورگانێ کە زەبەللاحترین گورگ بوون، پێوە دیار بوو، نیوە روح بووبوون و لە گیانەلادا بوون، هەموو پاییزێ کە (یەهت) یەکان بەدوای ئاسکان دەکەوتن، دۆڵێکی تایبەتی هەبوو کە هەرگیز کەسێ پێی لەوێ نەدەنا، ژنانێکیش هەبوون، کاتێ کە لە تەک ئاگردا قسەیان دەربارەی ئەهریمەنی هەڵبژاردەوە گوی لێ دەبوو، کە گوایە لەو دۆڵەدا دەژیا، دڵیان دەلەرزیو بە توندی نارەحەت دەبوون، بەکورتی ئەوە بوو، کە ئەو دۆڵە هاوینیە زیارەتچیەکی هەبوو هۆزی (یەهت)ی لێ بێ خەبەر بوو، ئەو گەشتیارە گورگێکی دێو پەیکەری پڕ لە شکۆیە لە حاڵێکا کە وەکو گورگەکانی دی دێتە بەرچاو، بەڵام لەوانیش نیە، ئەو دەشتو بێشەڵانانە تەی دەکاتو دەچێتە نێو فەزای خەڵوەتی نێوان درەختەکانو کەناری جۆگە ئاوێک کە رەنگی ئاوەکەی زەردباوە، بەسەر کیسەی داکەلاوی پێستی مامزەوە رادەبرێ، لە سەر زەویەک کە گیاوگۆلی سەوزو بڵندن، دەچێتە خوارەوەو گیا لاولاوەییەکانی سەر رووبار دەگرێت، لە حاڵێکا زەردایی زێڕینی ژێر ئەو زنارو لاولاوانە هەتاوی پێ ناکەوێ، ماوەیەک ئەو گورگە لەوێدا دەمێنێتەوە، بەر لەوەی بگەڕێتەوە نالەیەکی تێکەڵ بەخەمو پەژارە،

لە ناخەوە سەردەد، بەم حاڵەوە ئەو گورگە بە تەنها نیە، شەوانی ساردو درێژی زستان کاتێ کە گورگەکان بە دوای گۆشتو بژێویو خۆراکی خۆیانەوە روو دەکەنە گەلیە کەم بەرزەکانەوە، ئەو گورگەش هەر لە میانی ئەوانەوە دەبینرێت، لە ژێر رۆشنایی رەنگ پەڕیوی مانگەشەوو کاکێشانی سپی باکوردا، لە پێشەوەی ئەو کۆمەڵە گورگەوە رادەکاتو کەڵەشیشی لە هەموو ئەوانەوە گەورەترەو هەڵبەزینەوەشی لە هەموویان درێژتر، ئەو ناڵەو هاوارو سەدایەش کە لە گەرویا دەنگ دەداتەوە لایەقترە، هەروەها ئەویش لەگەڵ گورگەکانی دی، سروودی دونیای شۆخو شەنگ دەچڕێت.

پیرانشار – خانێ – : ١٩٨٢/٦/٢٤